KURDISTAN




# بەخشینی بڕوانامەی دوکتۆرای شانازی
# بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

کوکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێرست:


١- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری پێدرا ........................................ ٣

٢- ڕێورەسمی بەخشینی بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری بە مامۆستا عبدالله حسن زادە ...................................... ٥

٣- چەند بۆچوون سەبارەت بەخشینێ بڕوانامەی دوکتۆرای شانازی بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە .................. ٢٦

* دکتۆراکەی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتیش - ە .................................. ئەنوەر حسێن (بازگر)

* چەقۆکەی دەستی بابم ................................................. ئاسۆی حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتی حدک

* زانکۆی کۆیە دکتۆرای فەخریی بە مامۆستا عەبدوڵای حەسەنزادە بەخشی ................. مامۆستا عبدالكريم شێخانی

* قادر وریا نووسەر و ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک

* عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک

* حەمەرەسووڵ کەریمی بەرپرسی ماڵپەڕی گیارەنگ ئەندامی ڕێبەری حدک

* ژیوار ڕەسووڵی ڕۆژنامەوان

* رەشید قازی نووسەر و چالاکی سیاسی

* بۆ مامۆستای روحیم مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ................................. رەحمان حەسەن زادە(شیوەسەڵی)

* عەبدوڵا حەسەنزادە.. دکتۆرا لە پێناو نیو سەدە خەبات ..................................................... هیدایەت جان

* ئەدیب کاسرایی

* عوسمان کەوکەبیشاد

٤- بەشێک لە کورتە نامەی دیواری فەیس بووکی ڕێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ................................ ٤٨

٥- بەشێک لە کورتە نامەی دیواری فەیس بووکی دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە ............................................. ٧١

٦- سوپاسنامەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە پاش وەرگرتنی دوکتوڕای فەخری ..................................... ٩٣

٧- ئالبۆمی وێنەکان ................................................................................. ٩٦




سەرچاوە
Serchawe

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری پێدرا




پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ١٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ی هەتاویی (١٠ی مارسی ٢٠١٩ی زایینی) لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا سەرۆکاتیی زانکۆی کۆیە بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری لە بواری وەرگێڕان، بە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیاسەتمەدار و ئەدیبی ناسراوی کورد بەخشی.

ڕێوڕەسمەکە بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەدیبان، نووسەرانی کورد، ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی دیکە دەستی پێکرد.

سەرەتا دوای هاتنە سەر شانۆی ئەنجوومەنی زانکۆی کۆیە، بۆ ڕێزلێنان لە یاد و بیرەوەریی بەڕێوەبەری بەرنامەی ڕێوڕەسمەکە، کورتەیەکی لە سەر ئامانج لە بەخسینی ئەو بڕوانامەیە باس کرد و، ڕایگەیاند؛ کە زانکۆی کۆیە بە مەبەستی ڕێزگرتن لەو کەسایەتییانەی کە لە ژیاندا ماون چەند جارێک هەوڵی هاوشێوەی بەخشینی بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری ئەو زانکۆیە داوە، کە دوای بەخشینی ئەو خەڵاتە بە بەڕێزان دوکتور عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، د. کەماڵ مەزهەر و مام جەلال تاڵەبانی، ئەمجارە ئەنجوومەنی زانکۆی کۆیە بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادەی هەڵبژاردوە و بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری پێ دەدا.



سەرچاوە
Serchawe

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا کورتە فیلمێکی لە سەر مێژووی بەخشینی خەڵاتی دوکتورای فەخری بەو سێ کەسایەتییە پایەبەرزەی کورد پیشان درا و، دواتر کورتە فیلمێکی دیکیۆمێنتی تایبەت بە ژیانی ئەدەبی و سیاسیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پیشان درا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا وتاری سەرۆکایەتیی زانکۆ بەو بۆنەیە لەلایەن دوکتور حەیدەر لەشکەری پێشکێش کرا. لە وتاری سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیەدا ئاماژە بە هۆکاری دەستنیشان کردنی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ پێدانی بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری درابوو، هەروەها لەو وتارەدا ئاوڕێک لە تایبەتمەندییەکانی قەڵەمی حەسەنزادە بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕاندا درایەوە.

لە بڕگەیی دیکەدا سەرۆکی زانکۆی کۆیە دوکتور وەلی مەحموود لە لایەن سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیەوە بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری ئەم زانکۆیەی بەفەرمی پێشکەش بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کرد، کە بە گەرمی لە لایەن ئامادەبووانی ئەو ڕێوڕەسمەوە بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لێکرا.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا دوکتور ڕێبوار سیوەیلی بە نوێنەرایەتیی ئاکادیمیای زمانی کوردی چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و پاشان دوکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، سەرۆکی ئاکادیمیای زمانی کوردی بانگهێشت کرد بۆ بەخشینی بڕوانامەی ئەندامەتیی فەخریی ئەو ئاکادیمیایە بە ئەدیب و تێکۆشەری پایەبەرزی کورد مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە. پاشان ڕەسووڵ سوڵتانی شاعیر و وەرگێڕ، لە وەسفی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەدا پارچە شێعرێکی پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە چەند وتەیەکی بەنرخی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد و، لە قسەکانیدا وێڕای باسێکی کورت لە سەربردەی ژیانی ئەدەبی و سیاسی خۆی، سپاسی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیەی کرد بۆ ئەو خەمخۆرییە نەتەوەییە. هەروەها تێکۆشەری دێرینی کورد کاک جەلیل گادانی وەکوو هاوسەنگەر و هاوڕێی دێرینی بەڕێز حەسەنزادە، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

لە کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا پاش خوێندنەوەی کۆمەڵێک پەیامی پیرۆزبایی لایەن و کەسایەتییەکان کە بۆ ئەو ڕێوڕەسمەیان ناردبوو، لە لایەن دوستان و ناسیاوان و بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەپکە گوڵەوە پیرۆزبایی لە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کرا.

شایانی باسە بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەپکە گوڵەوە لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداریی کرد و، هەروەها بەڕێز عومەر باڵەکی بە نوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسی، چەپکە گوڵی ڕێزلێنانی پێشکەش بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کرد.

ئەو ڕێوڕەسمە بە گرتنی وێنەی یادگاری کۆتایی پێهات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩

## ڕێورەسمی بەخشینی بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری بە مامۆستا عبدالله حسن زادە لە لایەن زانکۆی کۆیەوە

### د. عوسمان دەشتی:

هەموو لایەک بەخێر بێن.

«پێم نا بە دڵی خاکەوە، باسی دڵداریی باران و خۆی بۆ کردم
گوێم نا بە دڵی ئاوەوە باسی خۆشەویستیی خۆی و سەرچاوەی بۆ کردم
گوێم نا بە دڵی دارەوە باسی خۆشەویستیی خۆی و گەڵاکانی بۆ ئەکردم
کە گوێشم نا بە دڵی خۆشەویستی خۆیەوە باسی سەربەستیی بۆ کردم
کاتێکیش لەسەربەستی ورد بوومەوە باسی ڕووبارێکی کەڵەگەت و
تەمەنێک لە پلیکانەی هەتاو و
قەڵەمێکی ردێنسپیی تەمەن هەشتا و یەکساڵەی حەسەن زادەی بۆ کردم.»

کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان بە ناو و نیشانی «مەراسیمی بەخشینی بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری بە بەڕێز مامۆستا عبدالله حسن-زادە»یە. دەسپێکی مەراسیم، داوا لە بەڕێزان، ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە دەکەین تەشریف بێنن، بێنە ژوورەوە.

بەخێرهاتنی سەرۆکی زانکۆ و ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە دەکەین کە تەشریفیان لەسەر سەکۆی شانۆیەکە ئامادە بوون. ئێستاش بۆ دەسپێکی مەراسیمەکەمان دەقیقەیەک ڕاوەستان بە بێدەنگی لە بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان.

«پیاوێ لە هەڵوێست، وەختێ هەڵوێست ئەبێ بە شاخ،
پیاوێ لە شەپۆل، وەختێ شەپۆل ئەبێ بە پەڕەی ڕۆژنامە

پیاوێ لە وشە، وەختێ وشە ئەبێ بە گوڵی گەنم و جۆ
پیاوێ لە رەنگی سادەیی، وەختێ سادەیی ئەبێ بە ئاوی کانی
لە دواییش دا
پیاوێ لە دارسێو، وەختێ کە سێو ئەبێ بە ئەوینە لاسوورەی گشت وڵات و
هەموو ساڵێ بەشی هەموومان ئەگرێت و خۆشمان ئەوێ.»

یەک لە شانازییەکانی زانکۆی کۆیە دەسپێشخەر بووە وەکوو دابێک رێزی لە نووسەرو ئەدیب و کەڵە زانایانی کورد گرتوە کە هێشتا لە ژیاندا ماون. رۆژی پێنجشەمە لە دانشتنێکدا لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ گوتم: هەژاری موکریانی لە ساڵی ٧٠ لە گۆڤاری شارەوانیی هەولێر کە ناوی «هەولێر» بوو، مەقالەیەکی نووسیوە، وتارێکی نووسیوە دەڵێ: لە لای ئێمەی کورد مردوو کە مرد لینگی درێژ ئەبێتەوە. مەبەستی ئەوەیە بڵێ ئێمە زانا و دانا و شاعیر و ئەدیب و پیاوە ناودارەکانمان تا لە ژیاندا ماون قەدریان نازانین، رێزیان لێ ناگرین، خەڵات و بەرات و دیاری و ئەوەیان پێشکێش ناکەین تا ئەو کاتەی دەمرن. کە دەچنە گۆڕەوە ئەوجار ئێمە پێیاندا هەڵدەڵێین؛ شانی وابوو، باڵی وابوو، شاعیری وا بوو، زانای وا بوو، کەڵەزانای وابوو. دەڵێ وا باشە بە زیندوویی سەریان ئێمە رێزیان لێ بگرین، قەدریان لێ بگرین. ئێمەش لە زانکۆی کۆیە بەش بەحاڵی خۆمان ئەوەمان پیادە کردوە.

یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری لەلایەن زانکۆی کۆیەوە بەخشرایە بەڕێز پرۆفیسۆر د. عزالدین مصطفی رسول لە پای خزمەتە زۆرەکانی لە بواری زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و رووناکبیریی کوردیدا. ساڵی ٢٠١٣بڕوانامەی دوکتۆرای فەخریمان بەخشییە مێژوونووسی ناوداری کورد کەمال مەزهەر ئەحمەد کە باوکی مێژوونووسیی نوێی کوردە و بۆی هەیە کورد شانازیی پێوە بکا . لە ساڵی ٢٠١٥ دا بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری لە بواری یاسادا بەخشرایە سەرکردەی مێژوویی کورد بەڕێز مام جەلال. ئەمساڵیش یەعنی موبادەرەیەکی دیکە بۆ بەشێکی دیکەی رۆژهەڵات کە ئەوەش لاپەڕەیەکی شەرەف و شانازییە بۆ هەموومان و بۆ زانکۆکەشمان کە رێز لە مامۆستا عبدالله حسنزادە بگیرێت و بڕوانامەی دوکتۆرای شانازی و فەخریی زۆر بە جەدارەتەوە پێ ببەخشرێ.

**بەڕێزەکان!**

رەنگە زۆرمان هەر نەبووبووین کە ئەو پیاوە کوڕی شاخ و کوڕی بەفر و پێشمەرگە بوو.

بەڕێزەکان!

ئێوە زۆرتان هەر نەبووبوون کە ئەو پیاوە هەڵۆیەکی بەرزەفڕی سەر «قەندیل» و سەر «دالاهۆ» و «سەگرمە» بوو.

ئێستا برگەیەکی ترمان هەیە تەبعەن ئەوەی خوێندەواری کوردە کە بابەتەکانی مامۆستا حسنزادە دەخوێنێتەوە دەڵێ ئەوە بە کوردی نووسراوە، یەعنی هەر رەسەنی بابەتەکە بە کوردی نووسراوە و وەرگێڕان نیە. ئەوە لە زۆر خەڵکم بیستوە. مەسەلەن دەڵێن «حەمەدۆک» ناکرێ بە زمانێکی دیکە نووسرابێ، ئیللا دەبێ بە کوردی نووسرابێ. یەعنی ئەوە دەلالەت لە پاراویی زمانی وەرگێڕانەکەی مامۆستایە، ئیتر رەنگە بۆخۆتان لە نزیکەوە باشتر شارەزا بن، پێویست نیە لێرە وەسف و تەعریفی بکەم. بەڵام بابەتەکەمان وا دەخوازێ کورتە بیووگرافیا، کورتە ژیننامەیەکی مامۆستا عبدالله لەم مەراسیمەدا پێشکێش بکەین:

## ژیاننامەی مامۆستا عبدالله حسنزادە

عەبدوڵڵای حەسەنزادە لە پاییزی ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی سیسێری ناوچەی سەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. لەبەر ئەوەی لەو سەردەمدا گوندەکان قوتابخانەیان لێ نەبووە، لە حوجرەی فەقێیان نراوەتە بەر خویندن و زانستە ئاییینییەکانی تەواو کردوە.

هەر لەمێرمنداڵییەوە بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ساڵەکانی ١٩٦٧ و ١٩٦٨ کە بزووتنەوەیەکی چەکدارانە لەلایەن ئەندامانی حیزبی دێموکراتەوە بە دژی رێژیمی شا بەڕێوە چووە، حەسەنزادە بە هۆی فشاری رێژیمەوە ناچار بووە پەنا بەرێتە بەر کوردستانی عێراق و لەوێ لەگەڵ ژمارەیەک لە رێبەرانی حیزبی دێمۆکرات لە هەندەران هەوڵیان داوە رێکخستنەکانی ئەم حیزبە زیندوو بکەنەوە. ساڵی ١٩٧٠ کە بەیاننامەی ١١ی ئازار لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە دەرچوو، د. عەبدولڕحمان قاسملوو لە ئورووپاوە هاتەوە عێراق و لەگەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات و یەک لەوان عەبدوڵڵای حەسەنزادە ئەو حیزبەیان سەرلەنوێ داڕشتەوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی ئینقلابی ئیران لە سالی ١٩٧٨، حەسەن زادە وێڕای دکتۆر قاسملوو و ژمارەیەکی دیکە لە تیکۆشەرانی حیزب کۆمیتەیەکیان بە ناوی زاگرۆس پێکهینا بۆ ئەوەی بە نهێنی بچنەوە ئێران و حەسەنزادە گەڕایەوە مەهاباد. لە پاش سەرکەوتنی ئینقلاب و هێرشی سەربازیی دەسەڵاتی تازەی ئیران بۆ سەر کوردستان هەوڵی کوردەکان بریتی بوو لە

چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە. بۆ ئەو مەبەستەش کوردەکان وەفدێکی نوێنەرایەتییان بۆ وتووێژ لەگەڵ حکوومەت پێک هێنا کە عەبدوڵڵای حەسەنزادە یەکێک لە ئەندامانی ئەو دەستەیە بوو. هەر لەو چوارچێوەیەدا ناوبراو چەند جارێک لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی دیداری بووە.

عەبدوڵڵای حەسەنزادە بە یەکێک لە نزیکترین هەڤاڵانی د. عەبدولڕحمان قاسملوو ناسراوە و لە سەردەمی سکرتێریی قاسملوودا، بە جێگری قاسملوو هەڵبژێردراوە. ئەو لە ساڵی ١٩٩٥دا بە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات هەڵبژێردرا و تا نزیک بە دە ساڵ دواتر کە بەویستی خۆی دەکشێتەوە، ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەی کرد.

حەسەنزادە ئەکتەرێکی چالاک و ئاگاداری زۆر بڕگە و ڕووداوە گرینگەکانی شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بووە و دۆستایەتیی و تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی کورد و سیاسییە بیانییەکانی دۆستی کورددا هەبووە.

جگە لەکاری سیاسی، عەبدوڵڵای حەسەنزادە وەکوو زمانزان و ئەدیبێکی بەتواناش ناسراوە. بەرهەمەکانی لە بواری نووسیندا بریتین لە "نیو سەدە تێکۆشان" کە تەواوکردنی مێژووی حیزبی دێموکراتە کە کاتی خۆی د. قاسملوو دەستی پێ کردبوو، "ئەزموونی خەبات" کە بیۆگرافیی خۆیەتی و لە شکڵی وتووێژێکی دووروودرێژدا ئەنجام دراوە، بە دەیان ناmیلکەی سیاسی و فیکری کە بۆ حیزبەکەی نووسیوە و زیاتر لە سێ هەزار وتاری سیاسی و ئەدەبی کە زۆربەی کات بە بێ ناوی خۆی بڵاو بوونەوە. ئەو هەروەها سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە کە شارەزایانی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان بە یەکێک لە سەرچاوە بەنرخەکانی زمانی پاراویان داناوە.

ناوبانگی ئەدەبی عەبدوڵڵای حەسەنزادە زۆرتر لە ڕێگای وەرگێڕانەوەیە کە ئەوی وەک یەکێک لە زمانپاراوترین ئوستادەکانی زمانی کوردی ناساندوە. بەشێک لە بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی بریتین لە : لە فارسییەوە، :"واقعییەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م. ماکان"، "گێلەپیاو"ی عەزیز نەسین، "بیرەوەریی دوورخراوەیەک" لە هەمان نووسەر، "حەمەدۆک"ی یاشار کەماڵ، "دان چەرموو"ی جەک لەندەن، "نزا بۆ ئارمین" نووسینی ئیبراهیمی یوونسی، "هەتاو" نووسینی عەلی ئەشرەف دەرویشیان، "سەرکەوتنی بێ سنوور" نووسینی ئانتۆنی رابینز، "مەتەڵۆکەی هووەیدا" نووسینی عەباس میلانی،«خولیا و مەرگی قاسملووی کورد» نووسینی کارۆل پروون هووبێر، "پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە" نووسینی ڕۆئیا حەکاکیان. حەسەن-زادە چل ساڵ پێش ئێستا کتێبی "کوردستان و کورد"ی د. قاسملووی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە کە لە بواری بەکوردیکردنی زمانی زانستیدا بۆ ئەو سەردەمە کارێکی پێشەنگ و نموونەیی بووە. ئەو هەروەها پاشەرۆکێکی بەناوی "گوڵ چنینەوە" بۆ فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەکەی هەژاری موکریانی نووسیوە کە ئەو وشانەی لە خۆ گرتوون کە لە فەرهەنگەکەدا نین. هەر لە

بواری وشەنامەدا، کاتی خۆی لەگەڵ کاک حەمەی مەلا کەریم فەرهەنگۆکی پێکەنینی گەدای حەسەن قزڵجیی نووسیوە.

سەرکردەکانی کورد و دۆستانی گەلی کورد حەسەنزادەیان وەک سیاسییەکی رووناکبیر و رووناکبیرێکی شۆڕشگێر و رێبەرێکی وردبین و بەئەزموون وەسف کردوە. نووسەری بەناوبانگی فەڕەنسی کریس کۆچێرا دەڵێ؛ حەسەنزادە لە سەختترین دەورانی ژیان و خەباتی حیزبەکەیدا سەرکردایەتیی ئەو حیزبەی گرتە دەست و ئەگەر ژیریی ئەو نەبووایە پەڕینەوە لەو دەورانە زەحمەت بوو. سەبارەت بە کەسایەتیی حەسەنزادە، دوکتۆر ئەوڕەحمان حاجی مارف وێڕای ئاماژە بە پێوەندیی حەسەنزادە و مەسعوود محەممەد دەڵێ: «بەڕاستی کاتێک مێهرەبانی و تەوازوعی عەبدوڵڵای حەسەنزادە دەبینی بۆت دەردەکەوێ کە ئەو چەندە مرۆڤێکی گەورەیە.» دوکتۆر کەماڵ مەزهەر : «مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە دەمێکەوە ئەناسم. پیاوێکی زۆر لەسەرخۆو کوردێکی یەکجار دڵسۆزە. وەک بۆم گێڕایتەوە ئەگەر ئەو و محەممەدی حەسەن پوور نەبوونایە، کتێبەکەم ، «کەرکووک و دەوروبەری»، رۆشنایی نەئەدی. بە هۆی ئەوانەوە هەر شتێکم هەبووبێ بینێرم بۆ سەرەوە، نەک هەر ئەو کتێبە، هەرشتێک، هەر پرسێک بینێرم بۆ سەرەوە یان لە سەرەوە رەهبەرانی کورد پێویستیان بە وەڵامێک بووبێ، لە رێگای مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە بووە، هەمووی. لەبەرئەوە زۆر زۆر رێزی هەیە لەلامان.» شێرکۆ بێکەس لەبارەی کەسایەتیی ناوبراو بە تایبەتی لەبواری ئەدەبیدا دەڵێ: «عەبدوڵڵای حەسەنزادە کەسایەتییەکی بەهێز و رووناکە لە هەر سێ بوارەکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیدا. ئەگەر مەسەلەی سیاسی عەبدوڵڵا حەسەنزادەی بۆخۆی نەبردبایە، یەک لەوانە دەبوو کە بۆشایی گەورەتری لە ئەدەب و رووناکبیریی کوردیدا پڕ دەکردەوە. کوردییەکی جوان و رێکوپێکی هەیە، کە بەداخەوە ئێستا ئەو زمانە رەوانەی کە عەبدوڵڵای حەسەنزادە و کەسانی وەکوو ئەو بەکاریان دێنا کەم بۆتەوە و بە کەمی لەو نووسینە بێ گرێوگۆڵانە دەبینین کە لای ئەوان دەمان بینی.» نەوشیروان مستەفاش دەڵێ: «عەبدوڵڵای حەسەنزادە جگە لەوەی لە بواری سیاسیدا ئەزموونێکی قووڵی هەیە، هەروەها رۆشنبیرێکی گەورەی میللەتەکەمانە. ئەو نووسینەی کە ئەو پێی دەنووسێ، کوردییەکی رەوان و بێ هەڵەیە و جێپەنجەی بە ئەدەبیاتی حیزبەکەیەوە دیارە.». هەر لەوبارەیەوە عەبدوڵڵا پەشێو دەڵێ: «جێگای خۆشحاڵییە کە سیاسەتی زگماک نەیتوانی هەموو بەهرە و هێز و توانای حەسەنزادە و قزڵجی و هەژار و هێمنەکان بۆخۆی بەرێ، بەڵام ئەمڕۆ زمانی کوردی بە دژوارترین رۆژگاری خۆی دا تێدەپەڕێ. عەبدوڵڵای حەسەنزادە کە لە ساڵەکانی ١٩٧٠ی زایینیدا هاوکاری کۆڕی زانیاریی کورد لە ئێراق بووە، لەسەردەمی ئێستادا ئەندامی ئەکادیمای کوردییە. ئەو بەدەم چاوەڕوانیی رۆژی رزگاریی نەتەوەکەیەوە ئێستاش شەو و ڕۆژ بە کاری ورد و درشت پاسەوانیی خۆی لە زمانی پاراوی کوردی درێژە پێ دەدا.»

رۆژنامەوانی بەناوبانگی ئێرانی عەلیڕەزا نووریزادە لە وەسفی ئەزموون و کەسایەتیی سیاسیی حەسەنزادەدا پێی وایە کە لە سەردەمی ئێستادا حەسەنزادە لە نێو هەموو سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا دەتوانێ نەخشی باوک بگێڕێ.



سەرچاوە
Serchawe

## وتاری سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە

کە لەلایەن بەڕێز دوکتۆر حەیدەر لەشکر یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندن و توێژینەوەی زانستی پێشکێش دەکرێ با بفەرموێ:

**بەڕێزان!**
**میوانانی زانکۆی کۆیە!**
**بەڕێزان ئەندامانی ئەکادیمیای کوردی!**
**نووسەر و ئەدەبدۆستان!**
**مامۆستایانی زانکۆ، خوێندکارانی ئازیز!**

خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم بە ناوی تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە لەم مەراسیمە تایبەتە بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان بکەم. هاتنتان جێگەی ڕێز و ستایشی ئێمەیە.

**بەڕێزان!**

زانکۆی کۆیە ئەمڕۆ لە درێژەی بەخشینی بڕوانامەی فەخری یەکێک لە گەورە نووسەر و وەرگێڕانی کوردی بەسەر کردۆتەوە، کە ئەویش مامۆستا عبدالله حسنزادەیە. ئەوکەسەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە خزمەت زمان و ئەدەبی کوردیدایە. زۆرترین بەرهەمەکانیشی لە بواری وەرگێڕاندا بوون، کە بە وەرگێرانی سیاسی و مێژووییەوە دەستی پێکردوە و پاشان وەک وەرگێڕێکی ڕۆمان و چیرۆک و داستان لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا جێگەی خۆی کردۆتەوە. ئیدی بەرهەمە وەرگێردراوەکانی زیاتر لە ١٥ کتێب دەبن. ڕەنگە لە دیارترین و بەناوبانگترینیان «کوردستان و کورد»ی عبدالرحمن قاسملو کە ٨ جار چاپ بووە. «گێلە پیاوی»ی عەزیز نەسین کە ١٢ جار چاپ بۆتەوە، لە هەمووشیان بەناوبانگتر لە نێو ڕۆشنبیری کوردیدا ڕۆمانی «حەمەدۆک» ی ڕۆماننووسی ناوداری کوردی باکوور یەشار کەماله، کە ٣ بەرگەکەی چەندین جار چاپ کراونەتەوە، لەگەڵ دەیان دەقی دیی ئەدەبی نووسەرانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە وای کردوە وەک یەکێک لە دیارترین وەرگێڕانی کورد بناسرێ.

**بەڕێزان!**

وەرگێڕان ئامرازێکی گرنگی پێوەندییە، لە نێوان میللەتاندا. لە ئێستادا ئەو ڕێگایەیە کە دەشێ بمان گەیەنێتە ئاستی جیهانی پێشکەوتوو، چونکە لەڕێگەی وەرگێڕانەوە دەتوانین لەوە بگەین کە لە دنیای پێشکەوتوودا چی دەگوزەرێ. کولتوور، هونەرو زانستی ئەوێ لە چ ئاستێک دان و بە کوێدا دەڕۆن. لە ئێستای ئێمەدا کەس ناتوانی نکووڵی لە رۆڵی وەرگێڕان بکات. بە تایبەتی لە رووی کارپێکردنی کولتووریدا. ئیدی بۆتە کایەیەک کە ناکرێ پشتگوێی بخەین. چونکە پێداویستییەکی پێشڤەچوون و کرانەوەیە بەسەر دەرەوەی خۆماندا. وەرگێڕان کلیلێکی گرنگی دروستکردنی کۆمەڵگای مەعریفییە لەپاڵ کۆمەڵگا مەعریفییەکانی تری وەک زانکۆ و دەزگا ئەکادیمییەکانی تر. لە میانەی کردنەوەی دەرگای فرەچەشنی لە بیرکردنەوە و فرەجۆری لە خۆدەربڕیندا. دەمێکەوە ئەوە زانراوە کە وەرگێڕان تەنیا پەیوەست نیە بە حەز و ئارەزووی تاکەوە. بەڵکوو پەیوەستیشە بە گۆڕانە کولتوورییە جیهانییەکان، ئامرازێکە بۆ لێکتێگەیشتن و هاوزەمەنبوونی کۆمەڵە مرۆییەکان. لە پێناو کرانەوەی زیاتری ئەم کۆمەڵە مرۆییانە و دەوڵەمەندکردنی بوونی کۆمەڵایەتی و ئەوەی ژیانیان. لێرەوە وەرگێڕان زەمینەی هاوبەش دەڕەخسێنێ و بەردەوامەتیی کولتووری بە پشتبەستن بە تەواوی بەها مرۆڤایەتییەکان لە خۆپێگەیاندن و خۆدروستکردندا. هەر ئەمەشە وا دەکات دەوری وەرگێڕ لە کۆمەڵگای ئێمەدا و لەدەزگا ئەکادیمییەکانی ئێمەدا زۆر گرنگ بێ.

خۆ زانراویشە کە ئاستەمترین جۆری وەرگێڕان وەرگێڕانی ئەدەبییە. لەبەر تایبەتمەندیی دەقی ئەدەبی لە رووی زمان و خەیاڵ و فەنتازیاوە. بۆیە ئەو کەسەی لەو بوارەدا وەردەگێڕێ، دەبێ خودان توانایەکی داهێنەرانە بێ. لە ناخیدا ئەدیبێک بێ لە وێنە و مانا دیار و نادیارەکانی دەق بگات. ئەو لێرە توێژینەوەیەک وەرناگێڕێ ناچار بێ وشە بە وشەی بخاتە سەر زمانی خۆی و پارێزی لە سترۆکتۆری زمانەکەی بکات. دەقی ئەدەبی خۆی لەبەر وێناکارییەکانی و رەگەزە رەوانبێژییەکانی ڕێگە بەمە نادات. هەر بۆیە وەرگێڕانی ئەدەبی هەستیارترین جۆری وەرگێڕانە.

عبداللەی حسنزادە لەو وەرگێڕانەی ئێمەیە، کە لەم جۆرە وەرگێڕانەدا داهێنەرانە کاری خۆی کردووە. ئەو دەق پڕ لە رەگەزی ستاتیکی دەکات کە ئەمەش رەنگدانەوەی تێگەیشتنی قووڵیەتی لە ئەدەبیات و چێژوەرگرتنێتی لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی دەقی بەردەستی. بۆیە لێهاتووانە توانیویەتی دەقەکان لەنێو زمانی کوردیدا جێ بکاتەوە، بێ ئەوەی کرۆکیی دەق بشێوێنێ. هێزی بەسەر زمانی خۆی ئەوەندە زۆرە و ئەوەندەش بەو زمانەی لێی وەردەگێڕێ ئاشنایە، ڕێگەی پێ داوە دەق بە تەنیا وەرنەگێڕێ، بەڵکوو بە مانای وشە بیکوردێنێ. وەرگێڕەکەی ئێمە ئازادانە سەرەدەری لەگەڵ دەقدا دەکات. لە

میانـەی داڕشـتنەوەی داهێنەرانـەی گێڕانـەوەکان و ڕێکخسـتنەوەی کوردییانـەی دەسـتەواژەکانەوە نـەک نیشـتەجێبوون لـەنێو زمانەکەی دی.

عبداللەی حسنزادە قورسترین جۆری وەرگێڕانـی هەڵبژاردوە کە ئەم وەرگێڕانە ئەدەبییەیە. ئەو بەم کـارەی توانیویـەتی نەریتی گەڕانەوەی یانەی نووسەرەکان بگوازێتەوە نێو زمانی کوردی. ئەو لێرەوە داهێنـەرێکی بـێ هاوتـایە. شـارەزایانە وای کردوە لە کاتی خوێندنەوەی کارەکانیدا هەمان ئەو هەستەمان هەبێ کە وەرگری دەقە بنەڕەتییەکە هەیبووە. ئەمە کارێکە تەنیا وەرگێڕە داهێنەرەکان دەتوانن بیکەن. لێرەوە لەبەر شاکارەکانی مامۆستا لـەبواری وەرگێـڕان، لەبـەر ڕۆڵـی بـاڵای ئەو بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، لەبەر پارێزگـاریکردنی لـە ڕەسـەنێتیی زمـان و تـایبەتمەندییـەکانی، زانکۆی کۆیە بە ئەرکی خۆی زانی ڕێز لەم ماندووبوونە و بەرهەمی ئەو کەڵـە نووسـەرەی کورد بگرێ و بـە پێـی فرمـانی زانکۆیی ژمارە ٣ - ٣ - ٩٣٢ لە ڕێکەوتی ٢٥ - ٢ - ٢٠١٩ و پاڵپشت بە پەسەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینـەوەی زانستی بـۆ پێشنیاری ئەنجومەنی زانکۆ بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری لە بواری وەرگێڕان پێ ببەخشێ.

**زۆر سوپاس**

ئێستا داوا لـە مامۆستا حەسەنزادە دەکەین بفەرموێ بێتە سەر شانۆیەکە لـە بـۆ بەخشینی بڕوانامەکە و داوا لـە بەڕێز دوکتۆر وەلی مەحموود دەکەین؛ سەرۆکی زانکۆی کۆیە بڕوانـامەکە بخوێنێتەوە و پێشکێشی بکات.

## دوکتۆر وەلی مەحموود:

«بە ناوی پەروەردگار

بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری

ئاماژە بە دانیشتنی ئەنجومەنی زانکۆ، ژمـارە ٤ لـە ڕێکەوتـی ٢٦ - ١١ - ٢٠١٦ دوای ڕەزامەنـدیی وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاو توێژینەوەی زانستی بڕیار درا بە بەخشینی بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری بە بەڕێز عبداللە حسن محمود ناسراو بە مامۆستا عبداللەی حسنزادە لە بواری وەرگێڕان لە پای کارە بەپێز و ناوازەکانی لەم بوارە دا.»

----------------------------------------------

د. عوسمان دەشتی: [مامۆستا] بابەتێکی لە کتێبی ئەزموون کە ڕۆژنامەنووسێکی برادەرانی دیموکرات چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژی لەگەڵ مامۆستا کردوە لە کتێبێکی ٧٠٠ لاپەڕەیی بە ناوی «ئەزموونی خەبات»دا جواب دراوەتەوە، باس لە ئەکادیمیای کوردی دەکا لە شوێنێک کە مامۆستا حازر بووە سیمینارێک لەسەر زمانی کوردی و مەسەلەی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەوانە، دەڵێ: لوتفیان کردبوو ئەکادیمیای کوردی ئەمنیشیان بانگ کردبوو و نەک هەر بانگیان کردبووم، قسەشیان بۆم دانابوو، و نەک قسەیان بۆم دانابوو ئینەما پێشی هەموو کەسێکیان دانابووم، هەموویان دکتۆر بوون بەس ئەمن تێدا دوکتۆر نەبووم. ئەوە مامۆستاش بووە دکتۆر و ئەوەش پڕ بۆوە ئیشەڵڵا بە خێر و بە خۆشی.

ئێستا بەڕاستی ئەکادیمیای کوردی قەدری قەڵەمەکەی مامۆستای زانیوە لە زووەکەوە، نەک هەر ئەوە لەسەردەمی «کۆڕی زانیاریی کورد» لە حەفتاکاندا بارەگایان لە بەغدا بوو. کۆمەڵێک قەڵەمی ڕۆژهەڵات لە ڕووناکبیری کوردی ئەوکاتە ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەبوو، کە یەکێکیان مامۆستا حسنزادە و کەریمی حوسامی و هەژاری موکریانی و ئەوانەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو دەمە، حەسەنی قزڵجی و بلێین ئەوانەی لە بواری ئەدەب و ڕووناکبیری یەعنی تەوەجوهێکی زۆر گەورە، ڕەئییێکی زۆر بە قووەت پەیدا ببوو ئەوکات کە ئەو شێوەزار و زمانەی ئەوان پێی دەنووسن؛ موکریانییەکە بکرێتە زمانی ستاندەردی کوردی لە باشوور. ڕەئیێکی زۆر بە قووەت پەیدا بوو کە ئەو زمانە پاراو و پاکەی ئەوان پێی دەنووسن، ئەو برادەرە دەستەقەڵەمی ڕۆژهەڵات بکرێتە شێوەزار و زمانی ستانداردی کوردی. تەبعەن ئەو خولەی تازەی دوای ڕاپەڕین هەر زوو زانیان قەڵەمی بە بڕشتی مامۆستا. لەبەر ئەوە لە دەورەی پێشتر ئەوەندەی ئەمن ئاگام لێ بی لە هەموو دەورەکان مامۆستا دایمەن حوزووری هەبووە و بە سەردان و بە سیمینار و بە کۆڕ و بە دیدار جگە لەوەی کە دۆست و ئاشنای هەموو ئەندامانی کۆڕی زانیاریی کوردستان بوو کە دوایە بووە »ئەکادیمیای کوردی«. لە خولی پێشووتر مامۆستا ئەندامی پشتیوان بوو، لە کۆڕی زانیاریی کورد. لە خولی ئەوجارە کە ساڵێکە تەمەنی بەڕێز عبدالفتاح بۆتانی کە وا لێرە دانیشتوە،- لێمان زیزیش بوو کە لە پێشەوە دانەنیشت، لە دواوە دانیشتوە - وەکوو ئەندامی فەخریی ئەکادیمیا دەستنیشان کراوە. ئەندامی فەخری پلەیەک بەرزترە لە ئەندامی پشتیوان و لە پای ئەو هەمووە خزمەتە زۆرەیەتی لە بواری نووسین و ئەدەب و زمان و وەرگێڕان کە مامۆستا حەسەنزادە پێشکێشی کردوە. ئەوانیش ئەو مناسبەتەیان - تەبعەن منیش بەشێکم لەوان؛ لە برادەرانی ئەکادیمیا - ئەو فورسەتەمان بە هەل زانی کە ئەو مەراسیمە بەڕێوە دەچی ئەو بڕوانامەیان حازر کردبوو، تەبعەن بڕیارەکەی وان و بڕوانامەکەی وان ئی مانگی یازدەیە بە حەقیقەت. لەبەر ئەوە بە مناسبیان زانی و حازر بوون لە موناسەبەکە هەموویان؛ بەڕێزان کاک عبدالفتاح بۆتانی سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، دوکتۆر نەجاتی عبدالله جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر کاک ڕێبوار سیوەیلی، سکرتێری ئەکادیمیای کوردی و بەڕێز کاک حەمەی حەمەباقی ئەندامی کارا و خۆ تەرخانکردوو لە ئەکادیمیای کوردی حازر بوونە و ئێستا ئەوانیش بڕوانامەکەیان پێشکەش دەکەن.

سەرەتا با بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر کاک ڕێبوار سیوەیلی بفەرموێت و وتەیەک بە ناوی ئەکادیمیا پێشکێش بکا، دواتر مەراسیمی بەخشینی بڕوانامەی ئەوانیش دەست پێ دەکەین.

## وتاری پرۆفیسۆری یاریدەدەر، کاک ڕێبوار سیوەیلی:

ئەم کاتەتان باش! زۆر خۆشحاڵم کە بە ناوی ئەکادیمیای کوردییەوە لێرە لە خزمەتتان دام، بە تایبەتی کە پۆلێک لە تێکۆشەر و خانمان و دایکانی شەهیدیش لێرە ئەبینم. ئەوە جێگەی فەخر و شانازییە کە لە حوزووری ئەواندا نوێنەرایەتیی ئەکادیمیای کوردی بکەم بۆ بۆنەیەک کە مامۆستایەکی زۆر عەزیز و پایەبەرز، پێش ئەوەی کەسێکی وەکوو من کە هێشتا لە لاکۆڵان بووم ئەو خەریکی تێکۆشان بوو لە هەموو بوارەکاندا. تەبیعی بۆ ئەکادیمیای کوردی ئەو بۆنەیە، بۆنەیەکی زۆر جێی شانازییە. هەروەکوو ئاماژەشی پێکرا لە مانگی یازدەوە ئەکادیمیای کوردی لە دانیشتنی تایبەتیی خۆیدا بڕیاری دا بوو کە مامۆستای پایەبەرز وەکوو ئەندامی شانازیی ئەکادیمیا وەربگیرێ و دەنگێکی زۆر - دەتوانم بڵێم - بە کۆی دەنگ ئەو پلە جێی شانازییەی پێ بەخشراوە. بەڵام لەم بۆنەیەدا ئەکادیمیای کوردی واش تەماشای ئەم نەریتە ئەکا لێرەوە دەسخۆشییەکی گەرمیش ئاراستەی زانکۆی کۆیە و سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە دەکەین، چونکە نەریتێکی «حاجی قادر»یانەی زیندوو کردەوە؛ ئەوە حاجی قادر بوو کە فێری کردین ئیعتیراف بە یەک بکەین، دان بەیەکتردا بنێین،یەکترمان خۆش بوێ، ڕێز لە خەباتی یەکتر بگرین و لە هەمووشی گرنگتر ئەوە حاجی قادر بوو کە بیرۆکەی «یەک شاری»ی لە زێهندا رواندین و فێری کردین و نەریتێکی بۆ بەجێهێشتین کە مامۆستاش لەسەر ئەو نەریتەیە کە کوردستانیانە بیر بکەینەوە. من ئێستا دەقی ئەندامێتیی شانازیی ئەکادیمیای کوردی دەخوێنمەوە و داوا لە سەرۆکی ئەکادیمیا بەڕێز پرۆفیسۆر عبدالفتاح علی بۆتانی ئەکەم کە وردەوردە تەشریف بێنێ بۆ ئەوەی کە بڕوانامەکە پێشکەش بە مامۆستا بکات.

### دەقی ئەندامەتیی شانازیی «ئەکادیمیای کوردی» بە مامۆستا عبدالله حسنزادە

### ئەندامێتیی شانازی

#### بەڕێز تێکۆشەر، زمانناس و وەرگێڕی بەناوبانگ مامۆستای پایەبەرز، عبداللەی حسنزادە!

ئەکادیمیای کوردی پێزانینی خۆی بۆ ماندووبوون و کارە نایابەکانی ئێوە لە بواری وەرگێڕاندا وێڕای خەباتی بێوچانتان لە پێناوی دۆزی نەتەوەیی کورد و تێکۆشانتان لە بواری زمانی کوردیدا دەردەبڕێ. هەر بەو بۆنەیەشەوە ئەنجومەنی ئەکادیمیا لە کۆبوونەوەی ژمارە ٣٠ی ساڵی چوارەمی خولی سێیەمیدا لە ڕۆژی ١٨ - ١١ - ٢٠١٨دا بە کۆی دەنگ پلەی شانازی و



سەرچاوە Serchawe

ئەندامێتیی شەرەفی بە ئێوە ڕەوا دیتوە. هیوامان بەردەوامی و تەمەندرێژیتانە بۆ خزمەتکردن بە نەتەوەی کورد و بە مرۆڤایەتی.

## پرۆفیسۆر دوکتۆر عبدالفتاح علی بۆتانی
## سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی

----------------------------------------------------------

ئەرێ وڵات هەی وڵات، لە ناوەڕاستت
دەشتی هەولێر و چیای بەڕاستت
سەیری کێوان کەن کژیی بواران
دڵ دەلەرزێنن هەر وەک نازداران
هێندێ جێ زەردە، هێندێ جێ سۆرە
هێندێ جێ سەوزە، هەندێ جێ مۆرە
هێندێ جێ ئاگر، هەندێ جێ نوورە
پاک و خاوێنیی وەک کێوی توورە
هێندێ جێ سپی، هەندێ جێ شینە
چۆن تەخمین بکەین؟ هەوراز تەخمینە
بەهەشتی کوردان دامەزراوە رێک
بیری نایگاتێ هیچ موهەندیسێک
دەشتی قەراجی دەشتێکی پانە
جێی راوکەران و چاوغەزالانە
سەیری بواران چەند رەنگاوڕەنگە
شۆقەی بووکانە، پڕ شۆخ و شەنگە
چین چین تەماشا هۆبە و رەشماڵە
ئەو هەموو هۆبە پڕ کچ و کاڵە

بچیە خۆشناوان سەرسوڕ دەمێنێ
خۆت گەر بێیەوە دڵ جێ دەمێنێ
ئەو میوەهاتی لەوێ بار دەکەن
لوبنان و تایف شەرمەزار دەکەن
وڵات هەی وڵات کەینێ بتبینم
دەست لە هەیاسەی پشتت وەرینم
روومەتت ماچ و نێو دەمت بۆن کەم
بە دیتنی بەرزیت چاوی خۆم رۆن کەم

## ئێستا نۆرە دەدینە مامۆستا حسنزادە خۆی با بفەرمێ بزانین چی هەیە لە خزمەتتان دا پێشکێشی بکەین. مامۆستا فەرموو کەرەم کە:

## قسەکانی مامۆستا عبداللە حسنزادە

**سڵاوتان لێ بێ**
**بەڕێز جەنابی دوکتۆر وەلی سەرۆکی زانکۆی کۆیە!**
**بەڕێز جەنابی دوکتۆر عبدالفتاح سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی!**
**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە!**

### ئامادە بووانی بەڕێز!

لە پێش هەموو شتێکدا وەکوو دەڵێن بە زمانێکی ئەلکەن دەبێ سپاس و تەقدیرم پێشکێش بە هەموو ئێوە بکەم کە زەحمەتتان کێشاوە و لە ڕێگای دوور و نزیکەوە تەشریفتان هێناوە بۆ سەربەرزکردنی من، دەڵێم بۆ هەر هەنگاوێکتان سەد جار سوپاس.

ساڵی ٢٠١٣ کە ئەکادیمیای کوردی ئەو سەروەرییەی لەگەڵ من کردبوو بە موناسەبەتی حەفتاوپێنج ساڵەم لەوحی ڕێزلێنانم بداتێ، گوتم ئەمە شتێکە کە یەکێکی وەک من لە هەموو تەمەنیدا خەونی پێوە دەبینێ. مەبەستم ئەوە بوو کە لە کوردستانێکی ئازاد و لە سێبەری حکوومەتێکی کوردیدا و دەزگایەکی کوردی و بە حوزووری وەزیران و پارلمانتارانی کورد لەوحی شانازی بە من بدرێ. بەڵام بە سەراحەت دەڵێم ئەوەی ئەمڕۆکە کرا ئەمن خەونیشم پێوە نەدەدی. چونکی بەبێ ئەوەی هیچ تەوازوعێکی تێدا بێ، کارێک کە ئەمن کردوومە لە خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردیدا قەت ئەوەندە نیە پاداشێکی ئاوا گەورەی لەسەر بێ. یان ئەگەر بمەوێ بە زمانێکی ئەدەبی بیڵێم، دەڵێم ڕۆبی زانکۆی بە بەری من زۆر گوشادە؛ پڕی ناکەمەوە. تەنیا ڕەنگە بەوە پاساوی بدەم لە کوردەواریی خۆماندا دەڵێن: کەمی دێنن بۆ زۆری: فەقیرێک دەچێ دیارییەک بۆ دەوڵەمەندێک دەبا چاوی لەوەیە کە زۆری بدەنێ.

زانکۆی کۆیە و ئەکادیمیای کوردی ڕاست ئەوەیان لەگەڵ من کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ من شانازییەکەی گەورەیە کە دیسان لە کوردستانی ئازاد لە سێبەری دەسەڵاتێکی کوردیدا، لە دامودەزگایەکی کوریدا ئەوەم پێ دەبەخشرێ، بە تایبەتی ئەوەی ئێرە مەغزایەکەی دیکەی بۆ من هەیە. کۆیە لە پێش چاوی من تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە؛ هەر کۆیە هەمووی - نەک تەنیا زانکۆ - بایەخێکی زۆر بە زانست و هونەر و بەهرە لە هەموو بوارەکاندا دەدا. لەم زانکۆیە و لە جێیەکانی دیکەی کۆیە ساڵانە دەیان جار ئەوە ڕێک دەکەوێ کە بەهرەمەندێک، هەرچی هەیە، لە هەر بوارێکدا هەیە، تەقدیری لێ بکرێ. لێرە ٣ دەزگای داییمی هەن: زانکۆی کۆیە، دەزگای خەڵاتی سەید برایم و کتێبخانەی کۆیە کە چالاکن لەو بوارەدا. ئەمن شانازی دەکەم کە هەم لە کۆیە ٣ جار، هەم لە ئەکادیمیای کوری ٣ جار ئەو سەروەرییە دەرهەقی من بە خەرج دراوە. هەروەکوو ئیشارە کرا جارێک بۆ بەخشینی ئەندامەتیی پشتیوان، جارێک بە بەخشینی لەوحی ڕێزلێنان و ئەمجاریش بە بەخشینی ئەندامەتیی شانازی (شەرەف). لە کۆیە ٣ جار؛ جارێک خەڵاتی سەید برایم، جارێک لە کتێبخانەی کۆیە، ئەمجارەش لە زانکۆ.

ئەوەی ئەمڕۆ لە زانکۆی کۆیە بە من درا شانازییەکی دیکەشی تێدایە؛ هەروەکوو لێرە بەڕێز دوکتۆر عوسمان دەشتی باسی کرد، ئەمن دەبمە چوارەمی ٣ گەورەپیاوی تاریخی کورد: دوکتۆر کەمال مەزهەر و دوکتۆر عیززەددین مستەفا و نەمر مام جەلال ڕێبەری زانتسپەروەر و شۆڕشگێڕ و دامەزرێنەری ئەو زانکۆیە و پشتیوانی ئەم زانکۆیە.

چونکی ئەو بڕوانامەیە لە بواری وەرگێڕاندا دراوە بە من پێم خۆش بوو هێندێک قسە بکەم کە بەشێکی لە زمانی بەڕێز دوکتۆر حەیدەر لە وتاری زانکۆدا هاتبوو: ئەهەمییەتی وەرگێڕان. تەنیا شتێکی لێ زیاد دەکەم کە ئەگەر وەرگێڕەکان بەرماوخۆری نووسەرانن، پێیان قەرزدارن، نووسەرانیش بە وەرگێڕان قەرزدارن. ئەوانەی پێیان دەڵێن نووسەری جیهانی بە خێرا بابیان نەبوونێ، لە سایەی زەحمەتی وەرگێڕان یان موتەرجیمان بوونە نووسەرێکی جیهانی، دەنا کابرایەکی نووسەری ئینگلیسی هەر ئینگلیسی دەبوو. ئێستا کە لە هەموو دنیایەدا دەناسرێ لە سایەی سەری ئەو کەسانەوەیە کە زەحمەتیان کێشاوە و کارەکەیان وەرگێڕاوە.

شتێکی دیکەش هەر لەوبارەیەوە پێم وایە دەبێ زیاد کەین کە پێم وایە دەبێ بەجۆرێک ئیشارەی پێ کرا، ئێمە بە وەرگێڕان هەم فکر و فەرهەنگی میللەتان وەردەگرین، هەم لە عەینی کاتدا خزمەتێکی گەورە بە زمانەکەمان دەکەین. زمانەکەمان بە دیکۆمێنت دەکەین، رایدەگرین. دەتوانین بڵێین وەرگێڕان بانکی وشەیە؛ جێیەکە،

ئەمانەتخانەیەکە  کە وشەی کوردیی تێدا دەپارێزرێ.

لەسەر خۆمیش - ئەگەر درێژ نەبێتەوە و ئیجازەم بدەن - دەمهەوێ یەک دوو قسە بکەم. ئەمن کە بووم بە وەرگێڕ لە هیچ مەکتەبێک دەرسم نەخوێند، هیچ مامۆستایەک فێری نەکردم، لە راستیدا تا ئێستێش کتێبێکم لەسەر وەرگێڕان نەخوێندۆتەوە. بەڵام چۆن بووم بە وەرگێڕ؟ لە حوزووری مامۆستایاندا و لە حوزووری ئەدیبان، - ئەویش گەورە ئەدیباندا - بێ ئەدەبییە ئەمن قسە دەکەم، بەڵام ئەزموونی خۆمە دەیڵێم. پەروەردەبوون لە دێیەکی دوورە شار و دوورە دەست وای کرد کە ئەمن فێری زمانی کوردی بم. کە ئەوە ناخۆشە لە جێیەکی ئاوا گەورە بی. ژێردەستەیی و مەحروومبوون لە زمانی خۆت ناخۆشە بەڵام ئەو فایدەیەی هەبوو کە من فێری زمانی فارسی بم. نەبوونی مەدرەسە، مەدرەسەی نوێ لە دێیەکەماندا بوو بە هۆی ئەوەی کە من لە مەدرەسەی علوومی دینی و لە مەدرەسەی علوومی عەرەبیدا بخوێنم و فێری زمانی عەرەبی بم. لە پاشان کە چاوم کرایەوە هەستم کرد کە دەتوانم شت وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی. ئەوەی لەو بارەیەوە دەرهەقی من گوترا شانازیی پێوە دەکەم. ئەمە شەهادەیەکە دەدرێ بە من شاهیدییەکە بۆ من کە لە تەرجەمەکانمدا لە وەرگێڕانەکانمدا سەرکەوتوو بووم کە زمانەکە زمانێک بێ خەڵک وا بزانێ هەروا نووسراوە، هەر بەو زمانە نووسراوە. پێم خۆشە بڵێم کە ئەوە زۆر ئاسانە بۆ هەموو وەرگێڕێک، دەتوانێ ئەوەی بکا، بە چی؟ بەوە کە نەچێ کەلیمەکانم بۆ تەرجەمە بکا. جوملەکە بخوێنێتەوە و وەری بگرێ و بە کوردی بیڵێ. «وصل الی کویسنجق الیوم رئیس الأکادیمیة الکوردیة» مەسەلەن. «گەیشتە کۆیە ئەمرۆ سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی»، ئەوە کوردی نیە. کورد دەڵێ: «ئەمرۆ سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی هاتە کۆیە». لە فارسیدا دەڵێ: « بەخانە بر میگردم». «دەگەڕێمەوە بۆ ماڵێ». زۆر جار هەر موتەرجیمەکانی خۆمان وا دەکەن. کوردی فەقیر قەت ناڵێ: «دەگەڕێمەوە بۆ ماڵێ». دەڵێ :«دەچمەوە ماڵێ». فارسی دەڵێ «میرم و برمیگردم»، «رفتم و برگشتم»، بۆ هەردووکی «برگشتن» بەکار دێنێ. بەڵام کورد زمانەکەی وایە دەڵێ: «چووم و هاتمەوە»، «هاتم و دەڕۆمەوە». یانی ئەو گەڕانەوەیە لە کوردیدا دوو تەعبیری هەیە، یەک تەعبیری نیە. با بزانین کوردەکە چۆن قسەکەی دەکا.

شتێکی دیکە کە، زۆر کەس لەوانەی کە تەرجەمە دەکەن لە زمانی فارسی یان لە زمانی عەرەبییەوە پێم وایە دەبێ بزانن تەرجەمە بە فەرهەنگ ناکرێ. بەڵێ فەرهەنگ کۆمەگ دەکا. ئەو کەسەی دەیهەوێ لە زمانێکی دیکەوە بابەت وەرگێڕێتە سەر زمانی خۆی و بیکاتە زمانەکەی خۆی دەبێ شارەزای ئیدیۆمەکانی زمانی خۆی بێ هەروا ئی ئەو زمانەش کە لێیەوە وەردەگێڕێ. دەنا شتی سەیروسەمەرەی لێ پەیدا دەبێ. مەسەلەن تەماشای فەرهەنگی فارسی بکە »دماغ» یانی لووت ، «چاق» یانی قەڵەو، فارسەکان بە یەکتر دەڵێن «دماغت چاقە؟»، دماغت چاقە؟ کوردەکە بۆم دەکاتە: «لووتت گەورەیە؟!»، لە حاڵێکدا رستەکە لە لۆغەتدا بگەڕێی وات پێ دەڵێ بەڵام «دماغت چاقە» یانی «کەیفت سازە، حاڵت باشە؟». بەو ئەندازەیە فەرقی هەیە. بۆیە گوتم فەرهەنگ کافی نیە.



سەرچاوە
Serchawe

شتێکی دیکە پێم خۆشە بڵێم، کە زۆر دەبیسین دەڵێن کوردی توانای ئەوەی نیە کە مەتالیبی عیلمیی پێ بکرێتە کوردی. ئەمن پێم وایە کە لە فەرمایشەکانی دوکتۆر حەیدریشدا هاتبوو، وەرگێڕانی ڕۆمان زۆر گرانترە لە وەرگێڕانی شتێکی عیلمی؛ چونکی لە ڕۆماندا، لە شتی ئەدەبیدا ئەوەی هەیە وەرگێڕ دەبێ ئەوەی پەیدا بکا. ئێمە ناتوانین دایبنێین. بەڵام بۆ شتی عیلمی ئەوەی نیمانە ئێستا دەتوانین دایبنێین. نوقسانەکە لەوەی نیە کە زمانی کوردی توانای نیە، نوقسانەکە لەوەدایە کە هەتا ئێستێ ئێمە مشوورمان لەوەی نەخواردوە، دەزگایەکی خاوەنسەڵاحیەتمان هەبێ کە بۆ هەموو ئیستیلاحە عیلمییەکان شتێک دابنێ، بڵاوی بکاتەوە و لە عەینی حاڵدا دەسەڵاتیش پشتی بگرێ کە هیچ کەس لێی قەبووڵ نەکرێ بۆ ئەو مەعنایانە غەیری ئەو کەلیمەیە بەکار بەرێ. ئەگەر ئەوە بکرێ زۆرزۆر ئاسانتر دەبێ.

ئاخر شتم هەر ئەوەیە کە دووبارە دەڵێم دەگەڵ هەموو سوپاس و سەردانەواندنم ئەمن شیاوی ئەو هەمووە لوتف و مەرحەمەتە نەبووم. عومری درێژ و دەوام و پێشکەوتن هەم بۆ زانکۆی کۆیە، هەم بۆ ئەکادیمیای کوردی، هەم بۆ هەموو شارەزایانی بواری ئەدەب و زانست.

**سوپاستان دەکەم.**



سەرچاوە
Serchawe

ئێستاش وتەیەک لەلایەن «پیری حیزبی دیموکرات»، هاوڕێی تەمەن و هاوڕێی خەباتی ٥٠ ساڵەی مامۆستا حسنزادە بەڕێز کاک جەلیلی گادانی، دەڵێین «کاک» تا نەڵێن پیرە!.

## قسەکانی کاک جەلیل گادانی

دەگەڵ بەخێرهاتنی زۆر گەرم و گوڕی ئێوە ئازیزان و خۆشەویستان و سوپاسێکی زۆر گەرمتر بۆ زانکۆی کۆیە و جەنابی دوکتور وەلی و ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی زانکۆی کۆیە کە بە ئەرکێکی ئاوا گرنگ و بە قەدرزانییەکی ئاوا بە جێ هەستاون، پڕبەدڵ سپاسیان دەکەم.

مامۆستا دیاریی یەکجار زۆر گەورەی پێشکەشی دنیای سیاسەت و ئەدەبی کورد کردوە. بە یەک نوکتە من ئیشارە دەکەم؛ موتەرجمین و نووسەرانی عادی بە خەیاڵی راحەت لە جێگایەکی ئارام، دەوپەڕی ئاسوودەییدا دەست بۆ قەڵەم دەبەن و شت دەنووسن. گرنگیی وەرگێڕانەکانی مامۆستای بەڕێز دەوەیدایە کە زۆر جار لە زۆر وەختدا لە هەلومەرجێکدا خەریکی کاری تەرجومە بووە کە رەهێڵەی تۆپەکان و ساروخەکانی رژێمی کۆماری ئیسلامی بەسەر سەریەوە بووە. کەم وا هەبووە کە لە هەلومەرجێکی عادی و بە ئیمکاناتی کافی و وافی ئەو کارە گرنگانە ئەنجام بدا کە ئەنجامی داوە. بۆیە ئەمن لەوبارەوە تەقدیری مامۆستای بەڕێز دەکەم کە نە فڕەفڕی تەیاران و نە گڕە و فڕکەی تۆپ و ساروخەکان هیچ کات نەیتوانی مامۆستا لەو کارە گرنگە و لە پێشکێشکردنی ئەو دیارییە گەورانە بۆ بارەگای ئەدەب و سیاسەتی نەتەوەکەمان ماندوو بکات و بیسرەوێنێتەوە. من ئەوە بە کارێکی فەوقولعادە دەزانم و من پێم وایە لە دنیادا رەنگە کەمتر ئەدیب و موتەرجمێک هەبێ کە وەک مامۆستا دەوپەڕی کەمدەستی و کەم ئیمکاناتیدا لە باری ماددیەوە و دەوپەڕی ترس و دەوپەڕی نارەحەتی و فشار و زەیقەتی و هێرش و حەملەی دوژمناندا بتوانێ ئەو کارانە ئەنجام بدا و لە کاتی خۆشیدا بە هەر شێوەیەک بە چاپیان بگەیەنێ و لە ئیختیار میللەتەکەی نێ.

بۆیە ئەمن جارێکی دیکە بە نۆبەی خۆم هەروەکوو فەرمووتان وەک «پیرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان» تەقدیری ئەو هەمووە زەحمەتە لەباری تێکۆشانی سیاسی و بە تایبەتی لەباری تێکۆشانی ئەدەبییەوە دەکەم کە خەڵاتەکان و دیارییەکانی بۆ نەتەوەکەمان هەتا هەتایە دەمێنێتەوە. ئومێدەوارم ئینشائەڵڵا ئەو تەوسییانەش کە مامۆستا فەرموونی لەبارەی وەرگێڕانەوە تکام ئەوەیە رەعایەتی بکەن، پرسین عەیب نیە نەزانین عەیبە ئەگەر وشەیەک نامەفهووم بوو بۆ موتەرجیمێکی بەڕێز با لە برادەرێک بپرسێ کە شارەزایی زیاتری لەو ئیستیلاحات و لەو وشە و لۆغەتانەدا هەیە تا



سەرچاوە Serchawe

شتەکەی پوختتر و نەغدتر و خەڵک پتر بتوانێ ئیستیفادەی لێ بکا.

بۆیە ئەمن دەگەڵ پیرۆزبایی دووبارە لە مامۆستا بۆ وەرگرتنی ئەو دوکتۆرا فەخرییە لە جیاتی گوڵ دڵی دەدەمێ و قەولیش دەدەم هەتا هەم لە پەنای بم، بۆ درێژەدانی خەبات و بۆ وەرگرتن و ئیستیفادەکردن لە سەرچاوە ئەدەبییەکانی. قەت دەست لەیەک بەرنادەین و ئینشائەڵلا هەتا هەین دەست لە ملانین و بە یەکەوە وەک شاگردێکی ئەدەبی و هاوکارێکی سیاسی لە خدمەتی دا دەبم.

سەرکەوتوو و مووەفەق بن.

مامۆستا عبدالله حسن زادە:

ئەمن لەوەختێکدا ئەو گەورەییەم لەگەڵ دەکرێ کە بەداخەوە بەرهەمم کەمە. پێم خۆش بوو بە ئەکادیمیاش و بە زانکۆش عەرز کەم، داوایان لێدەکەم مەجالێک بخوڵقێنن کە ئەمن بتوانم ئەو توانایانەی کە ماومن لە ئیختیاری زمان و ئەدەبی کوردیان بنێم. لێرە هەر ئەوەندە دەڵێم، دەبێ دانیشین بڵێم کە ئەمن چیم پێدەکرێ. با لێرەشەوە بڵێم: ئەمن داوای کار ناکەم. نەک دام مەزرێنن. دەمەوێ خزمەت بکەم خۆبەخشانە.

## دوکتۆر عوسمان دەشتی:

**شتێکی خۆشیش، کاک فەرهادیش تەشریفی لێرە هەیە، عەونیی شاعیر دەڵێ:**

**هات فەسڵی گوڵان بولبولی دێوانە لە کوێیە**
**شەو ڕۆیی ئەدی عاشقی پەروانە لە کوێیە**
**تەفرەم مەدە بەم سەروە کە وێنەی قەدی تۆیە**
**سەرو و سەمەن و لەنجەیی جانانە لە کوێیە**
**مەستم بە هەوای عەمبەری دوو زولفی سیاهت**
**بۆیی سەمەن و سومبول و ڕەیحانە لەکوێیە**

**دەگەینە کۆتایی مەراسیمەکەمان. بەڕێزانی ئامادە بوو چەند برووسکەی پیرۆزباییان بۆ ناردووین لەگەڵ دیاری و چەپکە گوڵ، برووسکەکان تەفسیلەکان ناخوێنمەوە بەس ناوەکانیان دەخوێنمەوە. بۆ چەپکە گوڵەکان بانگیان دەکەم بە ریزە بێن و هەم چەپکە گوڵەکەیان پێشکێش بکەن و هەم وێنە لەگەڵ مامۆستا بگرن.**

## ئەوانەی پرووسکەی پیرۆزباییان ناردوە:

- **بەڕێز قائیم مەقامی کۆیە بەڕێز کاک تاریق حەیدەری تەشریفی لێرەیە،**
- **بزووتنەوەی گۆڕان مەکۆی کۆیە بەڕێز بەختیار جەوهەر،**
- **یەکیەتیی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی، مامۆستا کاکەمەم بۆتانی تەشریفی لێرەیە،**
- **پەیمانگای تەکنیکیی هەولێر بەڕێز مامۆستا هێمن قاسم ڕاگری پەیمانگا.**
- **برووسکەکان ناخوێنمەوە، سپاسیان دەکەین، ماڵیان ئاوا بی.**



سەرچاوە
Serchawe

# چەند دیدو بۆچوون

## دکتۆراکەی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتیش - ٥



ئەنوەر حسێن (بازگر)

عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بۆ زۆرینەی گەلی کوردستان و بەشێکی فارسەکان و هەندێک لە ئەورووپییەکان، ناوێکی ئاشنا، ناسراو و خۆشناوە.

هەرچەندە، ئەو پەنجا ساڵە لە ریزی حزبی دیموکراتی کوردستاندا خەبات و تێکۆشانی هەیە و چەندین جاریش وەکو دەفتەری سیاسی و سکرتێری حزب کاندید بوە و تاڵ و سوێری زۆری ڕۆژگاری بۆ کورد و حزبەکەی چێشتووە، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ زەررییەک لەوانە پەشیمان نییە، بەو چەند جارەشەوە کە لە هەوڵی تیرۆر کردن ڕزگاری بوە، وەکو خۆی دەڵێ

"بە سوتفە نەجاتی بوە، جارێک دوای شەهید بوونی قاسملۆ، کەسێک هاتبوو بۆ تیرۆری من و مام جەلال و لەو ساڵانەشدا کەسێکی تر هاتبوو بۆ تیرۆری من و عەبدوڵڵا موهتەدی".

حەسەن زادە، کەسێکی زۆر بە ویژدانە، چ لە زەمی نەیارانی، چ لە وەسفی یارانیدا، هەمیشە دەڵێت "بەڵگەم نییە و نازانم ئەم ڕووداوە چەند ڕاستە و ئەم کەسایەتییە چۆن بوە"، بەڵام لە پاڵ ئەوانەدا هەمیشە خاوەنی ڕەئی ڕاشکاوانەی خۆیەتی.

ئەو دۆستی زۆر لە سەرکردە گەورەکانی گەلی کوردە، لە وەسفی مام جەلالدا دەڵێت "سەرکردەیەکی گەورە بوو، بە سێ سەعات دانیشتن لەگەڵیدا دەبوویتە دۆست، ئەگەرچی زۆر جاران، ناکۆکی و دەنگە دەنگمان بوە، بەڵام هەمیشە ڕێزی تایبەتی لێ گرتووم".

لە وەسفی شەهید د.عەبدولرەحمان قاسملۆدا دەڵێت "ئەو نزیکترین دۆست و هەڤاڵی من بوە و هەرگیز سەرکردەی وا لە کورددا هەڵناکەوێتەوە". دەڵێ "قاسملۆی من، قاسملۆی ئەوانی تر نەبووە"، هەروەها دەڵێت "قاسملۆ لە باری مادییەوە ماتریالیست بوو، لە باری نەتەوەییەوە لە هیچ ناسیۆنالیستێک کەمتر نەبوو"، ئەوەش دەڵێ "زۆرجار مخالیفی سیاسەتی قاسملۆ بووم، وەکو ئەوەی دەبێت شەڕی سەرتاسەری کۆمەڵە ڕابگەیەندرێت، یان دەبێ کۆمەڵە بە ڕەسمی دیموکرات بە شۆڕشگێڕ بناسێت".

لە وەسفی قازی محەممەددا دەڵێت "چەپ بوو، بەڵام مارکسیست نەبوو، ناسیۆنالیست بوو بەڵام فیئوداڵ نەبوو".

سەبارەت بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەڵێت "بە پیلان دەستگیر کرا، عەمری کینیا نەمێنێت بۆ پێنج ملیۆن دۆلار تەسلیمی تورکیای کردۆتەوە، داوایکردایە ئۆجەلان دە ملیۆن دۆلاری دەدانێ".

ڕۆژی ٢٦ سەرماوەرز، کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بوە لە ١٣٢٤ و دواتریش کرا بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پێشنیاری ئەو بووە.

ئەوەش دەڵێ "وشەی پێشمەرگە بۆ ئەوەی ببێتە ناو بۆ شۆڕشگێڕی چەکداری کورد لە ١٥ ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٤ - ٢ - ١٩٤٦) ستادی حزبی دیموکرات، حزبەکەی مامۆستا ناویان نا پێشمەرگە".

عەبدوڵڵا حەسەن زادە زۆرینەی ژیانی بۆ خەباتی سیاسی تەرخانکردوە، بەڵام لە پاڵیدا کاری وەرگێڕانیشی کردوە، بۆیە دوو بۆچوون لەسەری هەیە، یەکەمیان دەڵێ "خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ حەسەن زادە، بۆشاییەکی گەورەی دروستدەکرد، چونکە یەکێکە لە کارێزماکانی ئەو ڕەوت و بزوتنەوەیە"، لەوەش زیاتر هاوڕێیانی کۆمەڵە دەڵێن "عەبدوڵڵا حەسەن زادە، هێندە دیموکراتییە (مەبەست حزب)ە لە دیموکرات، دیموکراتیترە و بگرە لە قاسملۆش، بە ناسیۆنالیستی عەیار بیست و چواریشی دەزانن، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ "خۆ ناسیۆنالیست بوون عەیب نییە".

دووهەمیان دەڵێن "بریا تەنها خەریکی کاری وەرگێران بووایە، نەک سیاسەت، چونکە لە ڕێگای ئەوەوە ئاشنابوون بە ئەدەبیاتی گەورەی جیهانی، بە زمانی کوردی پاراو".

بەڵام بۆچوونی خۆی ئەوەیە، "کە لە هیچکامیان پەشیمان نییە، هێشتاش لەسەر هەردوو ڕێبازەکە بەردەوامە".

ڕۆمانی حەمەدۆک کە لە نوسینی یەشار کەمال - ە، گێلە پیاو کە لە نوسینی عەزیز نەسین - ە، دوو شاکارن کە ئەویان زۆرتر ناساند و خۆشەویستی کرد لای خوێنەرانی کورد زمان.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کە خۆی بە خوێندکاری د.قاسملۆ دەزانێت، بەڵام لەگەڵ زۆر ڕووداوگەل نەبوە کە لە حزبەکەیدا پێشهاتووە، وەک جیابوونەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، دوایین جیابوونەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حزبی دیموکراتی کوردستان، دوایین کتێبی مستەفا هیجری (نسکۆ و دابڕان)ی سکرتێری حدکا، پێیوایە ئەو ڕووداوانە کاریگەری خراپی لەسەر حزبی دیموکرات و بزووتنەوەی حەقخوازانەی ڕۆژهەڵات داناوە، بەڵام ئێستاش زۆر ئاسوودەیە کە لەگەڵ زۆر لەو هاوڕێیانەی لە یەک حزبدان وەک (جەلیل گادانی، بابەعەلی میهرپەروەر، حەسەن رستگار، حوسێن مەدەنی...هتد) لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا تێدەکۆشێت هەردوو دیموکرات یەکبگرنەوە.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرەڕای ئەو کتێبە ئەدەبیانە، چەندین کتێبی تری هەیە، وەک چل ساڵ خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان، کە لەگەڵ د. قاسملۆ نوسیویانە، پەنجا ساڵ خەبات و تێکۆشانی حزبی دیموکرات، دوایین کتێبی لە ساڵی ٢٠١٩ چاپبووە (حەقیقەتی مێژووە، باس لە ڕووداوەکانی حەفتا ساڵ خەباتی کورد، حزبی دیموکرات و ڕووداوگەلی گەورە و شاراوە دەکات، کە زۆر کەس نەیزانیوە، ئەو بە یەقین و بڕواوە باسیان دەکات، لە سەردەمی کۆمەڵەی (ژ.ک) و کۆماری مهابادەوە تا ئێستا)، بەڵام بە ویژدانەوە دەکرێت وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی دەقیق و ڕاستگۆیانە لە زانکۆکان بخوێندرێت، یان سوودی لێوەربگیرێت.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرەڕای ئەوەی زمانەکانی عەرەبی و فارسی دەزانێت، کوردییەکەشی زۆر تایبەت و شارەزایانەیە، کە ڕەنگە یەکێک بێت لەو دەیان کەسەی هێندە پسپۆڕن لە زماندا و ئەو ئێستاش ڕۆژانە لە پشت مێزە بچکۆلەکەی لەناو ژوورەکەی لەناو قەڵای دیموکرات لە کۆیە، هەر خەریکی نوسین، وەرگێڕان و کاری سیاسییە.

خاڵێکی تری مامۆستا ئەوەیە، ئازایە لە وتنی ڕاستییەکان و باسکردن لە ڕابردووی خۆی و حزبەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا زاکیرەی زۆرباشە و هەمیشە و بەردەوام ئارەزووی نوێگەری و شتی باشە.

نەیارەکانی دەڵێن "هێشتا ئەوە، کە حزبی دیموکرات هەڵدەسوڕێنێت و هەمکارەیە"، بەڵام هەڤاڵ و هاوڕێیانی دەڵێن "ئەو یەکێکە لە ڕێبەرانی ئێمە، ئەزموون و وانەکانی زۆر شتی لێ فێر دەبین و بە کارێزمای حزبی دیموکراتی دەزانین".

بەڵام خۆی دەڵێت "من ئەندامم لە حزبی دیموکرات و هیچی تر"، لە دوایین کۆنگرەی حزبەکەشیدا (کۆنگرەی شانزە)دا، کاتێک ئاسۆ حەسەن زادەی کوڕی خۆی کاندید کرد بۆ سکرتێری حزب، ئەو نیگەران بوو پێیوابوو هێشتا زووە بۆ ئەو کارە، کە بێگومان لە تەوازعی بوو بۆ حزبی دیموکرات، نەبادا بڵێن کوڕەکەی خۆی کاندید کردوە، بەڵام دواتر بوە جێگری سکرتێری حزب، لە پاڵ مستەفا مەولودیدا، کە مامۆستا پێیوایە پیاوێکی تیکۆشەر و ماندوونەناسە.

بەڵام واقیعییەت ئەوەیە عەبدوڵڵا حەسەن زادە، نە وازی لە کاری حزبی و سەرکەوتنی دیموکرات هێناوە، نە وازیشی لە وەرگێڕان و کاری ئەدەبی هێناوە، چونکە سیاسەت و ئەدەب دوالیزمێکن شان بە شانی یەک دەڕۆن لە ژیانی عەبدوڵڵا حەسەن زادەدا.

خۆشم کە نزیکەی بیست ساڵە هاوڕێی نزیکی مامۆستام، زۆر شتی لێ فێربووم، کە لە هەموو سەرکردە و سکرتێر و نوسەرێکدا نییە، بۆیە پێدانی دکتۆرای شانازی و فەخری بۆ ئەو، نەک هەر زۆر خۆشحاڵی کردم، بەڵکو پێموابێت شتی گەورەتری قابیلە.

هەر بۆیە کاتێک د. وەلی مەحمود - سەرۆکی زانکۆی کۆیە ئەو بابەتەی لەگەڵ باسکردم زۆر خۆشحاڵ بووم، وتم تا زووتر بکرێت باشترە، هەر بۆیە لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار قسەمانکرد و ئەویش زۆر بە کارێکی باش و شایستەی زانی و هەوڵی خۆیدا، هەرچی زووە کارەکە دوانەکەوێت و زوو بکرێت.



سەرچاوە Serchawe

ئەوەش کە لە سوپاسنامەیەکی مامۆستا بڵاوکرایەوە، کە زۆر بە توازعەوە نوسراوە، بەڵام واقیعییەت ئەوەیە ئیتر عەبدوڵڵا حەسەن زادە دکتۆرە و دکتۆرای هەیە و شایەنییەتی.

دەبێت ئەوەش بڵێم، ئەم دکتۆرایە ڕێزگرتنە لە مامۆستا و حزبی دیموکرات و گشت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە سادەترین ڕێزلێنان و پێزانینە بەرامبەر کوردی ڕۆژهەڵات و خەبات و تێکۆشانیان، کە ڕەنج و هیلاکەتی زۆریان چێشتووە لە پێناو گەلی کورددا، بۆیە زانکۆی کۆیە دەستپێشخەری گەورە و مێژوویی کرد و هیوادارم لە ساڵانی داهاتوودا ئەو خەڵاتە بداتە کەسانی تری وەک د. قاسملۆ، فؤاد مستەفا سوڵتانی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، حەمید دەروێش و خەڵکانی تر، کە لە پێناو ئارمان و ئامانجی گەلی کورددا گیانیان بەختکرد یان هێشتا لە ژیاندا ماون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

٣ - ٤ - ٢٠١٩

# چەقۆکەی دەستی بابم...

## دوکتور ئاسۆی حەسەن زادە جیگری سکرتێری گشتی حدک

مارسێل پـانیۆل - نووسـەری فەڕەنسـی - لـە ڕۆمـانی "شـانازیی بـابم"دا کـە بیرەوەرییـەکانی سـەردەمی منـداڵیی خۆیـەتی، دەگێڕێتەوە کە زۆر پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە فێری خوێندنەوە و نووسین بووە و باوکی شانازیی پێوە کردووە. باوکیشی بەهۆی ئەوە کە ئاشقە تفەنگ و ڕاوچییەکی باش بووە، ناوبانگی دەرکردووە. تەمەنم حەوت ساڵان بـوو شـەوێکی هـاوین کە ئەودەم لە دەڤەری ماوەت لە چادرێکدا هاوماڵی مار و دووپشک بـووین، لەسـەر پێشنیاری بـابم سـەبارەت بـە دیارییـەک کە دوکتور قاسملوو بۆ منی ناردبوو، نامەیەکم بۆ نووسی هەتا سوپاسی بکەم. کاتێک نامەکەم دایە دەستی بـابم و خوێندیەوە، دیار بوو زۆر ڕازی بوو. لەو کاتەوە تفەنگ و قەڵەم لە بیرەوەرییەکانی منداڵیی منیشدا "حەک"بوون. بابم هـەر ئـەودەم لـە ڕێبەرانی هەرە سەرەوەی بزوتنەوەیەکی سیاسیی تفەنگ بەدەست بوو (جێگری قاسملوو بـوو). جیـا لـەوە، ئـەویش وەک بـابی پانیۆل ڕاوچییەکی شارەزا بوو. بەڵام هونەری هەرە دیاری وی دەست و تفەنگ نەبوو؛ دەست و قەڵـەم بـوو. ئـەو بەهرەیـە، هاوشان لەگەڵ بیرتیژی و ڕەوانبێژییەکی کەموێنە و ئیمانی قووڵ بە خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەکەی، دەرەتـانی ئـەوەی پـێ دا کە بە دژوارترین ڕێچکەی ژیانـدا تێپـەڕێ هـەتا بـەو جێگـە و پێگـە و ناوبانگـەی ئـەمڕۆ بگـا. ئـەو هـەرگیز نـە ڕێگـای تێکۆشان و خزمەت بـە گـەلی خـۆی بـەردا و نـە لـە خۆپێگەیانـدن و درەوشـانەوەی هـەر ڕۆژ زیـاتر وەسـتا. ئـەوەش کـە ئـەم بەیانییە زانکۆی کۆیە و وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان لە هەشتا ساڵیی بابمدا کردیـان هـەر تـەنیا بەخشینی دوکتورای فەخری بەو نەبوو، بەخشینی فەخر بە دوکتوڕاش بوو، لە سەردەمێکدا کە لە کوردستان بڕوانامە بـووە بـە بـەها، بەڵام بـەهای بڕوانامە پرسیاری جیددیی لەسەرە؛ لە وڵاتێکدا کە تـەواوکردنی زانکۆ پێوەری هەڵچوون بەسـەر پـەیژەی کۆمەڵایەتیدایـە، بـەڵام پـەیژەکانی زانکۆ بۆخۆیـان لـەقن. بەڕاست کرانـەوە و بـەمۆدێر نبـوونی ئێمـە چەنـدە ئاگـای لـە ڕەسـەنایەتی و ناسـنامەی خۆمانـە؟ بـابی مـن هەشـتا سـاڵەی تێپەڕانـد. کـەچی ئێسـتاش کـوڕە بچووکەکـەی زۆر جـار تێیهەڵدەپێچێ کە لەپێناوی پاراوی و پاراستنی زمانی کوردیدا دەست بداتـە کـاری بەرزفڕانـەتریش. عەبـدوڵڵای حەسـەن زادە هەمووو جارێ دەڵێ: ڕۆڵە ئەمن کوردی دەزانم، بەڵام عیلمی زمانم نەخوێنـدووە. بـەڵام خۆ نووسـەری "فرهنگ کوچە"ش ڕۆژێـک چیـە زانکـۆی نـەدیتبوو. لـەپاڵ دیـاریکردنی نەخشـەڕێگایەکی زمـانی و فەرهـەنگی کـە فرەچەشـنیی نێوخـۆیی و یەکگرتوویی نەتەوەییمان پێکەوە ئاشت بکاتـەوە، بژار و هەڵـەچنی و ستانداردیزە کردنی زمانەکەمان گرینگترین ئـەرکی ئەستێرەکانی ئەو بوارەیە. لە سەرەوە بە ناچاری وشەی ناکوردیی حەک کردنم بەکار برد. باسی حەک کردن و خـەمی زمـانی



سەرچاوە
Serchawe

کوردی زۆر زیاتر لە قەڵەمەکەی بابم، ئەمن دەخاتەوە یادی ئامێرێکی دیکە کە جگە لە بابم کەسم نەدیتووە لە نووسیندا بەکاری ببا. بۆ هەموو ئەو کار و خزمەتانە کە بەهۆی وانەوە ئەمڕۆ بابم دوکتوڕای فەخریی وەرگرت، جگە لە دایکم، چەقۆیەکیش ڕۆڵی هەبووە. چەقۆیەکی بچووکی دەسک داری زۆر تیژ. بەداخەوە بابم کەمتر دەستنووسەکانی خۆی رادەگرت و هاتنی کەمپیوتێریش ڕووحی لە هەموو شتێک دامالّی. بەڵام لەبیرمە بابم بەتایبەتی لە وەرگێڕاندا، لەگەڵ ئەوە کە زۆر بە کەمی هەڵە و پەڵەی دەکرد، هەر کاتێک وشەیەکی نەگونجاوی نووسیبا، وشەیەکی گونجاوتری دیتبایەوە یان سێنتاکسێکی پێ کوردیتر با، ئەوە نەبوو کە وشە و دەستەواژە نەگونجاوەکە بە هەمان قەڵەم ڕەش بکاتەوە یان بە لاکی سپی بیسڕێتەوە، بەڵکوو هەر بەجارێک قەبری بۆ هەڵدەکەند و بە فەنای دەسپارد: لەسەر کاغەزەکە هەڵی دەکۆڵی و وشە و سێنتاکسە دروست یا گونجاوترەکەی لە هەمان شوێنی رووشاو و هەڵکۆڵراو دەنووسییەوە، هەروەک ئەوەی بیهەوێ لە هەڵەی زمانی دەرسی عیبرەت وەربگرێ و تایپیستی دەقەکە یان هەر ڕێبوارێکی بەنێو پاژەکانی ئەو دەستنووسەدا گوزەری کردبا بۆی پرسیار بێ داخوا لەو دەمەدا لەو شوێنە چ رووی داوە. چەند ساڵ پێش ئێستا لە سەرەتای فیلمێکدا کە بۆ ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانی ئەکادیمیای کوردی لە گوڵچنەرەوەی "هەنبانەبۆرینە"ی هەژار دروستیان کردبوو، نووسرابوو: "سەربردەی ڕێبەرێک کە پاسەوانیشە، پاسەوانی زمانی پاراوی کوردی".

# زانكۆی كۆیە دكتۆرای فەخریی بە مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادە بەخشی

## مامۆستا عبدالكریم شێخانی

ڕۆژی ١٠ - ٣ - ٢٠١٩ وەكوو ڕێز لێنانێك زانكۆی كۆیە دكتۆرای فەخریی بەخشی بە مامۆستای ئەدیب و زمانزان عەبدوڵلای حەسەنزادە. بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆم بە مامۆستای بەڕێز ڕادەگەیەنم و چاوەڕوانی ئەوەم دەكرد كە ئەم بۆنەیە بەشێوەیەكی بەرفراوانتر لای ڕۆشنبیرانی كورد دەنگ بداتەوە. من دڵنیام لەوەی كە مامۆستا حەسەنزادە شایانی زۆر لەوە زێتره و زانكۆی كۆیەش بە سەرۆكایەتیی دكتۆر وەلی شێخانیی بەڕێز كارێكی زۆر چاكی كرد كە ئەو هەنگاوەی هاویشت و بەو كارەی چەند ڕێزی لە مامۆستا گرت، بارتەقای ئەوە زیاتر ئەو ڕێزە بەر خۆیشی كەوت. ڕاستە ئەو مامۆستا بەڕێزە لە هیچ زانكۆیەكی حكوومەتی دەرنەچووە و وەكوو ئێمە بۆی نەڕەخساوە بە كوردی بخوێنێ، چونكە بە كوردی خوێندن لە ئێران ئەوسا و ئێستاش قەدەغەیە و زمانی فارسی زاڵە بە سەر گەلانی ئێراندا. ئەو هەرچەندە بە كوردی نەیخوێندووە, بەڵام زمانی فارسی ئەو كاریگەرییەی لەسەری نەبووە وەك زمانی عەرەبی لەسەر ئێمە هەیەتی و بە كوردی دەنووسین بەڵام بە عەرەبی بیر دەكەینەوە و نەمانتوانیوە خۆمان لە كۆت و زنجیرەكەی ڕەها كەین و ڕزگارمان بێ. مامۆستا زمانی كوردی لە زانكۆی كۆمەڵگەی كوردەواری خوێندووە و زمانی پاراوی كوردیی لە خەڵكی ستەمدیدە و زەحمەتكێشی كورد، لە جووتیاری دەموچاو لەبەر سوورە هەتاو سووتاو و هەڵقرچاو و لە كرێكاری دەست و بازووی شان و سواو و دەست و پێ قڵیشاو فێر بووە، بۆیە زمانەكەی ئەو زمانە پاك و بێ گەردەیە كە خۆی لە وەرگێڕانی گێلەپیاو و حەمەدۆك و دانچەرموو و ئەوانی دیكەدا دەنوێنێ. دەبێ ئەو بڕوانامەی دكتۆرا فەخرییەی بە مامۆستا حەسەنزادە بەخشرا، شانازیی بەوە بكا كە بە یەكێكی وەك ئەو مامۆستا بەڕێزە بەخشراوە. ئەگەر هەندێك خەڵكی دیكە زمانی كوردییان تەنانەت بە شێوەی ئەكادیمیش خوێندبێ ناگەنە ئاستی ئەو مامۆستا بەڕێزە بۆ كوردی زانین.

ئەوەی ئاشكراشە برادەرانی ڕۆژهەڵات هەموویان شارەزایی مامۆستایان بۆ ساغ ببۆوە، بۆیە نووسینەكانی خۆیان پێشانی مامۆستا دەدا بۆ ئەوەی ڕای خۆی لە بارەیانەوە دەربڕێ و ئەو چرای سەوزی بۆ دادەگیرساندن ئینجا بڵاویان دەكردەوە. تەنانەت مامۆستا هێمنی نەمر بەو هەموو كوردیزانییەی خۆیەوە شیعرەكانی پیشانی مامۆستا دەدا. بۆ نموونە (شەو و شەیتان)ەكەی ڕەشبینانە كۆتایی پێ هێناوە، بەڵام مامۆستا حەسەنزادە پێشنازی بۆ دەكات كە بیگۆڕێت بە شێوەیەك كە گەشبینیی پێوە دیاربێت.

لێرەدا شتێکی دیکەتان بۆ دەگێڕمەوە. کە مامۆستای خوا لێ خۆشبوو کەریمی حیسامی ڕۆمانی دایکی کرد بە کوردی کە لە نووسینی نووسەری بەناوبانگی سۆڤیەت مەکسیم گۆرکییە، من کریم خوێندمەوە. من ئەو ڕۆمانەم لە قوتابخانەی ناوەندی بە عەرەبی خوێندبووەوە کە قەدەغە بوو و بە نهێنی ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد. کە خوێندمەوە، لە نیوەی شتێک کەمتر یا زیاتر هەستم بە جیاوازییەک کرد لە نێوان ئەوەی پێشوو و ئەوەی دیکە. وەکوو ئەوە وابوو بە ئۆتۆمۆبیل لەسەر جادەیەکی قیرتاوکراوی ساف و لووسی بێ هەڵبەز و دابەزەوە بچیتە سەرجادەیەکی تەخت کراوی گڵ و خۆڵ و بکەویتە هەڵبەز و دابەزەوە. ڕۆژێک مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادەم لەناو بازاری سلێمانی لای دوکانی حەسەن فەرەجی وشکەفرۆش بینی نزیک دوکانی قوماشفرۆشەکانی تەنیشت مزگەوتی (شێخ محەمەدی ئالەکی). دوای چاک و چۆنی، لێم پرسی: ئەرێ مامۆستا بە نووسینەکەی مامۆستا حیسامیدا چوویتەوە؟ فەرمووی هەمووی نا، بەڵام تا نزیکی نیوەی پێیدا چوومەتەوە.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادە دەکەم کە ئالایەکی بەرزی زمانی کوردییە و بەڕێزیان شۆڕشێکیان لە بواری نووسین و وەرگێڕانی زمانی کوردی بەرپا کرد کە کەم کەس تا ئێستا پێی گەییوە و هیوای تەمەندرێژیی بۆ دەخوازم.

## قادر وریا نووسەر و ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک

### لە زانکۆی کۆیە و مامۆستا حەسەنزادە پیرۆز بێ.

ئەو ئیعتیبارەی بڕوانامە زانستییەکان دەیدەن بە مرۆڤەکان، گرنگیی خۆیان هەیە. بەڵام زۆر جار بڕوانامەکانیش سەنگ و ئیعتیباریان بە هۆی هەڵگرانیانەوە دەچێتە سەر. رۆژی ١٠ی مارسی ٢٠١٩ زانکۆی کۆیە، بڕوانامەی دوکتورای فەخریی لە ڕێورەسمێک دا، پێشکەشی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە کرد.

بە دڵنیاییەوە، بۆ مامۆستا حەسەن زادە جێگای شانازییە خاوەنی ئەو رادەیە لە توانا و لێهاتوویی و بەرهەم و شویندانان لە بواری خزمەتی زمانی کوردی دایە کە زانکۆیەکی موعتەبەری وەک زانکۆی کۆیە، بە شیاوی پێدانی بڕوانامەی دوکتورای زانستی لە بواری زمانی کوردیی دا، دەزانێ. بەڵام بۆ ئەو زانکۆیەش مایەی سەربەرزییە کە کەسایەتییەکی تێکۆشەر و مامۆستایەکی خۆشەویستی پڕ شوێنەوار و شوێندانەری وەک عەبدوڵلا حەسەنزادە، لە ڕیزی دەگمەن وەرگرانی بڕوانامەی دوکتورای فەخریی ئەو دابن.

پیرۆزبایی لە زانکۆی کۆیە، لە مامۆستا حەسەنزادە و هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بەم ڕێزلێنانە خۆشحاڵن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک

ماموستا عبدولا حەسەن زادە دوێنی لە پێناو زیاتر لە نیو سەدە تیکۆشان لە سەنگەری پاراستنی نیشتمان وزمانی کوردی دا توانی دوو بڕوانامەی بەرز بە دەست بێنی. بڕوانامەی دوکتورای فەخری لە بواری وەرگێڕان لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە پێی دەرا و بڕوانامەی ئەندامەتی ئاکادیمیای زمانی کوردی لە لایەن سەرۆکایەتی ئەو ئاکادیمیایە پێی بخشرا . وەرگرتنی هەر دوو بڕوانامە ئەوەندەی بۆ ماموستا وزانکۆی کۆیەو ئاکادیمیای کوردی جیگای شانازی وپێزانینە بە چەندین بەرابەر جێگای فەخرو شانازییە بۆ تێکۆشەران وهاوسەنگەران و هاوخەباتانی ماموستا ولە هەمان کاتدا جێگای دەست خۆشی وخۆشحاڵییە کە هەست بە بەرپرسایەتی نەتەوەیی سنووره دەستکردەکان ناناسێ و رێورەسمی پێدانی ئەو بڕوانامانە بە ماموستا حەسن زادە سەلمێنەری ئەو راستیین کە گەلی کورد لە ئاستی تێکۆشەرانی خۆی دا بێ وەفا نییە . پیرۆزی ماموستاو هەموو خەمخۆرانی زمانی کوردی بێت.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## حەمە رەسووڵ کەریمی بەرپرسیماڵپەڕی گیارەنگ ئەندامی ڕێبەری حدک

بە بۆنەی بەخشینی بڕوانامەی دوکتورای فەخری جوانترین پیرۆزبایی لە مامۆستا حەسەنزادە و زانکۆی کۆیە و هەموو هاوڕێ و هاوخەباتیان و بنەماڵەی بەرێز دوکتور عەبدوڵلا حەسەنزادە و خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دەکەم و ئەوە بە گەورەترین خزمەت و میداڵیا نەک بۆ بەرێز دوکتور حەسەنزادە بەڵکوو بە هەموو ئەدەیب و نووسەران و خەڵکی ڕۆژهەلات و قەڵای خۆڕاگری دێموکرات دەزانم.

سوپاس بۆ کارگێرانی زانکۆی کۆیە کە بە حەق مرۆڤێکی شایستە و ماندوونەناسی بوارەکانی نووسین و وەرگێرانی کوردی و خەمخۆرێکی نەبەزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سیاسەتمەدارێکی لێزان و شارزای کوردیان هەڵبژاردووە و ئەمەگی خۆیان بۆ خزمەتەکانی ئەو گەورە پیاوە تێکۆشەرەی گەلەکەمان نیشان داوە و شانازیەکەی دیکەشیان بۆ زانکۆی کۆیە خوڵقاند.

سوپاس و پیزانین بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو ئەرکە نیشتمانیو گەورەیەیان بەڕێوە برد. بێشک ئەو هەڵوێست و ئەو خەمخۆریەتان ماندوویی لە جەستەیی دوکتور حەسەنزادە ڕەواندۆتەوە و ئەرکدارتان کردەوە کە وەک پێشوو و بگرە زیاتریش دەست بۆ نووسین و وەرگێرانی گەورە ببات و شاکاری دیکەی ئەدەبی بخوڵقێنێ.
سەردانت بۆ گۆرستانی شەهیدان بە ئامێزێک گوڵی پێشکەش کراوت نیشانەی بەردەوامیتە لە سەر ڕێگا و ڕێبازی ئەو شەهیدانە و پەیمان نوێ کردنەوەیە بۆ درێژەدانی ڕێگای هاوڕێ شەهید و کۆچکردووەکانت، دیسان گەورەییت کرد و لە کاتی خۆشی ئەمرۆژەشدا هاوڕێیەکانت لەبیر نەکرد.

هیوای تەمەن درێژی و سەرفەرازی زیاتر بۆ مامۆستای خەمخۆری گەلەکەمان دوکتور عەبدوڵلا حەسەنزادەی خۆشەویست بە ئاوات دەخوازم.
خۆزگەم دەخوازت ئەمرۆ یەکێک لە وێنەگرانی ئەو ڕێورەسمە گەورە و بەشکۆیەی زانکۆی کۆیە و مامۆستا حەسەنزادەی خۆشەویست بام.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ژیوار ڕەسووڵی ڕۆژنامەوان

کەم نین ئەو کەسانەی یەک ڕۆژ لە زانکۆ نەبوونە یان لە زانکۆ دەرکراون و بێ بڕوانامە جیهانیان گۆڕیوە. ئەوانەی بێ بڕوانامەی زانکۆ زۆرترین کاریگەریان لە سەر هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هەبووە، زیاترن لەوانەی لە زانکۆوە دەستیان پێکردووە. فرانک لوید رایت گەورەترین ئەندازیاری مێژووی ئەمریکا ئەندازیاری لەزانکۆ بۆ یەک چرکەش نەخوێندبو. تۆماس ئیدیسۆن کە جیهانی ڕوونکردەوە هیچ بڕوانامەیەکی نەبوو، برایانی رایت کە خەونی فرینی مرۆڤیشیان وەدی هێنا هەر نەچووبوونە زانکۆ. جا هەشبوون کە زانکۆ یان دانی پێدانەدەنان یان خۆیان زانکۆیان بە ڕێگری خۆیان دەزانی، بێڵ گێتسی مایکرۆسۆفت کە لەزانکۆ دەکرا بووە دەوڵەمەنترین مرۆڤی جیهان، مارک زاگربێرگی فەیسبووک و ستیڤن جۆبزی ئەپلیش هەروەتر.

قەت پێموانە بووە کە ئەوانەی لە نێو زانکۆن تێگەیشتووتر و لێزانترن، زانکۆ ئەوەندەی ئامانجەکان دوورتر و پرسەکان ئالۆزتر دەکات، ئامانجەکان هەستپێکراوتر و نزیکتر ناکات. مێژووی کوردستانیش ڕەنگە شاهیدێکی باشی ئەو قسەیەم بێ. ڕەنگە زۆر جاران ئەوەم وتبێت کە خۆزگە سمائیل ئاغای سمکۆ بڕوانامەی هەبووا و چەند زمانی زانیبا بۆ ئەوەی لە بێنەو بەردەی ئەوکات بریتانی و رووسەکانی جوان تێگەیاندبا! بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەوانەی زانکۆیان دیت، ئەوە نەبوون کە دەبووا ببن. بەهەرحال زانکۆ ئەوەندەی فێرە لێکۆڵینەوەت دەکات کە هەر دەبێ وابێت، ناتوانێ عاقلتر و ئاوزمەندترت بکات.

ماموستا عەبدوڵا حەسەنزادە لەو کەسانەیە کە لە گوندێکی بچووکی سەردەشت و لە عوجرەوە دێتە نێو دونیای خەباتگێری، دواتر بێ ئەوەی زانکۆ یان تەنانەت مەکتەبی ناوەندی و دواناوەندی دیتبێت پلەکانی حیزبایەتی تێدەپەڕێنێت، نزیکەی ١٠ ساڵ دەبێتە سکرتێری حدکا. بێگومان بەراورد لەگەڵ هەموو سکرتێرەکانی دیکە و بەبەراورد لەگەڵ هاوتاکانی خۆی لە ڕۆژهەڵات مێژووەکی سەرکەوتووتری هەیە، هیچ ئینشعابێک لەسەردەمی سکرتێری ئەوەدا ڕوونادات، لەکاتێکدا کوتلەگەریش هەبوو. لەگەڵ ئەوەش ڕەخنەش لە جەنابی ماموستا هەن کە هەندێکیان بچووک و هەندێکیان هەتا ئاستی چارەنووسسازی گەورەن، بەڵام ئەو کەموکوڕیانە تەنیا بە باڵای ئەو نەدوراون و ڕەخنەی گەورەتر لەسەر سکرتێرو کەسایەتییە سیاسییەکانی دیکەش هەبووەو هەیە.

ماموستا بۆ من سیاسییەکی بە ئەتەکێتە، زۆر بە ئەتەکێتە. زمانی وەها خزاندووەتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی کە ئەو سیاسیانەی کە کتێبەکان و وەرگێرانەکانی ئەویان خوێندووەتەوە لە دوورەوە دەناسمەوە، چونکە لەدەرەوەی ناوەرۆک خودی زمانی جەنابیان کاریگەری لەسەر بەیانی خوێنەرەکانی داناوە. جەنابت دوکتورای واقیعیت لە زانکۆی شاخ و بەرخودان بە سەمای وشەکان وەرگرتووە، ئەو دکتورا فەخرییەی زانکۆی کۆیەش کە بەراستی هەنگاوێکی یەکجار پیرۆزە شاهیدی ئەوەت بۆ دەدەن کە بۆ فێربوون مەرج نیە لەپۆلەکانی قوتابخانە یان زانکۆ دابنیشیت، هەموو کێوو تەلان و بەندەن و بەردێک دەتوانێ زانکۆیەک بێت.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ئێمڕۆ، ڕۆژێکی خۆش بوو بۆقەڵەم بەدەستانی دیمۆکرات.

### ڕەشید قازی نووسەر و چالاکی سیاسی

**ئێمڕۆ ئوستاد ئەحمەدی قازی گوتەنەی. کاتێک چەکەکان کپ دەکرین دەبی چەکی قەلەم لەشان بکەیێن، هاتە دیی.**
ئێمڕۆ ١٠ی مانگی مارسی ٢٧١٩ی کوردی، لەسەرۆبەندی سالێ تازە و نەوڕۆزی کوردان، قەلەمبەدستانی دێمۆکرات، حەشریان کرد. لەم ڕۆژەدا زانکۆی شاری حاجی قادری کۆیە خەڵاتی "دوکتورایی فەخری"بەخشیە، نوسەر و ئەدیب و شەروان و پێشمەرگەی ڕاوێژکار و سکرتیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەرێز مامۆستا عەبدووللە حەسەن زادە. هەر لەم ڕۆژەدا قوتابێکی دیکەی دێمۆکرات، مێژووناسێکی دیکەی کورد، بەرێز قاسمی قازی، پاش ٤ سال،شەو شەونخونی و ماندوبوون و لێکۆلینەوە، سەرئەنجام تیشکی خستە سەر مێژووی تاریک و لێلی جولانەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ڕێک لەم ڕۆژەدا، دوو بەرگ لە ٤ بەرگی "مێژووی گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان "ی بە هەموو بەڵگە و سەنەدەکانیەوە چاپ و بلاو کردەوە. هەر لەم ڕۆژەشدا قوتابێکی دیکەی زانکۆی دێمۆکرات، ڕەشید قازی، کتێبی " **Rejsen til landet der ikke findes**" "**سەفەر بۆ وڵاتێکی حاشا لێکراو**" ی کە بەرهەمی دوو نوسەر و ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی دانمارکین و باسی سەفەری سێ مانگەی خۆیان ڕێک لەکاتی رووخانی سەددام حوسین بۆ کوردستانی ئیراق و تورکیە و سووریە لەماوەی ٣مانگدا دەکات، لە دانمارکیەوە وەرگێرایە سەر زمانی کوردی و ئەویش چاپ و بلاو بۆوە.

ئێستا ئامۆژگاریەکانی ئوستاد ئەحمەدی قازی، باوکی ڕۆژنامەوانی کوردی، لە مەر کاتێک چەکەکان کپ و بێدەنگ دەکرێن دەبی رۆلەی کورد چەکی قەلەم لە شان بکات لەهەر کات و ساتێکی دیکە زیاتر بە کردەوە رووی خۆی دەرخست. بەلێ ئێمڕۆ زانکۆ هوویەتی راستەقینەی خۆی دەرخستەوە و ماموستا حەسەنزادە بەشێک لە ئەمەگناسی کۆمەلگەی خۆی دەست کەوتەوە و تارێکەکانی مێژووی کورد، تیشکی زیاتریان بە دەست و بیر و هەزری قاسمی قازی خسترایە سەری و ڕوانگەی و بۆچونەکانی دوو دۆستی لە مێژینەی کورد، بە زمانی شیرینی کوردی خرایە بەردیدی خوێنەران. هەمویان لەسەریەک ڕۆژێکی شاد و پڕ لە خۆشیان بۆ ئەدەب دۆستان و یارانی ماندونەناسی قەلەم بۆ کتێبخانەی کوردی بەدیاری هێنا. ئەم ڕۆژە لە هەموو تاکی کورد بەگشتی و لە ماموەستا عەبدووللە حەسەن زادە و قاسمی قازی و ڕەشید قازی پیرۆز بێت.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## بۆ مامۆستای روحیم مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

بـۆی هەیە قەڵەمم لە حاست بەرزی و گەورەیت کـورت و نەتـوانێ بە دارە ژینـی زانسـتی جەنابـت هەڵزنـی. بەڵام کـورد گـوتەنی ئەم هەسـتەم دنەی داووم و لە قـوڵایی دڵەوە دێـتە دەر و هیـوادارم کـۆتری وشـەم بە زوویـی لەسـەر لپـی دەسـتە پیرۆزەکانت بنیشێ و دان و ئاوی زانست لە لات بخوا.

بەهار باری سەفەری بەست و وەک برایمۆکی وەفادار دەمهەوێ خزمەتی مامۆسـتام بکەم. ئـاوی دەم کـانی قەنـدیل و تـاڤگەی پڕهـاژەی و گـرفەی شڵماش و دیمەنە جوانەکەی سـەرچاوە گڕاوانـی رەبەتـت بـۆ دەکەم بە دیـاری، تـا لە بەهـاری دڵاوێنـی ئەمساڵ دا گووڵ بدەن لە بەرۆکی زانایان. لە ئەنگۆرە زەماوەندە، سەرچۆپی بە گەورە پیاوان ئەسپێردراوە و داناسکنن، تـا شاهیدی زەماوەندی دوند و هەتاو نەبن.

لە منداڵیەوە هەر کە تازە فامم دەکردەوە، دوو ناوی پیرۆزم لە باب و باپیرانم گوێ لێ دەبـوو و دەمبیست. دوو سوارچاکی بەستینی خەبات و بەرخودان و کوردایەتی، بەرێزان مامۆستا عەبـدوڵڵا حەسەن زادە و مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی.(وەک خەون و خەیاڵ وەبیرم دێت پێش شۆڕشی ئینقلابی ئێران دژی رژیمی پاشایەتی، مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی ماوەی یەک دوو رۆژ لە ماڵی ئێمە بوو، قاچاق واتە پێشمەرگە بوو و بابم هەوڵی دەدا کە بە من بسەلمێنیت کە ئەو میوانە عێراقییە، تـا لای منداڵی گەرەک باسی نەکەم بەڵام مامۆستا حەسەن زادەم ئەم کاتە بە وێنەش نەدیتبوو.)

وەک باسم کـرد منـداڵ بـووم و زۆر جـار کە باسـی بلیمەتـی و بیرمەنـدی بـوو، نـاوی بەرێـز مامۆسـتا حەسـەن زادە دەبیست. هەروەها خەبـات و تێکۆشـان و چـالاکی ئەو رێـزدارە بـاس دەکرا و بە حەق جێ پەنجەی لە نـاو جووڵانەوەی مـافخوازانەی گەلی کورد دیارە. ئەو ناسین و خۆشەویستیە سەرچاەی لە بـاس و خـواس و جیرانـایەتی و تـێکەڵاوی بنەمـاڵەی من بـوو لە گەڵ مامۆستا. رەویشت و خووخدەی جوانمێرانەی مامۆستام بە کردەوە دیتبوو و دەبینم.

دوای سەرکەوتنی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی چالاکی سیاسی حیزبی دێمـوکرات بە هـۆی خوێنـدوەی نوسـراوەکانی مامۆسـتا، زۆرتر لەگەڵ کەسایەتی بەرزی ئەو رێزدارە ئاشنا بووم.

لە ئاوارە بوون و دەربەدەریش دا لەساڵی ١٩٩٠ی زایینی - ١٣٦٩ی هەتاوی، دوای ئەوەی کە بنکە و بارەگا و بنەماڵەکانی حیزب لەسونێ راگوێزران، یەکەم شوێن لە بناری قەندیل کە رووم تێکرد ماڵی بەرێز مامۆستا حەسەن زادە بوو. ئەو ماوەیە کە بە هۆی لووتف و دڵسۆزی و لە واقیعدا بە هۆی سەرپەرەستی مامۆستا شیوەسەڵی بۆ من، لە ژێر سێبەری ماڵی بەرێز مامۆستا حەسەن زادە پەنام گرت زۆرتر لە گەڵ رێزداری و وەفا و میوان دۆستی مامۆستا ئاشنا بووم. هەروەها لە رێگای هاوسەنگەرە دێرینەکانی مامۆستا زۆرتر و رۆژ بە رۆژ زێدەتر لە گەڵ ئەو رێزدارە ئاشنا دەبووم.

شتێکی گرینگ و سرنج راکیش هەر ئەوە ساڵەی دەربەدەر ببووم، مامۆستا حەسەن زادە نامەیەکی بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا خدری سارتکێ( سکرتێری ئەو کاتی سازمانی خەبات) بۆ ناساندنی من نووسی کە خۆم نامەکەم بۆ برد. لێرە دا مەبەستم هاوکاری و پاڵپشتی من نیە(ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا گەورەیی و هەست بەرپرسایەتی مامۆستا حەسەن زادە دەگەێنێ کە بە هۆی کەسایەتی بەرزی مامۆستا و هەروەها راسپاردەی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی وەک وتم یەکەم مەنزلم ماڵی مامۆستا حەسەن زادە بوو) لە نامەکە دا دوای باسکردنی لە من و... لە ئاخیری نامەکەی بۆ خوالێخۆشبوو مەلا خدر سارتکێی نووسیبوو، نووسیبووی "قوتابیت عەبدوڵڵا حەسەن زادە" کە ئەوە لووتکەی ئینسانیەت و مرۆڤایەتی مامۆستا دەگەێنی. ئەو خاکی بوونە و خۆ بە زۆر نەزانینە - نیشان - لە دەروون و مێشکێکی پڕ و زانیاریی مامۆستا، دەدا.

بەشدارن لە بوون و دنەی بەرەو چوونە پێشیان، کەرەێشکەی گەنمی گەورە بوونیان دەبینن و بلیمەتەکان ناز دەکرن تا ئێمە بگەینە ئاوات. سپاسی بوونت دەکەم. سپاس سپاس بۆ خاک و ئاسمان و نیشتمان کە جەبابتی بەخشی بە گەلی کورد و بە جیهان. پیرۆز بێ ئەم خەڵاتە لە مامۆستای خۆشەویست و گەل دۆست و پیرۆزبایی دەڵێم بە گشت خەباتکاران و هاوبیرانی بواری فەرهەنگ و ئەدەب. پیرۆزە لە هەموو لایەکمان و بەتایبەت لە بنەماڵە شۆڕشگێرەکەی مامۆستا، هیوای تەمەن درێژی و بەردەوامی بۆ مامۆستا حەسەن زادە لە خوای بانی سەر دەخوازم.

هاوکات هاتنی ساڵی نوێ پیرۆزبایی دەڵێم بە دوو مامۆستای خۆشەویستم بەرێزان مامۆستا حەسەن زادە و مامۆستا شیوەسەڵی.

لەگەڵ رێز و حوورمەت، براتان رەحمان حەسەن زادە(شیوەسەڵی)

٢١ - ٣ - ٢٠١٩

## عەبدوڵا حەسەنزادە.. دکتۆرا لە پێناو نیو سەدە خەبات



### هیدایەت جان

سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بە هاوکاری ئەکادیمیای کوردستان وەک ڕێزگرتنێک بۆ زیاد لە نیو سەدە خەباتی سیاسیی و فەرهەنگی دکتۆرای فەخری و ئەندامێتی فەخری ئەکادیمیایان بە عەبدوڵا حەسەنزادە نووسەر و سیاسەتمەداری رۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی.

زانکۆی کۆیە لە مێژووی درووستبوونییەوە ئەوە چوارەم کەسایەتی کوردستانە دکتۆرای فەخری پێ دەبەخشێت، پێشتر ئەو بڕوانامە فەخرییە بە جەلال تاڵەبانی، دکتۆر کەمال مەزهەر، پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا رەسووڵ بەخشراوە.

رۆژی یەکشەم ١٠ی ئادار سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسیی و ئەدەبی و رووناکبیر لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ ڕێوڕەسمێکی بۆ بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە عەبدوڵا حەسەنزادە بەڕێوە برد.

عەبدوڵا حەسەنزادە، لە دنیای نووسین و سیاسەتدا بۆ کوردستان ناوێکی ئاشنایە، بۆیە هاوکات ئەکادیمیای کوردستان

ئەندامێتی فەخری و زانکۆی کۆیە دکتۆرای فەخریان بەو کەسایەتییە بەخشی و جێگری ئاکادیمیای کوردستان دەڵێ، بەخشینی دکتۆرای فەخری زەمینە خۆش دەکات بۆ تێکشکاندنی سنوورەکان و پرۆسەی نەتەوەسازی.

د. نەجات عەبدوڵا جێگری ئەکادیمیای کوردی لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ وشە رای دەگەیەنێت، قسە کردن لەسەر مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، قسەکردنە لەسەر ئەو پیاوەی زیاد لە ٦٠ ساڵە لە کاروانی خەبات و نووسیندا بەردەوامە.

زیاتر روونی دەکاتەوە، مامۆستا حەسەنزادە لە دوو بواردا کاری کردووە، یەکەمیان بواری وشە و ئەدەبیاتی کوردی و دووهەمیان وەک سیمبولێک بۆ تێکۆشانی نەتەوەکەی خەباتی کردووە و لەو پێناوەدا شەش دەیە بێ وچان هەڵگری خەباتێک بووە کە سیمبولی رزگاری نەتەوەییە.

د. نەجات ئاماژە بەوەیش دەدات، "مامۆستا حەسەنزادە بۆ ئێمە دوایین وەچەی ئەو کاروانەیە کە سەرقافڵەکانیان کەسانی وەک مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن موکریانی بووە بۆ خزمەتکردنی مێژووی زمان و ئەدەبیاتی کوردی.

لەبارەی دەستپێشخەرییەکەی زانکۆی کۆیە بۆ بەخشینی دکتۆرای فەخری جێگری ئەکادیمیای کوردی دووپاتی دەکاتەوە، ئەو هەوڵەی زانکۆی کۆیە جێگەی رێز و دەستخۆشی پێ گوتنە و زەمینە خۆش دەکات بۆ تێکشکاندنی سنوورەکان و پرۆسەی نەتەوەسازی کە بەداخەوە ئێمە لەو پرۆسەیەدا زۆر بەدوا کەوتووین.

"ئەگەرچی کارەکانی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە زۆر لە دکتۆرای فەخری گەورەترن، بەڵام ئەوەیش خۆی رێزلێنان و پێزانینێکە بۆ ماندووبونی پیاوێک کە شەست ساڵە بێ وچان خزمەتی زمان و وڵاتەکەی دەکات، ئەمە ئاوڕلێدانەوەیەکی پێویست بوو و هیوادارم زۆر کەسایەتی و رووناکبیری گەورەی تریشمان هەیە، ئاوڕ لەوانیش بدرێتەوە و لەبیر نەکرێن، گرنگە ئەوانە تا لەژیاندان رێزیان لێ بنرێت، بەو شێوەیە رێزلێنانەکە قورسایی زیاتری دەبێت، ئەگینا لەدوای مردن پێویست ناکا رێزیان لێ بنرێت" د. نەجات عەبدوڵا وای گوت.

جێگری ئەکادیمیای کوردی ئاشکرای دەکات، لە یادی ٧٥ ساڵەی لەدایکبوونی مامۆستا حەسەنزادە وەک ئەکادیمیای کوردی دەستپێشخەر بووین و رێزلێنانێکی تایبەتمان بۆ کرد و بەلای ئێمەوە زۆر گرینگ بوو وەک زمانزانێک پیی بڵێین تۆ دیوارێکی گەورەی زمانی کوردیت بۆ ئێمە پاراستووە و هەنگاوێکی زۆر بوێرانەت ناوە و خزمەتێکی زۆری زمانی کوردیت

کردووە، بۆیە ئێمە لەپای ئەو خزمەتانەت ریزت لێ دەنێین.

د. نەجات هێما بۆ ئەوە دەکات، مامۆستا حەسەنزادە ئێستا ئەندامی شەرەفی ئەکادیمیای کوردییە و ئەکادیمیا شانازی بەو ئەندامێتییەی دەکات.

بەدران ئەحمەد حەبیب، نووسەر و روناکبیری کورد ئەو هەوڵەی ئەکادیمیای کوردی لەئاست توانا و کەسایەتی عەبدوڵا حەسەنزادە نازانێت و دەڵێ، "خۆزیا دەیانکرد بە ئەندامێکی راستەقینە."

بەدران ئەحمەد حەبیب لە لیدوانێکی تایبەتدا بۆ "وشە" رای دەگەیەنێت، ئەندامی فەخری تەنیا بۆ رێز لێنانە، خۆزیا دەیانکرد بە ئەندامێکی راستەقینە.



دووپاتی دەکاتەوە، من لەو رووەوە گلەیی لە ئەکادیمیا دەکەم، ئەندامی فەخری دەشێ بدری بە عارەبە زوڕاتێکیش.

عەبدوڵا حەسەنزادە ساڵی ١٩٣٨ لە سەردەشت لەدایک بووە و ساڵی ١٩٥١ بە فەرمی بووەتە ئەندامی حزبی دیموکرات و ساڵی ١٩٦٩ وەک ئەندامی رێبەرایەتی ئەو حزبە هەڵبژێردراوە و لە سەرجەم کۆنگرەکانی حزبی دیموکرات کە بەشداری کردووە وەک ئەندامی رێبەری هەڵبژێردراوەتەوە جگە لە کۆنگرەی هەشتی ئەو حزبە و بۆ ماوەی چوار خول جیگری سکرتێری گشتی بووە کە سێ خولیان جێگری د. قاسملو بووە و سی خولی لەسەریەک سکرتێری گشتی حزبی دیموکرات بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - رێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠١٩

## ئەدیب کاسرایی (Adib Kasrayi)

لەوەتەی وەبیرت دێ و وەبیریان دێ هاوڕێ و هاوخەبات لەگەڵ هەزاران ڕۆڵە و تێکۆشەری کورد لە مەیدانی خەبات دای. بێ ماندوو بوون و بێ حەسانەوە هەموو ڕۆژێ گەمتر لە ڕۆژی ڕابردوو بەرز و نزمی ئەو ڕێگایە دەبڕی.

ئەو ئامانجەی کە لە تەمەنی ١٣ ساڵیتەوە بێ پسانەوە هەوڵی بۆ دەدەی بەداخەوە هەتا ئێستا نەهاتۆتە دی، بەڵام هەر ئەوەی کە خەباتکارێکی وەکو تۆ هاوشان لەگەڵ هەزاران هاوڕێی دیکەت هەتا ئێستاش بێ کۆڵنەدان هەوڵی بۆدەدەن، گەورەیی و پیرۆزی ئەو ڕێبازە دەسەلمێنێت و وا لە ئێمە و نەوەی دوای ئێوە دەکات کە هەتا بەدیهێنانی ئامانجەکان ڕێگەتان بەردنەدەین.

لە ماوەی خەباتی بێ پسانەوەتدا دەیان و سەدان هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆشەویستت لەدەست دا، بەڵام تۆ نەک هەر لە کاتە ناخۆشەکاندا، بگرە لە ڕۆژە خۆشەکانیشدا هاوڕێکانت و بنەماڵەکانیان لە یاد ناکەی و یەکەم شوێن کە دوای پێدانی دوکتۆرای ئیفتیخاریەکەت سەردانی دەکەی مەزاری شەهیدانە و دیسان پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەیەوە و ئەو گوڵانەی کە پێشکەش بەتۆ کراون، پێشکەشی گڵکۆکانیان دەکەی.

زمان لە ئاست گەورەیی تۆدا لاڵە بابە جان گیان.

هەزار جارت لێ پیرۆز بێت.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩

## عوسمان کەوکەبی‌شاد

ئەمرۆ یەکشەممە ڕێکەوتی ١٠ی مارسی ٢٠١٩ زایینی لە ڕێورەسمێکی فەرمی دا بە سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پێشکەشی زانا و ئەدیب و سیاسی و ڕووناکبیر و زمان زانی کورد بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کرا. مامۆستا وەک زمانزان و وەرگێڕێکی بە توانا و سەرکەوتو ناسراوە.

بەرهەمە وەرگێڕەکانی وەک کوردستان و کورد؛ حەمەدۆک؛ دانچەرموو؛ گێلە پیاو ناو بانگیان هەیە. مامۆستا چەندین وەرگێراوی تریشی هەیە. جگە لە وەرگێران بە هەزاران وتار و بابەتی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراونەوەو چاپ کراون. هەروەها مامۆستا مێژووی نیو سەدەی حیزبی دێموکراتی نووسیووە ؛ کە سەرچاوەیەکی گەلێک بە کەڵکە و بە سوودە بۆ مێژوونووسان و تاکی کورد.

مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە جگە لەوەی کە ئەدیب و زمان زانێکی بە توانایە؛ هەروەها سەرکردەیەکی شۆڕشگێر و خەباتگێر و خاکی و گەلیە.

**لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زۆر پلەی بەرزی سیاسی هەبووە:**

- ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکرات.
- ئەندامی دەفتەری سیاسی.
- ئەندامی کۆمیتەی زاگرۆس.
- جێگری سکرتێری گشتی.
- سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات

مامۆستا تەواوی ژیانی خۆی بۆ خزمەت کردن بە کوردو کوردستان تەرخان کردووە و شایانی وەرگرتنی دکتۆرای فەخری (٥).

پیرۆزبایی لێدەکەم و هیوای تەندروستی و تەمەن درێژی ئاواتەخوازم

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بەشێک لە کورتە نامەی (Comment) دیواری فەیس بووکی

## رێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

---

### عەبدوڵڵا حیجاب

پیرۆزبایی لە جەنابی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە دەکەم بە بۆنەی وەرگرتنی دوکتۆرای فەخری لە لایەن زانکۆی کۆیەوە. هەر وەها پیرۆزبایی لە زانکۆی کۆیە دەکەم بە بۆنەی هەڵبژاردنی کاندیدێکی شیاو بۆ ئەو پلەیە. مامۆستا کەسایەتییەکی پڕ بەرهەم و خاوەن شوێن پەنجە لە وێژە و سیاسەتی کوردیدایە. هیوام تەمەندرێژی و سەرکەوتنی هەر چی زیاتریانە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩

---

### کەریم ئەللاوەیسی

یاری بەوەفا و جێگری قاسملووی مەزن پیرۆزبێ ! قاسملووی مەزن بە ماموستا عبدولای حەسەن زادەی دەگوت مەلای سێزدە عیلم. هەر شاندێکی کورد و دیموکرات بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد چوو با بۆ تاران دووکتوور قاسملوو ئەرغیان بوو کە تێمکی زۆر سەرکەوتوویە ئەگەر ماموستا لەگەل بایە.. ئاخر ماموستا کە دوکترای ئێفتخاری وەرگرتووە، ٤٠ سال لەوە پێش زۆر زیرک و وردبین بوو. (ئەوانی لە سەرتای شۆرشەوە لەگەل دیموکراتن دەزانن مامە غنی بلوریان چۆنی لەگەڵ رۆژنامەکان قسە دەکرد و ماموستا چۆنی دیفاع لەکورد و ئامانجەکانی دەکرد). نموونەی دیکە قسەکانی لە میتینگی زیاتر

لە ١٠٠ هەزار کەسی ئاشکرابوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان و قسەکردنی ماموستا. ١٠ ساڵ سکرتێری ماموستا. دەیان نوسراوە بە قەڵەمی زێرینی مامووستا لەسەر رێبەری نموونەیی قاسملوو و سەدان مەقالە بە ناوی جۆراجۆر نیشان دەدا مامووستا حەسنزادە نە هەر وەرگێرێکی نموونەیی یە ، نووسەریکی زۆر گەورە و زمانزانێکی ئێجگار بە توانایە. مامووستا هێمن و مامۆستای کۆچکردوو ئەنوور سوڵتانپناە و زۆر شاعیری دیکە شیعرەکانیان بە مامووستا نیشان دەدا کە نەزەر و بۆچۆنی خۆی دەرببرێ.

مامووستا گیان لە قوڵایی دڵەوە پیرۆزبایی گەرمت بە بۆنەی وەرگرتنی دووکترای فخری پێ دەڵێم. ئاواتە خۆازم زۆر بژی

بە ساخ و سڵامەتیەوە کە زۆرتر خزمەتی کورد و کتیبخانە کۆردی بکەی و شانازی زیاتر بخۆلقینی.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩

١٣ - ٣ - ٢٠١٩

---

**Azad Aza**

هەرکات گەیشتوومەتە خزمەتتان شتێکی نوێ فێر بووم و هەمیشە وزەیەکی لەبڕاننەهاتوون بۆ ئەوەی هەوڵی فێربوون و خوێندنی زیاتر بدەم. سایەت بەردەوام بێ بەسەرمانەوە گەورەم

**Hassan Xambar**

ماموستا گیان جێ شانازیە کە دەبێنن و ڕۆژ لە گەڵ رۆژ ڕووڵەکانی نەتەوەکەت بە چەندین تابلۆ و شێواز قەدر و قیمەتی گەوەری لە بەڕێزت دەگیرێ! بۆ ئیمە فەخر و شانازیە.

## Rand Zarei

مامۆستا گیان، بەحەق وشەی مامۆستا پڕ بە پێستی کەسایەتی جەنابتە. بەڕاستی چ شانازییەکە بۆ کورد و زمانی کوردی کە جەنابتی هەی. شیاوی باشترین و بەرزترین ڕێزلێنان و پلەی.

## Halimeh Ismaeli

هیوادارم هەر تەمن درێژ و ساغوسلامت بی ماموستای بەڕێز و تێکۆشەر پیرۆزە سەد جار پیرۆزە ئاواتە خۆازم و لێتان دەپارێمەو کە دڵنیام ئەوەش لەتوانا گەورەی بەرێزت دادەبینم کە هەر وەک هەر وشەیەکت گەوهەرێکە ئاواش لە یەکریزی و ڕێکخستنی مالی کورد بەگشتی و رۆژهەلات بەتایبەتی تێبکۆشی و ئەو مزگێنیە بۆ دڵسۆزانی گەلی کورد و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و تینۆانی یەکریزو یەک گوتاری کەبەرێزت لەهەمومان باشتر دەزانی توقی ملی و دوژمن و خنکانی یەکجارەکی هەر ئەو یەکریزی یەکگرتنەیە بەدیاری بینی دوکتۆرای گەورەتر نسیبی خوت بکەی ولەوەش زۆرتر پێکەری زێرت لی دروست بکرێت ماموستای گیان نیزیکتریش دەلێم بابە گیان کە براستی بەچاوی باب دەروانمە زەحمتو تێکۆشانت قوتبە ماندونەناسەکە دیسان پیرۆزە.

## Hamza Agoshi

دووبارە و چەند بارە پیرۆزە مامۆستا گیان. بە دڵنیاییەوە زەحمەتەکانت جێی رێز و پێزانینن و زۆر لەوە زیاترت قابیلە.

## Mohammad Faqeali

پیرۆزە مامۆستا گیان هیوادارم هەر سەلامەت و سەرکەوتوو بن بۆ کورد و کوردستان، بوونت گەورەترین شانازیە بۆمان.

## Aziz Ahmadi

مامۆستای مامۆستایان تەمەندرێژی وتەندروستیتان لە خوای گەورە دەخوازم ئەمن دەڵێم خۆزگە جەنابتمان وەکی هەی ئوا ناسرابای بەداخەوە پیاوە گەورە کانمان تا لەدەستمان دەر نەچن ناناسین وڕێزیان لێناگرین بۆ سوپاسنامە ئەدیبانەو زانستیانە کەتان سوپاس دەکەم خوا لەمەر نەستێنێ

## Sabir Salimzadeh

سڵاو و ڕێز مامۆستای خۆشەویست. بەدانی بڕوانامە لەلایان زانکۆوە بە جەنابتان گەلێک خۆشحاڵ بووم. هیوادارم هەر لەسشاغ و سڵامەت بی و بمێنی بۆمان.

## Omar Mohammad-Pour

گەورە و سەروەرمان ماموستای بەریزمان پیرۆزبێت دوکتورای یفتیخاری جەنابت لە پایی خزمەتەکانت کە بە گەلی کوردت کردووە زور لە وەیی زیاترت پیدەبریت پیرۆزە هیوادەخۆازم بە تەندروستیەکی سالم بە ئاواتەکانی خۆت کە رزگاری و سەرفرازی گەلی کوردە بگەی بە هیوای ئەو رۆژە دووبارە پیرۆزە.

## ئەسعەد خزری

زۆر بەرێز جەنابی ماموستا حەسەنزادە! پێ بەخشینێ دوکتورای فەخری لەلایەن زانکۆی کۆیە لە بەرێزتان پیرۆز بێت و دەستی ماموستایان و بەرێوەبەرانی زانکۆش خۆش بێت. ئاستی زانیاری جەنابتان لە بوارەکانی جیاجیادا و خزمەتەکانتان زۆر لەووەبەرزترە، ئەدەبیاتی کورد بەگشتی و حیزبی دیمۆکرات بە تایبەتی شوێن پەنجەی جەنابتیان بە ڕەنگالەوە لێدیارە. تەمەندرێژ، ساخ و سڵامەت بن لەژیاندا و سێبەرتان بە سەر ئێمەدا زاڵ.

**Hiwa Banayi**

ماموستا گیان هەموو کات جیگای فەخر و شانازیە بۆ گەلی کورد وهیوای تەمەن درێژیت وساغ و سەلامەتت بۆ بە ئاوات دەخوازین

**Qadr Husseni**

هەزار جار پیرۆزتبێ مامۆستا گیان.هیواخوازم هەمیشە سەلامەتو تەند دروستبێ بۆمان.

**Abdul Wahid Khandarash**

پیرۆزت بێت و گوڵی تەمەنت هەر لە گەشەکردندا بێت

**Skala Hakimzadeh**

دوبارە پیرۆزە ماموستا گیان، جەنابتان جێگایی شانازین بۆ گەلی کورد و زانکۆیکن بۆ لێ فێربوون.

**Osman Bewrani**

پیرۆزە مامۆستا گیان، جەنابت بۆ هەموو کورد جێی شانازی.

**Karim Farkhapur**

مامۆستا گیان دووبارە پیرۆزە و هیوام شادی و سەرفرازی و تەمەن درێژیتە.



سەرچاوە Serchawe

**Rashid Ahmadian**

پیروزە ماموستا گیان جێگای فەخرو شانازیت هیوای لەش ساغیو تندروستیت بۆ بە ئاوات خوازیارین

**Kamal Hassanpour**

دووبارە پیرۆزە مامۆستا گیان، جەنابت لە کۆنەوە بۆ ئێمە مامۆستا بووی و هەر مامۆستاش دەمێنییەوە.

**Amir Rasuli**

لای من هێندە بەرز و بەڕێزی سەر لە هەوران دەسوی! تەمەنت درێژ گەورە مامۆستامان

**Rebwar Sardashti**

پیرۆزە لە جەنابت و حیزبی دێموکرات و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش
دڵنیام شاگردەکانتان لە حیزب دا و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە تەمەنێکی زۆرتان بۆیان لە خەبات دا سەرف کرد زۆر لە ئێوە خۆشحاڵتر بوون کە هەرچەندە لە ئاست خزمەتەکانتان زۆر کەم بوو بەڵام خەڵات کران

**Rahem Hawshare**

پڕبەدڵ پیرۆزبای لە جەنابت دەکەم لەو بوارانەدا بەڕاستی ئەو خەڵاتانە پیشکەش بەجەنابت کراوە زۆۆر لەجیگای خۆیدایە بەڵام من و بەگشتی کوردی ڕۆژهەڵات چاوەڕوانین دوبارە پلەی دوکتورا لەبواری یەکڕیزی وەسەر یەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیمۆکڕات هەمو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وەربگری لەم کاتە حەساسە دا بۆ ڕۆژهەڵات یەکجار پیویستە تەواو کوردی ڕۆژهەڵات چاوە ڕوانی ئەم ئەرکە پیرۆزەن وەمن پیم وایەوەرگرتنی دوکتورای ئیفتخاری یەکریزی لەهەموان لەسەرترە دوبارەپیرۆزە

## Sarwar Abdulrahman

عەبدوڵلای حەسەن زادە

تەمەنێک خەبات لە پێناوی وشەو خاکدا

مامۆستا عەبدوڵلای حەسەن زادە کە هەموو تەمەنی خۆی لە خزمەت کوردو کوردستاندا گوزەراندووە، جا چ لە بواری سیاسی، پێشمەرگایەتی یا فەرهەنگی بێت، لەگەڵ هیوای تەمەن درێژی و لەشساغی بۆ مامۆستای خۆشەویست، لەناخی دڵمانەوە پیرۆزبایی لێدەکەین بەبۆنەی وەرگرتنی دکتۆرانامەی فەخرییەوە لەلایەن زانکۆی کۆیەوە.

لەگەڵ رێزماندا

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

## Ali Yazdanpanahi

جەنابی مامۆستا ئەرک و زەحمەتەکانت و شەو و شەو نخونیەکانی جەنابت کە دەتوانین بڵێین هەموو تەمەنی خۆتت پێ بەخشیون بۆ سەر کەوتن و ڕزگاری گالەکەمان ئەو خەلاتانە زۆر کەمن، پیرۆزت بێت و هەر بمێنی بۆمان

## Oubed Mamrasul

پیرۆزە مامۆستا

ناوی بەرێزت لە مێژوی ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردیدا ناوێکی بەشکۆو گەشاوەیە، تۆ پێویستت بەنازناوی دکتۆرانیە نازناوی تۆ شاکارەکانتە پێشکەوێت زانکۆی کۆیە.

## Ali Surachomi

مامۆستا گیان پیرۆز بێت، هیوام تەمەنی درێژی ئێوەی بەلیمەت و ئازیزە.

سووجدە بۆ وشەکانی پێنووسەکەت و تەمەنی پڕ لە خزمەت و داهێنانی ئێوە.
هیچ شتێک ناتوانێ پاداش بێ بۆ ڕەنجەکانی ئێوە لە ئاوارەیی و دەربەدەری دا.
تەنیا لە خوا دەپارێمەوە سێبەری ئێوەی ئازیز بە سەرمانەوە بێت.
دووبارە پیرۆزە و هیوای سەلامەتی

## Hassan Khoshkalam

هەزاران جارپیرۆزت بێ مامۆستای گەورە وپایەبەرزمان، جەنابتان لەهەموبوارەکانی زانست داشایانی وەرگرتنی ئەم خەڵاتانەی و بەبڕوای من بەخشینی دوکتۆرای فەخری بەجەنابتان لەلێهاتووی و شانازیەکانی جەنابت بەکەمتر دەبینم مەمانان بەو قەڵەمەکۆڵەوارەی هەمانە نازانین لەئاستی گەورەی جەنابت چ بنوسین تەنیا ئارەزووم. لەخوای مەزن ئەوەیە قەت مەرگی جەنابت نەبینم. شانازی بەخۆم دەکەم هاو سەنگەر وهاو ڕێبازی جەنابتانم

## Mahdy Abdulla

پیرۆزبایی عەرزی مامۆستا حەسەن زادە دەکەین، کە لە بەرانبەر ئەو قەڵەمە بڕشت و زمانە ڕەوان و کوردییە چاکەدا ڕێزلێنانی لێ گیراوە..
یاخوا تەمەنی پایەدار بێت

## قادر محمدی

مامۆستاگیان
خۆزگە هەموو کوردێک وەکوو من جەنابتی ناسیبا.

تەنها ئەوانەی لەنزیکەوە شانازی ئەوەیان بەنسیب بووە بتناسن وهەڵسوکەوتیان لەگەڵت کردبێ،دەزانن چەندە ئینسانێکی پاک وڕاست وزاناو دڵسۆزوبەدڵ ودەروون وبێ بوغزوکینەی وهەموو هەڵسوکەوتێکت ئەدەبی لێ دەبارێ.

هەرچەند زۆردرەنگ بوو بەڵام دیسان سوپاس بۆخوای گەورە کە لەبەشێک لەنیشتیمانی لەت لەت کراوتدا لەژێرسایەی

حکومەتی کوردی وبەدەستی زانایانی کورد دوکتۆراکەت پێ درا.

سوپاس بۆ مامۆستایانی زانکۆی کۆیەوئەکا دیمیای کوردی کەبەزیندوویی ڕێزیماندوبونەکەتیان گرت

خوای گەورە بتپارێزێ ورزگاری ڕۆژهەلاتی نیشتیمانیشت ببینی.

## Himan Betushi

سلاو لە ماموستای کوردان

مامۆستای بەرێز بە دلنیایی هەموو ئەوانەی کە باست کردن کە شایانی تۆ نەبون بە عەکسەوەیە، بگرە دەبوو زۆر زۆر لەوەشت زیاتر بۆ کرابایە، ئەوانە کە ئەو بریارەیان داوە کاسانیکی زۆر روشەنبیرو تیگەیشتوو بوون کە لەو بوارەوە بە سەریان کردویەوە، بەلام بۆ بەشی ئاخیری زۆر راستە لەبەر ئەوەی نیویی مامۆستا عەبدواللە حەسەن زادە لە دڵ و میشکی میللەتی کورد دا زۆر لە نیویی ئوستاد و پروفسوریش گەورەترە، جا بۆیە من بە شانازیەوە لیرە بەولاوەش هەر مامۆستای کوردانی لە کن من نەک دکتوری کوردان.
هەزار جار پیروزت بی گەورە پیاوی شارەکەم و ولاتەکەم

## Hemedemin Sliman

مامۆستای هێمن و خاکی و شکۆمەند،

بێگومان، جەنابت زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگری و شایەنی دکتورا و ڕێزلێگرتنی لەوە زیاتر هەی، چونکە میللەتەکەت و دامەزراوە ئەکادیمی و ڕووناکبیریەکانی.. ئەوە باش هەست پێدەکەن بەرێزت سەرەمێکە هەنگاوەکانت لەرێی سەختی ئازادییدا ماندوو نابن و ئاوێتەکردنی خەباتی سیاسی و ئەدەبی و پێشمەرگایەتی.. شەرەفی خاوەنداریتی خەرمانێکی گەورەی شانازی بۆ دەستەبەر کردووی و دڵنیام ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاتر و گەورەتر دەبێت، یاخوا پیرۆزت بێت و لەش ساغ و تەمەن درێژ بی.

## Qadr Mala Omar

شایەنی زیاترتت دور لەو پارچە وەرەقەیە کە ئەورۆ بۆتە عورفێکی زانستی یاسایی کەدەکرئت بۆ هەموو هەنگاویکی چاک مرۆڤ دەست خۆشیان ئاراستە بکات لە ئاست باڵای رۆشنبیریێت و خزمەتی موبارەزەی لە پێناو ئازادی بۆ گەلەکەت توانی بێئەندازەی پشوو درێژیتان.

ئێمەش لە جێی خۆمان بە ئەرکی دەزانین رێز لە مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادە بەئەرک بزانین

هیوادارم خوا بەرەکەی بهاوێژێتە سەرتەمەنتان بە چاوی خۆتان

ئازادەی و خواست و ئاواتی یەکجاریتان ببین

## هەڵۆجوهر کویخاعبدالله گۆمەشینی

مامۆستاگیان تۆ کەسێکی خاوەن خەباتێکی پاک و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزو سیاسیەکی ڕاستگۆ ونوسەرێکی قەڵەم ڕەنگینی شایانی لەمەزیاتریت پڕبەدڵ پیرۆزباییتان لێدەکەم

## Hewa Ahmad Abdulla

پیرۆزە ماموستا عبدللە حە سە ن زادە .بە ریزیت ئە ستیرە یکی گە ش ئە دە ب و فەرهە نگی کوردی جێ شانازی هە مووکوردی .

## Qader Qazani

مامەستا گیان تو بو هەمومان جێگای شانازی سەری کەرنوش دادنوێنم لە ئاست گەورێی جەنابت هەر بژی بە شادی و کامەرانی هەزار جار پیرۆزت بێت دوکتورای ئیفتخاری

## Hemn Kurdi

بەتەمەنی منالێم گویم لە ناوی جەنابتان بوە کە کەسیکی کورد پەروەرو نەبەر بوون تا بە خزمەتی جەنابتان گەیشتم ئەوجار زیاتر یەقین بووم بۆیە لەمەش زیاتر شیانی تۆیە.

## Shahab Ghawara

مامۆستای پایە بەرزی گەلم، جیگای فەخر و شانازیت، کولنەدەرەکە ی دیموکرات و ریبازی قاسملووی کوردان هەزاران جارت پیرۆز.

## خالید فاتیحی

مامۆستا جەنابتان زۆر لەوە شایستەترن. هیوای تەمەن دریژی و لەشساغیتان بۆ دەخوازم. بەراستی شاگەشکەبووم بەو هەواڵە.

## Aziz Margay

ئەوەی مرۆڤ بیت دەزانێ قەدری پیاوانی گەورە بگریت مامۆستا تۆخزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردت کردووە زۆر پیرۆزەو شایستەی زۆر لەوە گەورە تری

## Hoshang Farooq

سڵاو لە مامۆستای بەرز و پایەبڵند و خامە ڕەنگین و وڵاتپەروەر. خوای گەورە تەندروستی و تەمەنی زیاترت پێ ببەخشێت بۆ خزمەتکردنی کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

## Hassan Qelareshi

مامۆستا گیان تۆ بۆ ئێمە سەروەر وجێگای شانازی. هەزار جار پیرۆزت بێت. تەمەن درێژ و لەش ساغ بیت و سێبەرت کەم نەبێت لە سەر سەرمان.

## Fatah Bariki

پیرۆزە و جێ شانازیمانی مامۆستاگیان. هەردەم هەبێ بۆمان و سایەت بەسەرمانەوە هەبێ و قەزات کەوی لەمنی دەربەدەری دورەوڵات.

## مستەفا خەزالی

پڕ بەدڵ پیرۆزبایتان لێدەکەم جێگەی شانازیە بۆ هەمومان بەتایبەت ئەوانەی لەنیزیکەوە ئەوشانسەیان هەبوە وەک ئێمە مانان ناسیمومانی پیرۆزە لەگەڵ رێزم بۆتان

## Sabah Fatah

پیرۆزە مامۆستا جەنابت شایانی رێزی، تۆ بۆ خۆت پرۆفیسۆری بە هەزارن خوێندکار لەسەردەستی ئێوە پێگەیشتوە. دووبارە پیرۆزە

## Omer Muhamad

بەبێ دو دڵی دەڵێم عەکسی قەمەری ئەمما لە ناو حەوزێکی لێخندا،نوسین و وشەو دێرەکانت زۆر جوان بە ناخی مرۆڤدا دەچنە خوارێ و چەشنی بارانی پەڵە دڵ و دەروون پاراو دەکەن!لە تۆ و لە هەموان پیرۆز بێ



سەرچاوە Serchawe

### Chalak Hinduvash

زۆر پیرۆزە،مامۆستا و زانای کورد،بێ شک خزمەتی جەنابە بە گەلی کورد بەگشتی و فولکلۆر و زمانی کوردی،زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، پڕ بەدڵ پیرۆزباییت عەز دەکەین و جێگای شانازی گەلی کوردی.تەمەن درێژیت ئاواتمانە.

### Loghman Mohammadi

هەزار جار پیرۆزت بێت مامۆستای خۆشەویست،بێ گومان بەرێزت شایانی لەوە زیاتری،هەموومان بە نۆرەی خۆمان قەرزدای بەرێزتین

### Aynday Gash

مامۆستای بەرێز خەبات و رابردوتان زۆر گرنگترو پڕ بەهاو مەزنترە لە چەندین دکتورای ئەم سەردەمە، من پیم وایە بەرێزتان شوخی و گەورەیی دەبەخشنە پلە و ناوبانگی دکتورا.

### Nasir Sadeqi

مامۆستای گەورە تەمەنی پڕ بەهرە ومێژووی پڕ سەروەری رۆشنبیری و خەباتی نیشتمان دۆستی و پەروەردی زمان و ئەدەبیتان هەر بەردەوام بێ و سایە وسێبەرتان پایەدار بێ مامۆستا گیان ئەوەی پێوستە سەبارەت بە کار ومێژووی جەنابتان ئەوە قەرەزە لە ئەستۆی هەمووانەو ئەوەش کەکراوە کەمترین کارە بۆ ئێوە بەڵام سپاس بۆ هەموو ئەوانەی وا لەو کارە بەشدار بوون و خەمیان لێ خوارد پیرۆزە مامۆستا گیان ...

### Loghman Mohammadi

هەزار جار پیرۆزت بێت مامۆستای خۆشەویست،بێ گومان بەرێزت شایانی لەوە زیاتری،هەموومان بە نۆرەی خۆمان قەرزدای بەرێزتین.



سەرچاوە
Serchawe

## Omar Kanabi

هەزار جار پیرۆز بێت مامۆستاگیان جەنابت زۆر لەوە گەورەتری. ئاخر مامۆستا گیان بەڕێزت ئەوەندەت خزمەتی گەل و ئەدەبیاتی زمانی کوردی کردوە. تاک بەتاکی کورد شانازیت پێوەدەکەدەن. لەخودای گەورە دەپاڕێمەوە کەبە لەشێکی ساغ و تەندروستیەکی باش ئازادی و ڕزگاری گەلەکەت بەچاوی خۆت ببینی کەساڵانێکی زۆرە هەوڵی بۆدەدەی. دووبارە پیرۆزە گەورە و سەروەرم.

## Shiva Hassanpour

پیرۆزە
هەر سەلامەت و تەندروست بمێنی بۆ گەل و نەتەوەکەت
بەڕێزت ڕێبەری کوردان زۆر لەوانە لەسەرتری و شایەنی زۆر باشترینی مامی ئازیزم

## Tariq Awaly

بەڕێز حەسەن زادەی ئازیز:
سوپاس بۆ خوا کەئەو ڕەمزە فەخرییەتان پێشکەش کرا، کەئێوە بۆخۆتان یەکێکن لەگەوهەرەکانی تاجی سەری نەوەکانی کورد، سوپاس کە قبوڵتان کرد...

سوپاس بۆ هەموو ئەو دەزگاو زانکۆ کەسایەتیانەی کەبەشدار بوون لەبڕیارو پێبەخشینەکە....
هەرچەندە پلەی دکتۆرای فەخری هەر پلەیەکی ڕەمزیە وەلێ بەڕێزتان زۆر زیاتر لە پلەی دکتۆرا جێگەی افتخارو شانازی ئێمەن...

پیرۆزبایتان لەناخی دڵەوە عەرز دەکەم

## Karim Izzetpanah

بەرێز ماموستای خوشەویست پیروزت بی جەنابت شایانی زور لەوە زیاتری ئارەزوی تەمن درێژی و تەندرستێت ئاواتەخوازم

## Osman Rasul

پیرۆزە شایەنی زۆر لەوە زیاتری لە پاییە وخزمە تەزۆرەی بە ئەدەبی کوردیت کردوە داوا لە خودای گەورە دەکەم هەردە مەندرێژو لەش ساغ بیت بۆ زیاتر خزمەت کردن بە ئەدەبی کوردی و دۆزە ڕە واکەی

## Hassan Minaee

ئەوجارەش پیرۆزد بێ ماموستای بەرێز. بەحەق، ئەگەر وەرگرتنی ئەو دوکتۆرایە بۆ جەنابت فەخرە، تۆ خۆت و خزمەتی زۆرو بەهرە کەموێنەکانیشت بۆ زۆربەی زۆری ئێمە، شانازی و فەخرن .

## زبیر ماوانی

یاخوا پیرۆزت بێت ئەو ناوە کە بە ڕاستی شایانی بەرێزتانە، خۆزگە هەموو ئەو بەرێزانەی (د)ەکە دەخەنە پێش ناوی خۆیان لە بوارەکەی خۆی چارگێک لە خزمەتەکانی تۆی کردبایە، ئینجا حەقی شانازی بەخۆ کردنیان لێ حەڵاڵ دەبوو.

بەڵام داخی گەورە زۆرینەیان ناوێکی زێ ناوەرۆکن

## Omer Kakarash

دونیایەک ڕێزو حورمەتم بۆ جەنابتان مامۆستا .ئێوە شایانی زۆر زۆر زیاترن لەپای ئەوهەموو خزمەتە گەورەیەی کەتەمەنتان هەمووی سەروەریە. دووبارە پیرۆزە.....

## Mohammad Mohammadi

منیش وەک مامۆستایەک پڕبەدڵ پیرۆزبایی لە بە ڕێزتان دەکەم لەو بوارانەدا بەڕاستی ئەو خەڵاتانە پیشکەش بەجەنابت کراوە زۆر لەجێگای خۆیدایە بەڵام من و بەگشتی کوردی ڕۆژهەڵات چاوەڕوانین دوبارە پلەی دوکتورا لەبواری یەکڕیزی وەسەر یەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات و هەمو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وەربگری لەم کاتە هەستیارە دا بۆ ڕۆژهەڵات یەکجار پێویستە هەموو گەلی ڕۆژهەڵات چاوەڕوانی ئەم ئەرکە پیرۆزەن وەمن پێم وایە وەرگرتنی دوکتورای ئیفتخاری یەکڕیزی لە سەرەوی هەموانە. دووبارە پیرۆزە و هەردەم لە خۆشیدابن.

## Mohammad M. Aghdam

پڕ بە دڵ پیرۆزباییت لێ دەکەم مامۆستای زانا، کەسایەتی گەورەی سیاسی و ئەدەبی کورد!

جێگا دەستتان هەم لە سەر زمان و ئەدەبی کوردیداو هەمیش لە نێو مێژوی جوڵانەوەی ڕەزگاریخوازی گەلی کورددا دیار و بەرچاوە. کتێبخانەی زمان و ئەدەبی کوردی شانازی بە قەڵەمە ڕەنگینەکەتەوە دەکات و کاروانی خەباتی کوردایەتیش سەربەرزە بەوەی کە ئێوە یەکێک لە پێش سوارەکانی بونە.

## Saleh Salehnejad

پیرۆزە ماموستای بەرێزو خۆشەویست، دوعای تەمن درێژیت بۆ دەکە کە هەمیشە ساغ و سلامت بێ، دەست خۆشێش بۆ زانکوی کویە و ئەکادێمیای کورد.

## Osman Suleimani

دوبارە پیرۆزە مامۆستا گیان، بێگومان توانایی و کۆڵنەدانی بەرێزتان ورە دەدا بە نەوەکانمان کە لە کاروانی ئەدەبی و سیاسی دا شێلگیرتر بن. دوبارە پیرۆزە!

## Hakim Hosseinzadeh

سەرەتا پیرۆزبایی گەرمی خۆم ئاراستەی ماموستای خۆشەویست دەکەم و هیوادارم وەک هەمیشە سایەی بەسەرمانەوە بی، دەستخۆشیش بۆ زانکۆی کۆیە وئاکادیمیای کورد، جێگای دڵخۆشیە کە تا گەورە پیاوانی کورد لە ژیاتدا ماون خەڵات دەکرێن و ڕێزیان لێدەگیرێ .

## Karwan Ahmad

کەمترین زانیاریم لەسەر مامۆستا هەیە بەلام نازانم چیە مەسەلە زۆر چێژ لە خوێندنەوەی ئەو نوسینانە دەبینم نە لە لاپەرەکەی پۆستی دەکات

## Khadija Maazuri

گەورەم، سەروەرم، تاجی سەرم، ئەم بەرگەت لێ پیرۆز بێ ئەم روتبەیە مبارک بێ و هەر شایانی تۆیە ئەم ڕۆبە و دۆکتۆرایە، هەر سڵامەت بی و لە بەڵایان دوور بی.

## Karo Ahmadian

مامۆستا گیان، هەزار جار پیروز بێ لێت. پیرۆز بێ لە هەموو ئەو کەسانەی خۆشیان دەوێ. هەر ساغ و سڵامەت بی بۆمان.

## سردار باد نوروزی

پێم وابێت ئەوە پیرۆزترین ئەرکی زانکۆی کۆیە بو کە توانی او خەلاتە ببەخشێتە تۆ مامۆستا، تۆ سەروەریەکی نیشتیمانی و جێگای افتیخاری هەر کوردێکی نیشتمان پەروەریت لە هەر کوێیەک بێت، هەر سەر کەوتوو تەمەن درێژو سلامەت و تەندروست بیت.

**Jabbar A. Hama**

ئێوە پیاوێکی ئەوەندە گەورەن مرۆڤ شەرەفمەندە لەکۆمێنتیشا شتێک لە بارەتانەوە بنوسێ.
هەربمێنی بەخێر

**Khosraw Moslem**

بەڵێ مامۆستا هەر خەریکی ئەدەبیات بی بە رای من زور چاکترە تا خەریکی سیاسەت بێت

**Kawa Qeradaxi**

بیرۆزە و هیوای سەرکەوتنی زیاتریت بۆ دەخوازم مامۆستای بەرێز شایانی زۆر زیاتریت

**Ismail A. Ibrahim**

پیرۆزە مامۆستای گەورە .... جەنابتان شایستەی زۆر لەمە زیاترن ....

**Rostam Xamosh**

پیرۆزە، هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتنی زیاترت بۆ دەخوازم

**Jay Sardashti**

سوجدە بۆ گەورەیت و چەکی قەلەمت دەبم مامۆستا گیان.

**Kader Nabizadeh**

پیرۆزە و تەمەندرێژی و لەش ساغیت ئاواتەخوازین.

**Rahim Rahmani**

پیرۆزە، هیوای تەندروستی و دیتنی ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستانت بۆ دەخوازم

**Kurdy Khezernia**

پیرۆزت بێ... ئەم بڕوانامەیە لە هەموو کەس زیاتر شایانی بەڕێزتانە... هەر شادو سەرکەوتوو و لەش ساغ بن...

**Ahmed Arif**

پیروزباییەکی گەرم ماموستا گیان، هەردەم شاد و لە شساغ بیت بومان!

**Hersh S. Mahmood**

پیرۆزت بیت مامۆستا گیان شایەنی زۆر لەوە زیاتری ساخ و سەلامەت و سەرفراز بیت انشالله

**Bakr Razgay**

پیرۆزەو هیوای تەمەنیکی دریژ و تەندروستیەکی زۆر باش بۆ مامۆستای تیکۆشەر

**Kawa Mohammad**

هەزار جار پیرۆزت بێت، ئێوە شایانی هەموو رێزو نازناویکی باشن.

**Pshtiwan Mhmod**

تۆ پیاوێکی تێکۆشەرو مامۆستاو زیندووکەرەوەی زمانی کوردی یت بۆیە شایەنی هەموو شتێکی باش و شایستەیت

**Zardasht Kawa**

پیرۆزە مامۆستای بەرێز شایەنی بەرێزتان کورد دەبێت هەردەم شانازیتان پێ بکات.

**Dlzar Abdulla**

پیرۆزە مامۆستای بەرێز هیوای لە شساغی و تەمەن دریژیت بۆ دەخوازم

**Salah Muhammad**

پیرۆزە مامۆستا گیان، هەموومان شانازی بەخەبات و کەسایەتیتەوە دەکەین. هەمیشە ساغ سەلامەت بن.

**Bakir Ahmady**

هەزار جار پیرۆزە، بەحەق دکتۆرای فەخری شایان بەڕێزتانە و زۆر لەجیگەی خۆیەتی

**Shaho W. Sadiq**

پیرۆزە مامۆستا گیان بەهیوای تەندروستیەکی باش بۆ تۆی خۆشەویست.

**Sarhad Arif**

پیرۆزە مامۆستای خەباتگێر. هیوای ساغ و تەمەن دریژی بۆ جەنابتان.



سەرچاوە
Serchawe

**Mahmud Aziz**

پیرۆزە، شایانی زۆر لەو بروانامەیە زیاتری، میللەتی کورد قەرزداری خزمەتەکانی جەنابتە.

**Shamal Salih**

پیرۆزەو شایەنی لەوە زیاتری بەئومێدی تەندروستیەکی باش و بەرهەمی زیاتر دووبارە پیرۆزە.

**Shano Ibrahim**

پیروزە مامۆستای بەرێزو خۆشەویست هیوای تەمەن درێژی و لەش ساغیت بۆ دەخوازم.

**Khosraw Ghaderi**

پیرۆزت بێ مامۆستا گیان، جەنابت شایانی زۆر زیاتری.

**Hunar Salam**

**Hunar Salam taman drezhy bo tw peroza mamostay paya barz**

**Rebwar Ghadrzade**

پیرۆزە مامۆستا گیان، بەڕێزتان شایانی زۆر لەوە زیاترن.

**Farhad Marf**

پیرۆزە مامۆستا، گەلی کورد گەلێکی بەوەفایە بۆ خەبات گێڕەکانی.

**Helo Keleshin**

پیرۆزە بەڵام بریا دکتورای یەکگرتنەوت ورگرتبا بەو نەورۆزە دڵی بنەماڵەی شەهیدانتان خۆش کردبا دڵی دوژمنان ناشاد.

**Farhad Abdwly**

پیرۆزە، خوا بۆ کورد و کوردستان بتهێڵێتەوە بە لەشێکی ساغ و سەلامەت،

**Ibrahim Khonuri**

لە ناخی دڵەوە پیرۆز بابیت لێ دەکەم مامۆستای دێموکڕات و کوردایەتی.

**Garib Abdullah**

پیرۆزە شایانی زۆرزۆر لەوەزیاتری و زیاتریش دوبارە دەڵێم پیرۆزە.

**Azad Khezernia**

هەزاران جار پێروزە ماموستا گیان، تەمەن دریژ و لەش ساغ و سلامەت بی.

**Khalid Mohamed**

پیرۆزە مامۆستا من پێم وایە زۆر کەمە لە ئاستی خزمەتی تودا

**Hawre Sangasare**

پیرۆزە لە مامۆستای بەرێزو تێکۆشەری گەلەکەمان هەمیشە سەرکەو تووبیت لە هەموو بوارەکانی ژیان لە گەڵ ریزم.

**Suliman Ebrahimi**

پیرۆزە مامۆستا گیان جیگای شانازی هەموو کوردی.

**ARsalan Abdi**

پیرۆزە مامۆستا گیان هیوادارم تەمەن درێژ بێت و لەش ساغ و سەرکەوتنی زیاتر.

هەر سەرفرازبیت ،کارێکی باشیانکرد و دەستیانخۆشبێت

**Ronak Ghaderi**

Ronak Ghaderi Piroza mamwastai zor xoshawistman, bemeni boman

**Naser Ardelan**

Naser Ardelan Pirozt bet u hiway taman drezhi u lashsaxi bo ba awatm

**Sharif Azizi**

**Sharif Azizi Par ba dal piroz baiyt pee daleem mamosta gjan hiwadarm btvani zijatr zijatr xazmat ba adabo zmano farhanigi galakaman bakai . har taman drej va salamat bi**

**Soleyman Saberi**

**.Soleyman Saberi Per ba del pirozibayetan le dakain mamwasta geyan**

## بەشێک لە کورتە نامە سەر دیواری فەیس بووکی دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە

**Alan Xas**

**دەست خۆش کاک ئاسۆ گیان، دیسان پیرۆزبایی بە مامۆستای بەڕێز دەڵێم.**

**Mahmudzade RaHem**

**پیروزە د. گیان بابە گەورە جیگای شانازی هەموو کوردە.**

**محمد جمیل علی**

**دکتۆر، مامۆستایی باوکت ئەمڕۆ زانکۆی کۆییەی گەورە کرد.**

## Agri Balaki

پیرۆزبێت دکتۆری ئازیز، سەرکەوتنێکی گەورەیە با خەباتی رۆژهەلات. پیرۆبێت لە مامۆستای هەموومان.

## Soran Amini

دوکتور ئاسۆ گیان پیرۆزی بێ و هیوای تەمەن درێژی وسەرکەوتنی زیاتر و سەربلیندی بۆ ماموستا دەخوازم

## Saeid Bigzadeh

دەست خۆش. لە تۆش پیرۆز بێ کاک ئاسۆ. تەمەن درێژی و سلامەتی بۆ مامۆستا و بە هیوای دیداری دەگەڵ بەرهەمی زیاتری ئەو قەڵەم رەوان و بیر تیژە گەورە

## Omar Farkhapour

دەستان خۆش، پیرۆزە لە مامۆستای خۆشەویست بە هیوای تەمەندرێژی و ساغ و سلامەتی بۆ مامۆستای خۆشەویستمان بە ئاوات دەخوازم. بەهەق مامۆستا شایەنی هەموو رێزلێنانێکە...

## Taher Hekmat

خۆشحاڵم کە بنکەیەکی ئەدەبی کورد لەو بیرەدا بووە کە رێز لە ئەدەب و ئەدیبان بگرێ و بە حەق ئامانجی خۆی بپێکێ. مامۆستا، مافی خۆیەتی و سەرکەوتووتر بێ.

## عبدألله کوێخا قادر

دکتۆر گیان سڵاو لە جەنابت سڵاو و حورمەت و رێزم بۆ مامۆستای بە رێز شانازی دەکەم کە هاورێ و مامێکی هێندە مەزن و



سەرچاوە
Serchawe

گەورەم هەیە.

**Mala Qadir Mohammadi**

پیرۆزە لە مامۆستای گەورەو هەموو ئەو کەسانەی لەخەمی زمانی کوردیدان.

**Kamil Bokany**

وتاری جانتای بابمم وەبیر هاتەوە. ئۆرهان پامۆک لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل دا ئەو وتارەی پێشکەش کرد. دەستت خۆش بێ دوکتور گیان.

**Abdola Azizzade**

پیرۆزی بێت، مامۆستای بەرێز شایەنی لەوە باشتریشی هەیە.

**Massoud Fawzy Mohamed**

پیرۆزە یاخوا هەمیشە ساخ و سڵامەت بێت و سایەی بە سەرمانەوە بێ.

**Mustafa Zahraee**

دەست خۆش دوکتور ئاسۆ ، پیرۆز بیت لە مامۆستای بەریز هەرسەرکەوتوبی.

**Said Xdr Mirsaydi**

بژی دوکتور ئاسۆ بیرەوەرێکی جوان بوو بژی و سەرکەوتووبی، ماموەستای بەرێزیش پایەداربێ سێبەری لەسەرمان کەم

نەبێ.

## Jabbar Mohammadi

پیرۆزە لە بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە و بژی بەخۆشبەختی و سەرفرازی، دەستی تۆش خۆش بێت کاکە ئاسۆی خۆشەویست.

## Alla Rafiq

زۆر خۆشحاڵم و پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی مامۆستا ئەکەین، زۆر چاک بیرمە کە زۆر مناڵ بووم مامۆستا قەڵەم پاندانێکی رەنگاورەنگی بەدیاری بە خۆم خوشکەکانم بەخشی زۆر هاندەرمان بوو بخوێنین بۆیە قەڵەمی بە دیاری پێبەخشین. هەروەهاش زۆر باش بیرمە لەکتێبخانەکەی باوکم کتێبیک سەرنجی راکێشام ئەویش دیوانی حەمەدۆک بوو مامۆستا کوردانە وەریگێرابووە سەر زمانی شیرینی کوردی.

## Rzgar Umer

لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایی لە مامۆستای مەزن و خۆشەویست دەکەم سڵاوی بێ پایانیشم بۆ بەرێزتان هەیە.

## Hama Hasaniany

مامۆستا شایانی لەوەش زیاترە، تەمەن درێژ بێت و پیرۆزی بێت.

## Mensur Mrweti

رێبەرێک کە پاسەوانیشە، پاسەوانی زمانی پاراوی کوردی... پیرۆزە لە مامۆستای خۆشەویست و لە ئێوەی ئازیز.



سەرچاوە
Serchawe

## Kwestan Gadani

پیرۆزە لە مامۆستا و هەمووی بنەماڵەی بەڕێزی، لە روانگەی زۆر کەسەوە دەمێکە مامۆستا نەک هەردکتۆرای ئیفتخاری بەلکو بە کردەوە زۆ زیاتر لە وانەگووتنەو، کۆرس، رێنوێنی، لێکدانەوە و پێداچوونەو بۆ قوتابیان و هەروەها بە ئەندازەی تێزی چەند دکتۆرای وتار و نووسراوە بەرهەم هێناوە کە بە حەق زیاتر لە پلەی دکتۆرا قابیلی مامۆستای خۆشەویستە، ئەمە جگە لە نووسین و وەرگێڕنی کتێبەکانی. جێگای خۆیەتی سپاسی زانکۆی کۆیە بکەین بۆ ئەمەگناسیان و بەو هیوایە نموونەیان زۆر بێت. گەلی کورد دەبێ شانازی بە هەبوونی ئەدیب و نووسەری وەک مامۆستاحەسەنزادە بکات و هەموو زەحمەتەکانی جێگای تەقدیر و پێزانینە. هیوام تەمەندرێژی و ساغ و سلامەتی مامۆستای خۆشەویستە.

## Rahman Salimi

پیرۆزە لە مامۆستا، زۆر ڕاستە کاک ئاسۆ، زانکۆ و بڕوانامەی دوکتورا بە قەد باڵای مامۆستا بەرز کرانەوە، ئەوانیش پیرۆزیان بێ.

## Younes Rabati

جێگایی شانازی ئێمەیە پڕ بە دڵ پیرۆز بایی لێدەکەم شایانی زیاتریشە ، خوا عومری ئێمەش بدات بە ماوەستا

## Ali Khani

پیرۆزە زۆر کاریکی بەجییە شایانیەتی هەر لەخۆشی دا بیت مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادەی بەڕێز.

## Mahmoud Risha

سڵاو دکتور ئاسۆ، دکتورای فەخری لە لایەن زانکۆی کۆیەوە بۆ حیزبمان و گەلی کورد جیگەی شانازیە، و هیوای تەمەن درێژی و لەش ساخی بۆ بەرێز تێکۆشەر و ماندونەناس مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەخوازم.



سەرچاوە
Serchawe

**Hemin H Mirkhan**

بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد و کوردستان و هەروەها ئەدەبیاتی کوردی قەرزداری زاتێکی وەکوو مامۆستا عبدالله حسن زادەیە. ئاسۆی کارەکانی مامۆستا لە نیو سەدەی ڕابردوودالە کەسایەتی و ڕۆلی د. ئاسۆی خۆشەویست دا وەدیار کەوتوون. خۆشحالم بە ناسینتان. سوپاس بۆ زانکۆی کۆیە بۆ ئەم کارە شایستەیە.

**Shola Qadiri**

پیرۆزە لە مامۆستای بەڕێزو لە ئێوەو لە هەموومان کاک گیان. سپاس و ڕێز بۆ زانکۆی کۆیە کە ڕێز لە کەسایەتیەکان دەگرن. تەمەن درێژی و سڵامەتی مامۆستای هەمووومان لە خودا داواکارم.

**Hosein Bakhchi**

زانکۆی کۆیە، ڕەچەشکێنی کرد و لە هەنگاوێکی کەم وێنەدا بڕوانامەی دوکتورای فەخری بە کەسایەتێکی دیاری سیاسی و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،واتە مامۆستا حەسەنزادە بەخشی. من لێرەوە پێش ئەوەی پیرۆزبایی لە مامۆستا بکەم، بە پێویستی دەزانم پیرۆزبایی لە کارگێڕانی زانکۆی کۆیە بکەم بۆ ئەو کارە بە نرخەیان و دەستخۆشیان لێبکەم. خزمەتەکان و بەرهەمەکانی مامۆستا حەسەنزادە لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی و ئەدەبیدا، سنووری دوکتورای تێپەڕاندوە و ناوبراوی کردۆتە یەکێک لە کەسایەتییە هەرە ناسراوەکانی کۆمەڵگای کوردەواری. پیرۆزییان بێت و هیوای تەمەندرێژی و گەیشتن بە ئاواتەکانی بۆ دەخوازم.

**Amin Raschidi**

پیرۆزبایی لە مامۆستام دەکەم بەو هیوایەی کە ئەو ڕێزلێنانە بە جێیەی زانکۆی کۆیە ببێتە رچەشکاندنێک بۆ ڕێزگرتن و قەدرگرتنی ئەو کەسانەی کە خزمەتی نەتەوەکەیان دەکەن بێ چاوەڕوانی بەرانبەر.



سەرچاوە
Serchawe

### Hàw Ré

زۆر پیرۆزبایی لێدەکەم، شایانی هەرچی شتی باش و بەنرخە، خوا تەمەن درێژوو لەش ساغی کات...
چی زیاتر لەوە شانازیە کە د. قاسملۆ دیاری پێت بەخشیوە! خۆزگە منیش ئەوکات جیرانتان بام!

### Shler Hassanpour

زۆر پیرۆزە! یەکەم لە بەڕێز ماموستا و دواتر لە ئێوە و بنەماڵەی بەڕێزتان بەگشتی.

### Dimasi Abobakr

چەند خۆشە قەدر زانی لە ماموستایەکی شۆرشگێڕ و شۆرشگێرکی ماموستا کە ژیان و تەمەن و بنەماڵەی کردە قوربانی، بۆ زمان و نەتەوەو وڵاتە دابەشکراوەکەی، پیرۆزت بێ ماموستا کە تۆ شایانی هەموو ڕێز لێگرتنێکی.

### Abdul Kadir Said

ئەم ڕێزلێنانەی مامۆستا ڕێزلێنانە لە وشەی کوردی و جەنابی مامۆستا نمونەیەکی جوانی ئەو مەیدانەیە زۆر خۆشحاڵبووم

### Chnoor Mehrparvar

زۆر زۆر پیرۆزە. بەراستی لە مێژە دەبوایە ئەو ڕێزەی لێ بگیرایە. هیوای تەمەن درێژی و سڵامەتی بۆ دەخوازم.

### Qadr Husseni

پیرۆزە لە خۆت و لە مامۆستاو بنەماڵەی دێموکرات وەگەلەکەی.

## Fariba Waysi

پیرۆزە! یەکەم لە بەڕێز مامۆستا و دواتر لە ئێوە و بنەماڵەی بەڕێزتان .

## Mohamad Khademyani

لە ناخی دڵمەوە سپاسی بەڕێوەبەرانی لێهاتوی زانکۆی کۆیە و وەزارەتی خوێندنی باڵای هەریمی کوردستان دەکەم بۆ ئەو پێزانین و ئەمەکناسی و هەنگاوە گەورەیان. ئەوە کەمترین خەڵات و دیارە بۆ مامۆستا و ڕێبەرمان. زۆر پیرۆزە لە شۆڕشگێرانی ڕۆژهەڵات. "سەربردەی ڕێبەرێک کە پاسەوانیشە، پاسەوانی زمانی پاراوی کوردی".

## Karim Weladbagi

گەورەم مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە هەمیشە جێی شانازیی و سەربڵیندیی ئێمەیت وە سەر بڵندین پێت ؛؛
پیرۆزە؛؛ ودەستی ئێوەیش خۆش

## Kader Nabizadeh

پیرۆزی بێت و بە هیوای تەندرووستی بۆ ئەوەی کە هیچ کات لە خزمەتکردن بە زمانی کوردی هەست بە ماندوویی نەکات.

## محمد گلپسندی

پیرۆزە لەمامۆستای خۆشەویست .لەگەڵی کوردولەحیزبی دێموکرات ولەهەمووئەو تێکۆشەرانەی کە لەڕێگای ڕزگاری گەلەکەیان یارو یاوەری وەفاداری مامۆستای بەڕێز بوون .هەموومان وەک ئێوە دڵخۆشین!

## Asso Mukriyani

دەست خۆشی لە بەڕێوەبەرانی زانکۆی کۆیە دەکەم. لە بەڕێز مامۆستا و ئێوە و سەرجەم ئازیزانتان پیرۆز بێت . تەمەن درێژی و سڵامەتی و سەربەرزیتان ئاواتمە.

## Baba Xaman Xaman

سڵاو لەو هستە جوانەی زانکۆی کۆیە سڵاو لە مێژوی پرشنگداری. پاسەوانی زمان و ادبیات و تێکۆشانی فەرهەنگی نەتەوایەتی یەکەی.

## Xalid Pshdari

پیرۆزە لە مامۆستای گەورەمان مامۆستا جیگەی شانازیە بۆ هەمووەمان هیوای تەمەن درێژی بۆ جەنابیان دەخوازم.

## Halimeh Ismaeli

پیرۆزە هیۆادارم تەمن درێژو ساغ و سڵامت بێت مامۆستای تێکۆشەر ئاواتەخۆازم کە دوکتورای یەکریزی و ڕێکخستنی کورد و ناوماڵی کوردیش هەر مامۆستای بەڕێز بێت ئەوکاتە کە پێکەری زێریشی لی ساز دەکرێت

## Houshyar Honar Pajooh

پیرۆزبایی لە مامۆستام دەکەم جیگەی شانازیە بۆ هەمووەمان تەمەن درێژی و سڵامەتی و سەربەرزیتان ئاواتمە.

## Hassan Ahwen

بریا وشەیەک لە پیرۆزبایی گەورەتر و جێگیرتر هەبا کە پێشکەشی مامۆستای مامۆستایانی ئەدەب و زمانی

کوردیم کردبا... ئەو مامۆستایەی هەم ئاسۆی ئەدەبی کوردە و هەم بابی ئاسۆی کوردە....

**Mohammad Bayazidi**

پیرۆزە لە مامۆستای بەڕێز. ڕێزگرتن لەو کەسانە کە لە پێناو بەرەو پێش بردن و پاراستنی زمانی کوردیدا جێ پەنجەیان دیارە ئەرکی هەموو لایەکە.

**Farsana Rashid Zadeh**

پیرۆزبایی گەرمی خۆم ئاراستەی مامۆستای گەورە و ماندوو نەناس ، مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە دەکەم و هیوای لەش ساغی و سڵامەتی بۆ گەورە پیاوی کورد

**Yousef Afraseab**

پیرۆزە لە بەڕێز مامۆستا و بە هیوای سڵامەتی و تەمەن درێژی و سەرکەوتن.

**Reza Mohammad Amini**

پێهەڵگون نییە ئەگەر بڵێم مامۆستا ئەو شانازییەی دەبا نێو سەدە پێش دەسکەوتتبا، زۆر پیرۆزە و سلامەت بێ مامۆستای هەموومان.

**Hussein Sharefi**

پیرۆزبێ لە مامۆستای تێکۆشەر و روناکبیری گەورەی کورد جیگای شانازیە بۆ ئێمە هیوای سەلامەتی و تەمەن دریژی بۆ دەخوازین.

## Osman Bewrani

پیرۆزی بێت زۆر لەوەی زیاتری قابیلە، دڵنیام ئەگەر مامۆستا کورد نەبا ئێستا بە دەیان پەیکەری بۆ دروستکرا بوو.

## Qader Mohamad Gol

پیرۆزە لە مامۆستای ئازیز و خۆشەویستمان، لە مێژ ساڵە جەنابیان لە دڵی نەتەوەکەی دا میدالی زۆر لەوە بەرزتری وەرگرتووە.

## avan Duost

پیرۆزە تەمەندرێژی و سەرکەوتن بۆ مامۆستای خۆشەویست کە بە حەق شایانی بەرزترین و پڕ بایەخترین خەڵاتی سەر گۆی زەوییە دەست خۆشیش بۆ بەرپرسانی زانکۆی کۆیە

## Hassan Khoshkalam

پیرۆزی بێت کاتێک دیتم لەم مەراسیمەدا هەرکەس باس لەتواناولێهاتوویی وزمان پاراوی مامۆستا دەکات لەخۆشیان تەزووم بەلەشی دادەهات وشانازیم بەخۆم دەکرد کەلەگەڵ چ کەسایەتیەکی بەتوانا وشارەزا هاوبیر وهاوسەنگەرم هیوای تەمەندرێژی بۆ ئەم زاتەگەورەیە دەکەم

## Ahmad Labady

دەست خۆش کاک ئاسۆی بەرێز. منیش پیرۆزبایی لە بەرێز مامۆستا عەبدولا حەسەنزادە دەکەم. مامۆستای بەرێز شایستەی ئەو بڕوانامەیە و بەڵکو زۆر زیادتریشە. مامۆستا دەبی بۆ زۆر بابەتی گرینگی تریش خەلات بکری لە وان بەرێزیان یەکیک لە کۆڵەکە قایمەکانی بزۆتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی رۆژهەلاتە کە شانازی چارە سەرکردنی دوو موشکیلەی گەورە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا هەیە کە بە زۆربەی سەرکردەکان و حیزبە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردوستان چارەسەر



سەرچاوە
Serchawe

نەدەکرا و نەکراوە، ئەویش ڕاگرتنی شەری براکوژی لە گەڵ کۆمەلە و یەکگرتنەوەی لابالەکانی حیزبی دێموکرات لە کاتی سیکریتیری خۆی دا بوو. هیچ سەرکردەیەک پێش مامۆستا و بگرە ئێستاش ئەوەندە بە پەرۆشی چارەسەری ئەو دوو نەهامەتییە گەورانە نەبووە. من پێم وایە ئەگەر خزمەتەکانی تری ماموستاش بۆ کورد و جولانەوەکەی لە بەر چاو نەگرین، تەنیا ئەو دوو کارە گرینگە بۆ هەتە هەتایە نێوی مامۆستای بە خەتی زێرین لە سەروی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد دەنووسی و بە نەوەکانی داهاتووی دەگێڕێتەوە. هیوادارم کە مامۆستای بەرێز دیسانیش دەوری مامۆستایی و رابەری خۆی بگێرێ و پاڵپشت بی بۆ یەک گرتنەوەی دێموکراتەکان ویەکگرتوویی ناو ریزەکانی حدک. داوای ساغی و سڵامەتی تەمانێکی درێژ بۆ مامۆستای خۆشەویست دەکەم.

### Chia Aliyar

کاڵای پڕ بە باڵا بووئەوخەڵاتە فەخریە. زۆر پیرۆزەوهیوای سڵامتی و تەمەندرێژی بۆ جەنابی مامۆستا دەخوازم.

### Kamran Haddad

پیرۆزە لە مامۆستای خۆشەویستمان و جێگای شانازیمانە، ئارەزووم تەمەندرێژیی و تەندرووستیی مامۆستایە و دەستی تۆش خۆش دوکتۆر گیان

### Ghader Paymozd

دەستی جەنابت خۆش بێ و جوانترین پیرۆزبایی لە مامۆستا دەکەم و هیوای سلامەتی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.

### Ismael Ahmedian

هیوای سەرکەوتنی زیاترم بۆ هەر دوو دوکتر هەیە و پیرۆزبایتان لە ناخی دلەوە پی ئەلێم.



سەرچاوە
Serchawe

**جلال بێتوشی**

له دڵەوه پیرۆزبـایی له جەنـابی مامۆسـتا و ئێـوەی بەڕێـز و هەمـوو تێکۆشـەرانی دێمـوکرات بە تـایبەتی دەکەم و ئـارەزووو دەکەم سیمای دیارو خۆشناوی دێموکرات مامۆستا حەسەن زاده هەردەم له لوتکەی سەرکەوتن بەرەو پێش چوون دابێ.

هیوای تەمەن درێژی و لەش ساغی بۆ سەروەرمان

**Mohammad Mirawayi**

پیرۆزه له مامۆستا و سەروەرمان. حەیف که ناتوانم وەسفێکی جوانی ئەو زاته بکەم. مامۆستا شایانی هەموو شتێکی باشه و ئەو دکتۆرا فەخری یه خەڵاتێکی زۆر بچووکه بۆی. خوا بۆمانی بێڵێ به شادی و سڵامەتی.

**Barzou Ismael Mansour**

پیرۆزبـایی له تـۆ له بـاوکی خۆشەویسـتان و هەمـوو گەلەکەمـان دەکەم، چـۆن لەو مـاوەی کاکردنمـان پـێکەوه هەمیشـه خۆشەویستی و کوردایەتیت دەبەخشی ، دڵنیام چۆن تۆ بەراستی شایەنی ئەوه بوویت پێت بڵێین دکتۆر، بـاوکی بەڕێزیشـتان شایانی ئەو نازناوەیه.

سڵاو له دکتۆر ئاسۆ و دکتۆر حەسەن زاده ی باوک

**Azad Banayi**

وێـڕای پیرۆزبـایی زۆر زۆر گەرمم له مامۆستای ئـازیز و سپاس بـۆ زانکـۆی کـۆیه که ئەو ئەرکه گرینگەیـان خسـته ئەستۆی خۆیان و ئەو شانازییەیان بۆ خۆیان دەستەبەر کرد. بۆ ئێمه ڕۆڵەکانی دیموکرات شانازییەکی گەورەیه که ئەمڕۆ یەکێک له ڕێبەرانی حیزبەکەمان، هاوڕێ و مامۆستا و ڕێنوێنێکی زانا و به مشوورمان دکتورای فەخری له زانکۆیەکی کوردی وەردەگرێ. دیاره مامۆستا زۆر له مێژه دکتورای شۆڕشگێڕی و خەباتکاری و ماف ویستیی وەرگرتـووه و بیلبیلەی چـاوی هەمـوو ڕۆڵەکـانی

گەلەکەمان. سپاس بۆ ئەو نوسینە بە پێز و جوان و پڕ نێوەرەی جەنابیشت دکتور گیان. هیوا دارم مامۆستا ئازیز مۆمی سەدساڵەی تەمەنی بە سەلامەتی و لەش و ساخی بکوژێنێتەوە و ئازادی و سەربەستی ولاتی داگیرکراومان بە چاوی خۆی ببینێ.

## Syeman Azizi

پیرۆزە ماموستای هیژاو تێکۆشەر جەنابتان شایانی زۆر لەوە زیاتریشن.

## Hashem Ahmadzadeh

دەڵێن جوانترین ئەڤین، ئەڤینی باوکە بە کوڕ. دەبێ پێچەوانەکەشی ڕاست بێت کە ئێوە ئاوا دەنووسن!
پیرۆزە لە باوک و پیرۆزترە لە کوڕ!

## Qader Qazani

هەزار جار پیروزی بێت رێزدار مامۆستا گیان قوربانت بم گەورو سەردارمان هەزار ساڵ عەمرت بێت بو کوردو کوردستان.

## Ahmed Qazi

پڕ بەدڵ پیروزبای لە مامۆستا خۆشەویستم دەکەم رێز لە ماندوو بوون شەونەخونی دەگرم بۆ خزمت بە زمان و قلم و شۆرشگێری لەپێناو نەتەوە کە دا بۆ ساتیکش رانەواستاوە دوبارە پیرۆزت بێت دوکتورای ئێفتخاری مامۆستا ماندو نەناس لەیزدان دەپاریمەوە تەمەنت درێژبکات بو خزمەتی زیاتر.

## Nasir Sadeqi

تەمەنی پڕ ئەزموون و لێورێژ لە ئەدەبیات و سەداقەت خۆنەوستی مامۆستا هەڵگەری وتارو باس و فێربوونی زۆرن و سایەو سێبەریان هەر بمێنی جەنابیشتان سەرکەوتوو بن دەستان خۆش دوکتور گیان بۆ ئەو نووسنە وەرد و کەم و پوختە.

## Dyar Sweden

پیرۆز بێت و شایانی لەوەش زیاترە، لە هەموی زیاتریش زەحمەتەکەنگ باوکت و حیزب بە نیسبەت بەرێزتان بەهەدەر نەچوو.هەر تەمەن درێژ بن.

## Hosein Molana

لە قوڵای دڵمەوە پیرۆزبای بە ماموستای زۆر بەرێز دەڵێم هیوای تەمن درێـژی بـۆ بە ئـاوات دەخوازم ئیشالله سایەیی هەر بەسەرمانەوە بێت ماموستایی خۆشەویشت شایەنی زۆر لەوە زیاترە بەراستی جێگە شانازیە بۆ هەمو قەومی کورد

## Khaled Gholami

مامۆستامان زۆر لـە مێژە دوکتـورای مامۆستا بـون و پیشـڕەوی خەبـاتی میللەتیکی پـێ بەخشراوە و هەموو کـات و ئێسـتاش جیگـای فەخـر و شـانازی گەنێـک بـوە و هەیـە و هیـوای تەمەنە درێـژی و سـەلامەتی بـۆ دەخوازم و دوکتـور گیـان لـە کـوڕی مامۆستایەکی پایە بەرز چاوەروانی هەر ئاوا شیاوی وەک بەڕیزت دەکرێت و بژی و سەرکەوتو بیت.

## Salar Hisami Hisami

پیرۆزە و شایانی خەڵاتی گەورەتریشە مامۆستامان... وە داری هەزار ڕیشە سێبەریان هەر پایەدار بێ.

## Hiwa Naseh

پیرۆزبایی لە مامۆستا حەسەزادە دەکەم، شایانی زیاترە، پیاوێکی تێکۆشەر و بە ویقـار و بـە هیممەتـە. هـەر تەندروست و تەمەندرێژ بێت...

## Awat Izadpanah

پیرۆزە لە مامۆستای بەڕێزو هیوای سەلامەتی بۆ دەخوازم دەستی جەنابیشت خۆش بۆ ئەو نووسینە جوانە.

## Rasul Izadpanah

هەزارجار پیرۆزی بێت جێگای شانازی هەموومانە یا خوا تەمەن درێژولەش ساغ بێت

## Sherko Kirmanj

پیرۆزە لە مامۆستای زمانی کوردی... من یەکەمجار لە حەمەدۆکی مامۆستا ئاشنا بە جوانی زمانی کوردی بووم

## Osman Suleimani

پیرۆز بایی لە مامۆستای گەورەمان و هەروەها ئێوە رۆڵەکانی ئەو زاتە بەرزە دەکەین، بەهیوای تەمەن درێژی و ساغ و سڵامەتی بۆ بەڕێزیان.

## Suleiman Dilsoz

ئەو کورتە نووسینە پێمان دەڵێ شوکر "گیا لە سەر پنجی خۆی ڕواوەتەوە". چێژم وەرگرت. تەمەنی باب و کوڕ درێژ بێ. خەنی لە خۆت کە کوڕی وەرگێڕی حەمەدۆکی.

## Mohammad Nestani

گەورەم مامۆستای دێموکراسی پیرۆزە شایانی زۆر زیاتری و جێگای شانازی هەموو نەتەوەی کوردی خوای گەورا تەمەن درێژت کابۆمان مامۆستا حەسەنزادە خۆشمان دەوێی هیوای سەلامەتیت بۆ دەخوازم زۆر بیرت دەکام.

## Fateh Aresh

پیرۆزە، ئەوە خەڵاتە شایانی کەسایەتیی مامۆستایە. هیوادارم تەمەن درێژ بێت.

## Keivan Kurdstani

پیرۆز بێت و هیوامان سلامەتی و لەش ساغی جەنابی مامۆستایە لە ناخی دلە وە،... سەربەرزین پێت مامۆستای مەزن و هێژا،...

## Rahman Nisstany

مامۆستا عەبدولا حەسەنزادە شایستەی زۆر لەوەش زیاترە پیرۆزی بێ و هیوادارم هەردەم شادو تەندروست باشبێ

## Kerim Rasuli

پیرۆزە لە جەنابی مامۆستا و شانازیشە بۆ ئێمە کە قوتابی ئەو رێبازەین کە مامۆستای مەزن رێبەریدەکات.دەستی تۆش خۆش کاک ئاسۆ بۆ ئەو بابەتە بەپێزە

## Sharif Azizi

زۆر پیرۆزە مامۆستا، لەو بوارە دا حەقی خۆیەتی و بگرە، زۆر کەمیشە ئەو هەگبەیەکی پەری لە زانینوو زمان و ئەدەبی کوردی پی یە کە بەداخەوە دەرفەت و مەجالی تەواوی بۆ نەرەخساوا تا بەتوانی بە بیت بە ریباز بۆ دواروژی رۆڵەکانی کورد لی فیربن وەک وانەی بنەرەتی زمانی کورد لە کتیبخانەو زانکۆی کوردیدا بەخویندرن: من گەرمترین پیرۆز بایی خۆم و بنەماڵەکەم لە و رێگەیەوە دەنێرمە خزمەت مامۆستاو بنەماڵەکەی؛ زۆر پیرۆز بێت.



سەرچاوە Serchawe

## Shoresh Shahbaz

کاتێکی نووسام مامۆستا سخن نگفت ئەویە دوکتۆر گیان، بەراستی مامۆستا جیگای فخروشانازییە بۆ هەموومان و هەزار هەزار جار پیرۆزە مامۆستای بەرێزم شایەنی لەو سەرتری.

## Paxshan Rahimy

تەمەن درێژ بێت مامۆستای شۆرشگێر جێگەی شانازیت بۆ هەمووان دەستی ئێوەی بەرێزیش خۆش بێت.

## Maroufi Raman

لەمێژە مامۆستا حەسەنزادە لە بیر و هزری خوێنەر دا خەڵاتی فەخری دوکتۆرای وەرگرتووە. ئەو کارە گەورەیەی زانکۆی کردی تەنیا لایەنی رەسمی ئەو راستیە بوو. دەستی و قەڵەمی تۆش خۆش بێ کە لە پاراوی و سادە وێژی دا، کوڕ ڕێچکەی بابی گرتووە. پیرۆزە لە مامۆستای ئەدەب و زمانی کوردی.

## Bekir Şiwanî

پیرۆزە لە مامۆستای خۆشەویستی هەموومان کە شایەنی ڕێز لێنانی زۆر لەوەیش گەورەترە. سوپاس بۆ زانکۆی کۆیە.

## Sirwan Hafidi

دکتۆر ئاسۆی خۆشەویست وێڕای پیرۆزبای گەرم لە مامۆستای بەرێزو گەورەمان. دەستی تۆش خۆشبێ کە وەک، وەفایک بۆ بابی گەورەمان ئەرکێکی بچوکت بەجی هێناوە جێگای، ڕێزی هیوادارم نەک. چەقۆی ..تیژ بەڵکوو قەڵەمت بە بڕشتو و بەرەکەتبێ خوا لەش ساغی بدا بە مامۆستا هەر دووکتان تەمەن درێژبن،



سەرچاوە
Serchawe

**Karimyan M Amin**

پیرۆزە لە بەڕێز مامۆستا و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.

**Muhammed Abdulla**

باوکت داهێنەرە کوردپەروەر و کوردستان پەروەر و کوردیزانێکی بێ وێنەیە سەرکردەوخەباتگێریکی پشوو درێژە ماندنەناسە دیموکراتێکی راستەقینەیە وازی لە سکرتێری حزب هێنا کە لە مێژوی خەباتی رزگاری خوازی کورد نە کراوە تەنها صلاح دین بەهادین چاوی لە مامۆستا کرد دوایی پەشیمان بووەوە دەستی سەد کەسی ماچکرد.

سلاو لە گەورەیی مامۆستا

سلاو لە خەباتی مامۆستا

پیرۆزە پیرۆزە

مامۆستا گیان

**Sarwar Abdullah**

لە کانی دڵمەوە پیرۆزبای لە مامۆستا ئازیز و خۆشەویستم کاکە عەبدوڵڵا دەکەم ریزی زۆر لە کۆشش و لە ماندوو بوون شەونەخونی دەکەم بۆئەو هەموو خزمەتە مەزنەی بە زمان و وەرگێڕان و شورشگێری لەپیناو نەتەوە کە دا بەخشیویەتی... دەستخۆشیش لە پێشنیارکاران و رێکخەران و ئامادەکاران و مامۆستایانی ئەم زانکۆیە دەکەم کە بەم کارە جوانەیان شانازیان بەهەردوولاوە بەخشی دوکتورای فەخری شایەنی مامۆستا عەبدوڵڵایە.. لەسەر ئاستی کەسیشدا قەت ئەو مرۆڤە مەزنە تێبینییە جوانەکانی لەیاد ناکەم لە کاتێکدا هاوسەفەرم بوو لە بۆنەیەکدا بۆ ئەمریکا و لە وێ چەندین سەرنجی لە گەوهەر بە نرختری پێشکەش کردین لەمەر موحازەرەیەک دەربارەی کێشەکانی رۆشنگەریی کوردی. دیسانەوە لە هەردوولا پیرۆز بێت.



سەرچاوە
Serchawe

**رەسول مووساپوور**

پیرۆزبایی دەکەم لەمامۆستای سەروەرمان و دەست خۆشی دەکەم لەسەرۆکایەتی زانکۆی کۆیەو بۆبەخشینی دکتۆرای فەخری بەمامۆستای نو وسەروسەرکردەو... دەست خۆشیدەکەم لەدکتۆرئاسۆی بەڕێزبەوهیوای تەمەندرێژی تەندروستی و ژیانێکی پڕ لەئاسودەیی بۆ مامۆستای سەروەرمان.

**Alla Anwer**

مامۆستای گەورەمان گەلێک مەزنە من پێموایە ئەو زمانەی دەبێ لە رووی هەڵبێ لە مامۆستا حەسەن زادە بدوێ . هێشتا لە توێ توێ هیچ ڤاموسێکیشا نایدۆزیەوە. مامۆستا هێند بە شیرینی زمانی ئافراندووە کە مرۆڤەکان لە خۆشیانی دێنە بوون و رۆحی خۆیانی تێدا دەبیننەوە.

**Namo Sherfy**

پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوای تەمەندرێژی و تەندروستی بۆ مامۆستای ئازیز دەخوازم .

**Diako Sheikh Aghaei**

پیروز بێت لە مامۆستاو هاو خەباتی دێرینەمان مامۆستا عەبدولا حەسەنزادە

**Wrya Monnet**

دکتۆرا تەنها بە سێ تاکو پێنج ساڵ دەکرێت، بەڵام ئەوەی مامۆستا عبدلله کردویەتی تەمەنێکی لەسەر داناوە بۆیە شایەنی زیاترە سوپاس بۆ پێزانینی وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆی کۆیە، زۆر ڕاستە" فەخریان بەخشیە دوکتورا".



سەرچاوە Serchawe

## Chnar Umar

دکتۆرا پرۆفیسۆر ڕابەر سەروەر نوسەر کوردپەروەر مامۆستا ئەو وشانە هەمووی بچوکن لەچاو گەورەیی بابت. زۆر دڵخۆشم بەو هەواڵە پیرۆزی بێت. یەزدان لەتەمەنم هەڵگرێت و بیخاتە سەر تەمەنی مامۆستا

## Eqbal Seferi

مامۆستا حەسەنزادە تەنیا مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی نەبوو بەڵکوو مامۆستای زۆر بورای دیکەش بوو و هەیە. ئەو مامۆستای دڵپاکی، بوێری، قسەخۆشی و رووخۆشیشە. زانایەکی بەمانا و بە کردەوە دێموکرات. تەمەنی درێژ و لەشی ساغ بێ. لێت پیرۆز بێ، مامۆستای هێژا.

## Ibrahim Khonuri

پیرۆزبایی لە مامۆستای بەڕێز دەکەم. ئەوە شانازییەکی گەورەیە بۆ حیزبی دێموکڕات بە تایبەتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی.

## Abdola Azizzade

پڕ بە دڵ پیرۆزبایتان پێ دەڵێم و هیوادارم ساغوو سلامەت و تەمەندرێژ بێت ، ماموستای بەرێز شایەنی زۆر لەوە باشتریشی هەیە

## Xidir Mirawai

دەست خۆش دوکتۆر ئاسۆی بەرێز جەنابی مامۆستا حەسەن زادە ئەوەندەی خزمەتی گەورەو پیرۆز بەزمان وئەدیب و فەرهەنگی کوردی کردوە ڕەنگەهەرچییەکی بۆی بکرێت هەرکەم بێت و وەڵامی ئەوخزمەتەزۆرەیان نەداتەوە،هیوادارم بەڕێزیان هەرساغ وسەلامەت بن وسایەیان هەربەسەرمانەوە بێت



سەرچاوە
Serchawe

## Ebrahim Hayrani

ڕێزم هەیە بۆ مامۆستا ڕەخنەکەم لە جەنابتە کە باسی مامۆستا دەکەی دەڵێی لە کاتی ئەودا هیچ انشعابێک رووی نەدا ،راستە ئەما ئەوەشت نووسیبا کە بەرێز مامۆستاش لە حیزب جیا بۆوە بۆ هۆکاری ئەوەی کە ئێستاش دووبەرەکی و دوژمنایەتی و رق لە یک بوون مان هەبێ بەرامبەر بە یک ،تەمەن درێژ بێ مامۆستا

## Mostefa Shalli

پیرۆزە ئەو ناودارانەی ناوت هینان بەبێ هیچ زانکۆیەک خاوەنی ئەو داهینانەن.

ئێمەی گەلی کوردیش ئەو شانازیەمان هەیە پیاوێک بەبێ خوێندنی ئەکادیمی خاوەنی پاراوترین زمانی کوردیە ئەویش مامۆستای خۆشەویستمان عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە.

پیرۆزە لە یادگارەکەی حیزبی دێمۆکڕات ، زیاتر لە شەست دەیەیە خەبات دەکات بۆ ئازادی میللەتەکەی .

## سوپاسنامەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە پاش وەرگرتنی دوکتوڕای فەخری

### عەبدوڵڵا حەسەن زادە

#### ئەو کاتەی مرۆڤ نازانێ چ بڵێ و چ بنووسێ

لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی مارسی ٢٠١٩ دا مامۆستایەکی بەڕێزی زانکۆی کۆیە ئاگاداری کردم کە ئەنجومەنی زانکۆ بڕیاری داوە دوکتۆرای شانازی (فەخری - ئیفتیخاری) بداتە تۆ. چونکە بەڕاستی و بێ خۆبەکەمگرتن پێم وابوو ئەم بەخشینە زۆر لە خزمەتەکانی من گەورەترە بەدڵەوە داوام کرد کە واز لەو بیرۆکەیە بێنن. بەڵام لە وەڵامدا پێیگوتم کە شتەکە لە بیرۆکە تێپەڕیوە و تەنانەت ڕەزامەندیی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستییشی بۆ وەرگیراوە. ئاکام، بە خۆشحاڵی و سوپاسەوە پێشوازیم لە بڕیارەکە کرد و ئەوە بوو کە ڕۆژی یەکشەممە ١٠ - ٣ - ٢٠١٩ بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی بەخشینی بڕوانامەکە دیاری کرا. هێشتا چەند ڕۆژێکی مابوو بگەینە ١٠ی ئادار کە ئاگادار کرام ئەنجومەنی ئاکادیمیای کوردییش لە مانگی ١١ی ٢٠١٨دا بڕیاریان داوە بە بەخشینی ئەندامەتیی شانازی (شەرەف) گەورەم بکەن و ساغ بوونەوە کە هەر ئەو ڕۆژە و لە هۆڵی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە بڕوانامەکەم پێ ببەخشن.

حەز دەکەم وەبیر بێنمەوە کە ئەمە سێیەمین جار بوو ئەکادیمیای کوردی منی بەسەر دەکردەوە: لە سەردەمی سەرۆکایەتیی بەڕێز دوکتۆر شەفیق قەزازدا بە بەخشینی ئەندامەتیی پشتیوان (مؤازر) گەورەی کردم و لە دەورانی سەرۆکایەتیی بەڕێز دوکتۆر نووری تاڵەبانیدا بەبۆنەی ٧٥ساڵەی لەدایکبوونم لەوحی ڕێزلێنانی پێبەخشیم و ئێستاش کە بەڕێز دوکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی سەرۆکایەتیی ئەکادیمیای کوردیی لەئەستۆیە بە دانی ئەندامەتیی شەرەف منەتباری دەکردم.

ڕۆژی ١٠ - ٣ - ٢٠١٩ سەعات ١٠ی بەیانی بە ئامادەبوونی بەڕێز دوکتۆر وەلی مەحموود سەرۆکی زانکۆ و ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆ لەلایەک و بەڕێز دوکتۆر عەبدولفەتاح سەرۆک و سێ بەڕێزی دیکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی لەلایەکی دیکە و بە بەشداریی دەیان کەس لە گەورەئەدیبان و نوێنەرانی بەشێک لە حیزبە سیاسییەکان و کەسایەتییە ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و سکرتێر و چەندکەس لە ئەندامانی ڕێبەری و ژمارەیەکی زۆر لە کادر



سەرچاوە Serchawe

و ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و خەڵکی شارەکانی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە هۆڵی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە پێکهات.

لەو ڕێوڕەسمەدا مامۆستای زانا و ئەدیب دوکتۆر عوسمان دەشتی کە یەکێک لە ئەندامە بەڕێزەکانی لیژنەی ئامادەکردنی ئەو ڕێوڕەسمە بوو، بۆخۆی بەڕێوەبردنی بەرنامەکەی وەئەستۆ گرت و بە خوێندنەوەی هێندێ دەقی جوانی ئەدەبی لە نووسینی خۆی و هێندێ شێعری گەورەشاعیرانی کورد لە نێوئاخنی بەرنامەکاندا چێژێکی تایبەتیی بە ڕێوڕەسمەکە بەخشی. ئەو وتە بەنرخانە کە لە زمانی بەڕێوەبەری بەرنامەوە، یان لە وتاری ڕێزدار دوکتۆر حەیدەر لەشکریدا لەلایەن زانکۆوە و بەڕێز دوکتۆر ڕێبوار سیوەیلیدا لەلایەن ئەکادیمیاوە دەرهەقی من گوتران هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم پتر لە خۆشحاڵی مایەی بەخۆداشکانەوەی من بوون.

سەرەنجام بەوپەڕی سوپاس و پێزانینەوە لەلایەن پرۆفیسۆر دوکتۆر وەلی مەحمووددەوە بڕوانامەی دوکتۆرای شانازی لە بواری وەرگێڕاندا و لەلایەن پرۆفیسۆر دوکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی‌یەوە بڕوانامەی ئەندامەتیی شانازیی ئەکادیمیای کوردیم پێ‌بەخشرا.

وەفا و پێزانین داوام لێدەکەن کە بڵێم لە کۆیەی مەڵبەندی هەڵکەوتنی زانایان و ئەدیبان و هونەرمەندان و...، کۆیەی بەهرەپەروەریش ئەمە سێیەم جار بوو کە خزمەتە فەقیرانەکانی من پاداش دەکران. پێشتر جارێک بە بەخشینی خەڵاتی سەید برایم و جارێک بە بەخشینی لەوحی ڕێزلێنان لەکتێبخانەی گشتی و لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەسەر کرابوومەوە.

بڵاوبوونەوەی خەبەری بەخشینی دوکتۆرای فەخری لەلایەن زانکۆی کۆیەوە بە من - کە هەر وەک لەوێدا گوتم لە پاداشی کارەکانی من زیاترە و ڕۆبی زانکۆ بەبەری من گوشادە- شەپۆلێک لە دەستخۆشی لە زانکۆ و پیرۆزبایی لە منی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان وەڕێ خست. بە سەدان کەس لە ئەدیبان و ئەدەبدۆستان و دۆستان و هاوڕێیانم بە تەلەفون، بە کورتەپەیام، بە ئیمەیل یان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە خۆشحاڵیی خۆیان لەو ڕووداوە دەربڕی و پیرۆزبایی یان لەمن کرد. ڕەنگە زیادم نەگوتبێ کە بڵێم ئەگەر هەموو نووسینەکانی سەروەران لەوبارەیەوە بخەینەوە سەر یەک، شتێکی زۆری لە سەرجەم ئەو بەرهەمانە کەم نابێ کە بە قەڵەمی من کراونە کوردی و ئێستا لەسەریان خەڵات دەکرێم.

لە ڕێوڕەسمی بەخشینی بڕوانامەی دوکتۆرای شانازی و ئەندامەتیی شانازیی ئەکادیمیادا بە زمانێک کە بەڕاستی بۆخۆم لێی

شەرمەندە بووم و شایانی ئەو كۆڕە نەبوو،سوپاس و پێزانینی خۆم پێشكێشی هەردوو دەزگای زانستی - زانكۆی كۆیە و ئەكادیمیای كوردی - كرد. ئێستاش كە دەمەوێ سوپاسی لوتف و گەورەیی ئەوانە بكەم كە بەڕێگای جۆربەجۆردا و بەو وشە و ڕستە بایەخدارانە پیرۆزبایی‌یان لێكردووم، قەڵەمم لە زمانم كۆڵەوارترە، بەتایبەتی كە نەمتوانیوە و ناتوانم وەڵامی یەكبەیەكیان بدەمەوە. كەوایە لێرەشدا وێڕای سوپاس و پێزانینم بەو سەرووەرانە دەڵێم "كەمی من و كەرەمی ئێوە" و ئەمن مەمنوون.

ئێزن دەخوازم بڵێم دەگەڵ ئەوپەڕی شانازیم بەو بڕوانامەیە و دەگەڵ ئەوەی بۆ منی سەوداسەری ڕێگای ڕزگاریی كوردستان هیچی لە بڕوانامەی زانكۆكانی كامبریج و هاروارد كەمتر نیە، ئەوەی زۆرتر منی خۆشحاڵ و سەربەرز كرد ئەو شەپۆلە پیرۆزبایی و میهرەبانی‌یە بوو. بەڵام ڕێگام بدەن دوو تێبینی دەرببڕم یەكەم ئەوە كە جێی خۆیەتی بەسەركردنەوەكەی ئەكادیمیای كوردییشمان لەبەرچاو بێ، دووەمیش ئەوە كە چەند كەسێك - بێگومان لەڕێی لوتفەوە - منیان بە دوكتۆر ناوبردبوو. ئەمن نەبوومە دوكتۆر، دوكتۆرا بەرهەمی دەوری بیست ساڵ دەرس‌خوێندن و دانیشتن لەبەر دەمی مامۆستایە. لەحاڵێكدا ئەمن دەقیقەیەک لە پای تەختەڕەشەی قوتابخانە ڕانەوەستاوم. وەرگرتنی ئەو بڕوانامەیە كە زۆریشی پێ سەربەرزم تەنیا بەمانای وەرگرتنی نمرەی قبووڵی لە سەر وەرگێڕانەكانمە و چیش لەوە خۆشتر؟ هیوادار و تكاكارم هیچ كەس ئەو عینوانە بۆ من بەكار نەهێنێ. جارێكی دیكە سوپاس بۆ زانكۆی كۆیە، ئەكادیمیای كوردی و هەموو ئەوانەی بە هەر ڕێگایەكدا بەسەریان كردمەوە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

**كوردستان – كۆیە**



سەرچاوە
Serchawe

# ئالبۆمی وێنەکان





















سەرچاوە
Serchawe

## بەخشینی بڕوانامەی دوکتۆرای شانازی بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە



















سەرچاوە
Serchawe

## بەخشینی بڕوانامەی دوکتۆرای شانازی بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە



















سەرچاوە
Serchawe

# بەخشینی بڕوانامەی دوکتۆرای شانازی بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

























سەرچاوە
Serchawe













**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧١٩ی کوردی - مای ٢٠١٩ی زایینی**



سەرچاوە Serchawe




**شەش دەیە خەبات بەبێ سرەوتن**
**ئێستاش وەک لاوێ بەکوڕو تینی**
**عومری نووح نالێم هەر هێندەم دەوێ**
**ڕزگاری گەل و خاکت ببینی**

**رەسووڵ سوڵتانی**